# سەردەمی تەنزیمات

١٨٣٩– ١٨٧٨



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پۆل دۆمۆن

# سەردەمی تەنزیمات

١٨٣٩– ١٨٧٨

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە:

نەجاتی عەبدوڵڵا



ناوی کتێب: سەردەمی تەنزیمات "١٨٣٩– ١٨٧٨"
نووسینی: پۆل دۆمۆن
وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٣٧
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٤١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئیمپراتۆریای عوسمانی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ئەگەر ساڵی ١٢٩٩ وەکو سەرەتای دروستبوونی ئەم ئیپمیراتۆریایە حسێب بکەین ئەوا تا ساڵی ١٩٢٢ ڕێک ئیمپراتۆریای عوسمانی ٦٢٣ی ساڵی تەمەن بووە. لەم مێژووە دوورودرێژەدا بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی پازدەم و دواتر لە سەدەی شازدەم بەدواوە زۆرترین بەشی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە و بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی. پرسیارە بەجێیەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن دەبێ نەتەوەیەک ئەم هەموو مێژووە دوورودرێژەی لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانیدا هەبێ کەچی یەک تاقە کتێبی مێژوویشی لەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی نەبێ؟ ئێمە چۆن دەتوانین لە مێژووی کورد بگەین ئەگەر لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی نەگەین؟ ئەی چۆن دەتوانین لە ئێستەی تورکیا تێ بگەین و چۆن مامەڵەی دیبلۆماسی لەگەڵ تورکیا بکەین کە ئاگەمان لە هیچ پاشخانێکی ئەم وڵاتە نەبێ؟ ئەگەر بەشوێن زنجیرەی ئەم پرسیارانەدا بگەڕێین ڕەنگە بەسەدان پرسیاری ئاوامان بەرەو ڕوو ببێتەوە بێ ئەوەی یەک تاقە وەڵامیشیمان بۆیان هەبێ. بەهەرحاڵ ڕەنگە ئێستە زۆر درەنگ بێ بۆ ئەوەی گلەیی بکەین و ئەوەندە بەدواکەوتووین کە هەر کاتی گلەییشیمان نەبێ، بۆیە تاقە ڕێگە لەبەردەممان ئەوەیە هەرچی زووترە لە ناو کتێبخانەی کوردیدا دەرگەیەکی زانستی بەسەر لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی عوسمانیدا



بکەینەوە. باشترین کارێک کە بتوانین بیکەین ڕەنگە بەپلەی یەکەم هەر تەنیا وەرگێڕان بێ کە بتوانێ کەمێک قەرەبوومان بۆ بکاتەوە و پەنجەرەیەکمان بۆ ئاوەڵا بکا.


سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩– ١٨٧٨ یەکێکە لە قۆناغە هەرە گرینگەکانی مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئەوە هەر لەم قۆناغەدا بوو کە دواتر دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم "سوڵتانی سوور" کۆتایی بەهەموو ئەو پرۆسیسانەی ڕیفۆرم هێنا کە لە ماوەی نیو سەدەدا بۆ نوێکردنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی خرابوونە گەڕ. سوڵتان عەبدولحەمید توانی بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ پرۆسیسی تەنزیمات بوەستێنێ بەڵام دواتر لە هەناوی حوکمڕانی ئۆتۆکراتی سوڵتاندا "جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققی" و هەر لەویشەوە ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی تورک سەری هەڵدا کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تاوەکو ئەمڕۆ ئەم ناسیۆنالیزمە فۆرمێکی بەردەوام، بەڵام جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە. ناکرێ مرۆ لە ناسیۆنالیزمی تورک تێ بگات بەبێ ئەوەی لە سەردەمی تەنزیمات بگات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە باشە کورستان لە سەردەمی تەنزیماتدا چۆن بووە و کاریگەری ئەم هەموو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییانەی سەردەمی تەنزیمات لەگەڵ خۆیدا هێنای بەسەر کوردستاندا چ بووە؟ بەداخەوە بابەتێکی وەک کوردستان لە "سەردەمی تەنزیماتدا" پێویستی بەدەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و ماستەرنامە و کارنامەی دوکتۆرا هەیە، ئەم باسەی کە تا ئێستە کەس توخنی نەکەوتووە.

ئەم باسەی لێرەدا کردوومانە بەکوردی بەشێکە لە کتێبێکی

گەورەی مێژوویی بەناوی "مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی" لە لایەن کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس و عوسمانیناسی گەورەی ڕۆژئاوا نووسران و کتێبەکە نزیکەی ٨١٠ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە. ئێمە لەم کتێبەدا تەنیا بەشی "سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩– ١٨٧٩"مان هەڵبژارد کە لە لایەن پرۆفیسۆر پۆل دۆمۆن نووسراوە و بەو هیوایەی کە بتوانین لە دوارۆژێکی نزیکدا تەواوی کتێبەکە بکەینە دیاری دەستمان بۆ کتێبخانەی کوردی.


نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس– ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨




بەرگی کتێبی مێژووی ئیمپراتۆریای
عوسمانی بەفەرەنسی- ١٩٨٩





CHAPITRE XII

La période des *Tanzîmât*
(1839-1878)
par Paul Dumont

Promulgué le 3 novembre 1839, quelques mois après l'accession au trône de 'Abdül-Medjid Ier, le rescrit impérial de Gülkhâne marque un tournant majeur dans l'histoire de l'Empire ottoman. Il constitue le point de départ d'un vaste programme de réformes qui, en l'espace de quelques décennies, bouleverseront le paysage institutionnel, économique et social du pays. Selim III et Mahmûd II avaient entrouvert la voie. Le nouveau souverain et ses successeurs, 'Abdül-'Azîz (1861-1876), Murâd V (1876), 'Abdül-Hamîd II (1876-1909), s'y engouffrent avec audace.

Connu sous le nom de *Tanzîmât* (pluriel du substantif arabe *tanzîm*, mise en ordre, réorganisation), ce mouvement de réforme, dont le point culminant sera la promulgation, en 1876, de la première Constitution ottomane, tente de répondre à une question que les sultans et les hommes de leur entourage se posent depuis fort longtemps : « Comment sauver l'empire ? » La solution proposée tient en quelques maîtres mots : centralisation administrative, modernisation de l'appareil étatique, occidentalisation de la société, sécularisation — avec bien des restrictions — du droit et de l'enseignement. Les yeux fixés sur l'Europe, l'Etat ottoman cherche son salut dans le décalquage des modèles que celle-ci offre en pâture. Les résultats apparaissent spectaculaires : à l'aube du règne de 'Abdül-Hamîd II, ils seront légion, les romantiques attardés qui, à l'instar d'un Pierre Loti, pleureront la disparition de l'ancienne Turquie, victime d'une modernité omniprésente et tentaculaire.

Les *Tanzîmât* ne parviendront pas pour autant à mettre un terme à la désagrégation de l'empire. Soumis aux convoitises des grandes puissances, miné par l'émergence des nationalismes, balayé par le vent des dissidences et des insurrections, celui-ci va de crise en crise, se laissant ballotter dans les remous de la question d'Orient. Le conflit avec l'Egypte dont 'Abdül-Medjid a hérité n'est que le premier d'une longue série d'embrasements — au Liban, en Crète, dans les Balkans et ailleurs —

لاپەڕەی یەکەمی سەردەمی تەنزیمات
١٨٣٩ -١٨٧٨

## سەردەمی تەنزیمات

١٨٣٩ –١٨٧٨

مەرسومی سوڵتانیی گولخانە کە، لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٣٩ هەر دوای چەند مانگێک لە گەیشتنی عەبدولمەجیدی یەکەم بۆ عەرش بڵاو کرایەوە، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. ئەم مەرسوومە نوختە خاڵی دەستپێکردنی چەند بەرنامەیەکی فراوانی چاکسازی بوو کە لە ماوەی چەندین دە ساڵێکدا، بوو بەهۆی گۆڕینی سیمای دامەزراوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات. سەلیمی سێیەم و مەحموودی دووەم ڕێگەکەیان بڕی، هەرچی سوڵتانی نوێ و جێگرەوەکانی بوون: عەبدولعەزیز ١٨٦١– ١٨٧٦ و مورادی پێنجەم ١٨٧٦ و عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦–١٩٠٩ ئازایانە چوونە ناویەوە.

بەم شێوەیە ئەم بزووتنەوەیە چاکسازییەی کە بەناوی تەنزیماتەوە ناسراوە «لە کۆی ناوی عەرەبی "تنظیم"، وەگەڕخستنەوە، دووبارە ڕێکخستنەوە هاتووە» لەگەڵ دەرچوونی یەکەمین دەستووری عوسمانی ساڵی ١٨٧٦ دەگاتە ئەوپەڕەکەی، هەوڵ دەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو سوڵتان و داروودەستەکەی دەیانکرد: چۆن دەکرێ ئیمپراتۆریا ڕزگار بکرێ؟. چارەسەری پێشنیازکراو لەم چەند وشە سەرەکییانە کۆ دەبووەوە: بەناوەندیکردنی ئیداری، نۆژەنکردنەوەی داوودەزگای دەوڵەتی، بەڕۆژئاواییکردنی کۆمەڵ،



سکولاریزەکردنی – تا سنوورێکی بەرفراوان– یاسا و پەروەردە. دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆڕزگارکردن چاوی بڕیبووە ئەوروپا لە قۆستنەوەی ئەو نموونانەی کە ئەوروپا وەکو مۆدیلێکی ڕووناکبیری دەیخستنە ڕوو. ئەنجامەکان سەرسووڕهێنەر دەهاتنە بەرچاو، لەگەڵ دەستپێکی دەورانی عەبدولحەمیدی دووەم، ڕۆمانتیکییە دواکەوتووەکان کە لەسەر شێوەی پیەر لۆتی بۆ لەناوچوونی تورکیای کۆن وەک قوربانیی مۆدێرنیتێیەکی هەمیشە ئامادە و هەڵماشیو دەگریان، بوون بەئاپۆڕەیەکی زۆر و زەوەندە.

تەنزیمات نەیتوانی ڕادەیەکی وا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریا دابنێ. ئیمپراتۆریا لە بەردەم چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان بوو و وەدیارکەوتنی جووڵانەوە نەتەوەیییەکان و دووبەرەکی و شۆڕش دایان گرتبوو و لە تەنگژەیەکەوە بۆ تەنگژەیەکی دیکەیان دەبرد تا شەپۆڵەکان توڕیان هەڵدەدایە ناو گێژاوەکانی مەسەلەی ڕۆژهەڵات. کێشە لەگەڵ میسر کە عەبدولمەجید بەمیرات بۆی مابووەوە تەنیا پڕیشکی یەکەمی ئەو زنجیرە ئاگرە دووروودرێژە بوو – کە لە لوبنان، لە کرێت و لە بالقان و شوێنەکانی دیکە هەڵگیرسابوو – و بەردەوام دەوڵەتی بێ هێز دەکرد کە هەر زوو ناوی "پیاوە نەخۆشەکە"یان بەبەردا بڕی. ئەمە واتەی ئەوەیە کە سەردەمی تەنزیمات نەک هەر تەنیا وەک سەردەمێکی نوێ بەدیار دەکەوێ بگرە هەروا سەردەمی لێکداپچڕانە گەورەکانیش بوو.

## ڕیفۆرمخوازەکان

زۆربەی جار تەنزیمات وا وێنا دەکرێ وەک ئەوەی شۆڕشێک بێ لە سەرەوەڕا. هیچ گومان لەوەدا نییە کە زاراوەی شۆڕش مایەی گفتوگۆ

لەسەرکردنە ئەگەر ئێمە ئامادەبین واتایەکی تەواو بەرفراوانی پێببەخشین. بەڵام لە بەرامبەردا، ئەوەی مایەی گفتوگۆ لەسەرکردن نییە ئەوەیە کە ڕیفۆرمەکان بەدەستپێشخەری گرووپێک پیاوی زۆر دیاریکراو بەڕێوەچوون. بەڵام گوشارەکانی هێزەگەورە " شارەستانیخوازەکان" و هەڵچوونەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی بۆ خۆی ڕۆڵیان هەبوو لەو ئاراستەیەی کە تورکیا دوای ساڵی ١٨٣٩ گرتییە بەر و ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر کردەی کۆشک و کردەی بابیعالیش نەبووایە لەوانەبوو کارەکان بەشێوەیەکی دیکە یان هەر هیچ نەبوایە لەسەر ڕیتمێکی دیکەی جیاواز بشکابوونایەوە.

## سوڵتان و پاشایەکان

ئەو ڕۆڵەی کە سوڵتانەکان لە جووڵاندنی پرۆسێسی ڕیفۆرمدا گێڕایان شایانی ئەوەیە بەتایبەتی ئیشارەی پێ بدرێ. نە عەبدولمەجید و نە جێگرەوەکانی سوڵتان ڕووکەش نەبوون کە هەر تەنیا بەوەندە دەستبەردار بن مۆر بەسەر ئەو بڕیارانەوە بنێن کە لە نووسینگەکانی سەرەک وەزیران "سەدری ئەعزەم"ەوە دەردەچوون. سوڵتانەکان لەسەر شێوەی پاشا ڕۆژئاواییە ڕیفۆرمخوازەکان – لەوانە پەترۆسی گەورە وەکو نموونەیەکی لە هەموان زیاتر جێگەی چاوتێبڕین – لە کاری حکوومەتییدا بەشدار دەبوون و پشتگیرییان لێ دەکرد و لە حاڵەتی پێویستیشدا ڕێبەرایەتیشیان دەکرد. ڕاستە پاشای سەردەمی تەنزیمات هێشتا زۆر بەوانە دەچوون کە پێشتر هاتبوونە سەر عەرشی عوسمانی. سوڵتانی عوسمانی بەشداری لە میهرەجانی سەلاملک selâmlïk دەکرد، وابەستەی پرۆتۆکۆلەکانی تەشریفاتی دەربار دەبوو و لە گەڕانەکانی بەناو پایتەختدا خەڵکی



سەراسیمە دەکرد و پێشوازی لە بالوێزەکان دەکرد... بەڵام بەو جلوبەرگەی کە تا ڕادەیەکی زۆر لە جلوبەرگی ئەوروپایی وەرگیرابوو، سوڵتان لە شێوازی ژیان و تەسەوری بۆ ڕۆڵی خۆی وەک سەرۆکی دەوڵەت، هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر بەرجەستەی ڕۆحی سەردەمییانەی دەکرد. ئەم ڕۆحیەتە لە مۆدێرنیتە و واقیعەت و کرانەوە بەڕووی بیری پێشکەوتنخوازانە خۆی دەنواند. سوڵتانی نوێ چەشنە ژیانێکی وەک ژیانی پاشایەکانی ئەوروپا دەژیا، کامپ و قوتابخانەی دەکردەوە و حەزی دەکرد خۆی لە ناو ئەو کارە هونەریانە ببینێتەوە کە لە پاریس و ڤیەنناوە دەهاتن، بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرد، گوێی لە ڕاوێژکارەکان دەگرت و بەشێوەیەک خۆی نیشانی خەڵک دەدا و سینگی بەمیدالیای ڕۆژئاوایی دەڕازاندەوە. عەبدولعەزیز بەوە دەناسرێتەوە کە ساڵی ١٨٦٧ سەفەرێکی بەناو ئەوروپادا کرد و ئەمە ڕووداوێکی بێ پێشینە بوو لە مێژووی ئیمپراتۆریادا.

میراتگرەوەکانی مەحموودی دووەم هەر لە منداڵییانەوە فێری هونەری نوێی حوکمڕانی کرابوون. عەبدولمەجیدی یەکەم لە کاتی گەیشتنی بۆ عەرش لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو، شارەزاییەکی شیاوی لە زمانی فەرەنسییدا هەبوو و بەوە دەناسرایەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پەروەردەیەکی چاکی هەبوو و بایەخێکی وەکو یەکی بەهونەر و زانستەکان دەدا. هەرچی عەبدولعەزیزی براکەی بوو کە، ساڵی ١٨٦١ شوێنی گرتەوە زیاتر سەروسەودایەکی گوندیانەی هەبوو و حەزی بەوەرزش و ڕاو و شکار دەکرد و بایەخی بەئاژەڵداری دەدا. بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێنەگرت کە هێشتا لە برا گەورەکەی زیاتر بەحەماستر بێ بۆ ئەوروپاگەرایی و چالاکانە بۆ ئەنجامدانی تەواوکردنی ڕیفۆرمەکان کار بکا.

لەوانەیە مورادی پێنجەم کە، دەورانی حوکرانییەکەی تەنیا لە چەند مانگێک زیاتر نەبوو (حوزەیران – ئابی ١٨٧٦) لە هەمووان زیاتر شایستەتر بووبێ بۆ گێڕانی ڕۆڵی پاشای ڕیفۆرمخواز. کوڕە گەورەکەی عەبدولمەجید وەکو باوکی پەروەردەیەکی هەمەچەشنەی درا بوو کە لەوانە لە ناو بەرنامەکانی پەروەردەکردنیدا دەرسەکانی زمانی فەرەنسی و مۆسیقای ڕۆژئاوایی خوێندبوو. وەختایەک گەیشتە تەمەنی پێگەیین، دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو بەشداری لە سەفەرەکانی عەبدولعەزیز بکا و نەخوازەش ئەو گەشتە لە بیرنەکراوەی کە سوڵتانی عوسمانی بۆ پاریس و لەندەن کردی و بەناو ئەوروپادا سووڕانەوە. مورادی پێنجەم گەلێک زوو ئەوەی بۆ هەڵکەوت تا سوود لە ڕاوێژ و بیر و ڕای برێک لە هاوڕێ – ڕووناکبیر، پیاوی کاروبار، ئەفسەر و فەرمانکارە بەرزەکان وەربگرێ و لە ساڵی ١٨٧٢ گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە داوا بکا بچێتە ناو کۆمەڵەی سەیر و سەمەرەی فەرمانسۆری. بۆ پەیبردن بەو ڕاز و نهێنییانە مەحفەلێکی سەر بەمەحفەلی ڕۆژهەلاتیی گەورەی فەرەنسی هەڵبژارد کە ئەمە ڕووداوێکی تەواو مانابەخش بوو: گرەو لەسەر فەرمانسۆری فەرنسیی لەو دەرو دەورانەدا، هەڵبژاردنی عەقڵگەرایی، ڕۆحی ڤۆلتێری، بیروباوەڕی شۆڕشی گەورەی فرانسا بوو.، هەروەها ئەمە مەترسی ئەوەی لێ دەکرا کە قولایی جیهانی ئیسلامیی دۆش داماو بکا.

تەنیا عەبدولحەمیدی دووەم، برا و جێگرەوەی مورادی پێنجەم وا پێ دەچوو لەم ڕیزبەندییەی پاشا مۆدێرنانە ڕیزپەر بێ. وەچەی دواتر ئیمازی ملهوڕێکی خوێنکار، دەورەدراو بەپۆلیس و خەفیەیان پێ بەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا کە "سوڵتانی سوور" سەر بەهەمان ڕێگەی



پێشینەکانی خۆی بوو. منداڵێەکی قوتابخانەخواز و گەنجێکی پڕ لە گفتوگۆی دوورودرێژ لەگەڵ هەمەچشنە دەست و پێوەندەکاندا وایان لێ کرد ببێتە شازادەیەک کە گوێ لە خەڵک بگرێ و درک بەکێشە هەمەچشنەکان بکا کە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو ڕووی بووبووەوە. وەختایەک لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ١٨٧٦ شوێنی سوڵتان مورادی گرتەوە یەکێک لەو لایەنگیرانەبوو کە لە هەموو ئەوانەی کە گەیشتبوونە دەسەڵات زیاتر بەحەماستر بوو بۆ مۆدێرنیزەکردن. بەلام هەر زۆر زوو پشتی لە لیبرالیزمی سیاسیی کرد بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست بەرەو شێوازی حوکمڕانییەکی ئۆتۆکراتی بڕوات کە هیچ لە شتەکانی نەگۆڕی: ئەوە لە سەردەمی ئەودا بوو کە _لە لایەکی دیکەوە بەچەندین خەوش دەناسرێتەوە– سەردەمی تەنزیمات گەیشتە ئەوپەڕەکەی.

ئەگەر میراتگرەوەکانی مەحمموودی دووەم بیانزانیبووایە چاکسازییەکان بخەنە ئەستۆی خۆیان ئەوا کۆشکیان دەکرد بەکوانۆی هەرە ڕۆشنی مۆدێنیزەکردن. بەهەر حاڵ شایستە ئەوەیە کە دان بەوەدا بنرێ کە تەکانی یەکەم زۆربەی جار لە بیرۆ وەزارییەکانی بابی عالییەوە دەهاتن. لە کاتێکدا کە سوڵتانەکان بەحەماسەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینی وەکو ڕووکاری تەنزیمات دەبینین کە، وەزارەتەکان پرۆژەکانیان ئامادە دەکرد بەپێکەوەنانی کۆمسیۆنەکان و نووسینەوەی یاسایەکان. ئەو وەزیرانەی کە هەموو ئەم چالاکیانانەیان ڕیبەری دەرکرد لە بەکارهێنانی نوێگەرییەکاندا شوێنێکیان دەگرت کە بەلای کەمییەوە بەقەد ئەو مەکانەیە گرینگ بوو کە تایبەتی ئەو سوڵتانانە بوون کە خزمەتیان دەکردن.

له ناو دامەزرێنە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕیفۆرم، دەبێ یەکەم جار ئیشارە بۆ موستەفا ڕەشید پاشا "١٨٠٠–١٨٥٨" ئیلهامبەخشی مەرسوومی سوڵتانیی گولخانە بکەین. ئەم پیاوە سەرەکییەی دەورانی نوێ کە بە"باوکی" تەنزیمات دادەنرێ لەسەر هەمان ئەو ڕێگەیە ڕۆیشت کە زۆر لە پیاوانی دیکەی دەوڵەت لەو سەردەمەدا لەسەری ڕۆیشتن. بەو پێیەی سەر بەبنەماڵەیەکی زۆر سادە و خاکی بوو – باوکی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی وەقفە خەیرییەکانی سوڵتان بایەزیدی دووەم بوو – سەرەتا چووە ناو کایەی خوێندنی زانستی ئاینی "تیۆلۆگی" و دواتر بەکۆمەگی یەکێک لە مامەکانی، سەید عەلی پاشا، کاری سکرتێری لە بابیعالی پێ سپێردرا. لەو ساتەوە هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نەمایەوە جگە لەوەی کە یەک لە دوای یەک چەندین پایەی هەمەچەشنە ببڕێ کە ڕێگەی بۆ خۆش بکەن تا بگاتە بەرزترین وەزیفەی دەوڵەت. ساڵی ١٨٣٢ دەبێتە سکرتێری یەکەمی ئامەدی، خزمەتێک کە ئەرکی بەرپرسیارەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەخۆیی و دەرەکی ئیمپراتۆریای پێ سپێردرابوو. دوو ساڵ دواتر، وەکو باڵیۆز ڕەوانەی پاریس دەکرێ کە ئەمە بوو بەهەنگاوی یەکەمی بۆ کاری دیبلۆماسی، کە ڕووداوی لە هەموان دیارتر مانەوەی بوو لە لەندەن. ساڵی ١٨٣٧ کرا بەوەزیری کاروباری هەندەران. دەبوو دوو ساڵ چاوەڕوانی بکا تا ساڵی ١٨٤٦ بۆ ئەوەی بگاتە پایەی سەدری ئەعزەم. بەڵام لەو دەمانەوە بەو پێیەی یەکێک لە گەورە کەسایەتییە بەرچاوەکانی بابیعالی بوو، بەڕوویێکی زۆر تایبەتی کۆششی بوو بۆ وەدیهێنانی چاکسازی لە هەموان جەسوورانەتر. کاغەزە سەرەکییەکانی یاریکردنەکانی بڕێتبیوون لە: دەستڕۆیشتوویی لە





زمانی فەرەنسی و شارەزایی چاکی لە کاروباری ئەورووپییەکاندا. لە ماوەی ساڵانی خزمەتکردنی وەکو باڵیۆز ئاگەی لەو دوایین بیر و باوەڕانە بوو کە جێ بایەخی لاوەکان بوو و ئەمەشیان بەشێوەیەکی پارچەیی لە ڕێگەی فەرمانسۆرییەوە دەبێ کە لە دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا دەبێتە یەکێک لە لایەنگیرە موتەحەمیسەکانی. جاڕدانی مەرسوومی سوڵتانیی گولخانە لە دەستپێکی دەورانی عەبدولمەجید، وایان لێ کرد ببێتە کەسایەتییەکی بەرچاوی تەنزیمات. هەرچی کاروانی وەزیفەکەی بوو لەگەڵ ئەمەشدا کەمتر دابەز و هەڵبەزتر نەبوو کە بەگوێرەی ڕەوشی سیاسیی و هەڵبەز و دابەزی میزاجی لەناکاوی سوڵتان و دەسیسەکان ئەوبەر و ئەوبەری دەکرد. لە کاتی مردنی ساڵی ١٨٥٨ بەشوێن خۆیەوە پێنج جار گەیشتن بۆ سەدری ئەعزەم، چەندین نێردە بۆ دەرەوە و دوو ناونان بۆ چەند ماوەی تاڕادەیەک دوورودرێژ، بەسەرۆکایەتی وەزارەتی کاروباری هەندەران جێ هێشت.

هەرچی پێشقەرەوڵەکانی دیکەی تەنزیمات بوون – محەمەد ئەمین عەلی پاشا ١٨١٥–١٨٧١، محەمەد فوئاد پاشا ١٨١٥–١٨٦٩، مەدحەت پاشا ١٨٢٢–١٨٨٤ – بەسەرهاتی هەر یەکێکیان چەند لێکچوونی زۆری لەگەڵ بەسەرهاتی موستەفا ڕەشیددا هەیە: گەنجێک تەرخانی خوێندنی ئاینی، قۆناغی ئامادەسازی لە پایە بچووکە بیرۆکراتییەکانی عوسمانی. مانەوە یان چەندین مانەوە لە ئەورووپا، چەندین فەرمانی ئیداری هەمەچەشنە و دواجار چوونە ناو بواری سەرکردایەتی کە لە زۆربەی جاردا لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری هەندەران و لە هەموو حاڵەتەکانیشدا سەرکەوتن لە ڕێگەی کرانەوە بەسەر ڕۆژئاوادا مەیسەر دەبێ بەڵام خوێندنە کلاسیکییەکان – کە

لێرەدا خۆی لەو خوێندنەوە دەبینێتەوە کە لە قوتابخانە ئاینییەکان دەخوێنرێن – وا پێ دەچێ ئەوانیش بەشدارییان کردبێ لە سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازەکاندا. ئەم پیاوانە هەتا ئەگەر چاویشیان لەسەر ئەوروپا بووبێ، بەڵام هەر قەرزاری ئەو ڕەگە سەقامگیرەن کە لە کولتووری کۆنیاندا هەیە بەو پێیەی کە وەکو خانەخوێی سەرەکییان وابوو– ڕێزگرتن لە بەها تەقلیدییەکان– هەتا ئەگەر هەر تەنیا بۆ ڕووکاری دەرەکیش بووبێ.

دوای موستەفا ڕەشید، لەوانەیە محەمەد ئەمین عەلی پاشا، ئەویان چالاکترین ڕۆڵی بینیبێ لە پراکتیزەکردنی چاکسازییەکاندا. بەهەرحاڵ، ئەویان بۆ ماوەیەکی درێژ سەرەداوی کاروبارەکانی لە بن دەستدا بوو. کوڕی دوکاندارێکی ئەستەمبوڵی، زۆر بەخێرایی هاتە پێشەوە. وەختایەک هاتە ناو خزمەتی بابیعالی هێشتا تەمەنی لە خوار بیست ساڵییەوە بوو و هەر تەنیا دە ساڵێکی لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی بیکەنە باڵیۆز لە لەندەن (١٨٤١) و ئەمەش بەهۆی مەیلی بەلای زمانە بێگانەکانەوە. لەم مێژووە بەدواوە کاروانی عەمەلی لەگەڵ کاروانی عەمەلی موستەفا ڕەشید بەریەک دەکەوتن چ لەو کاتانەی کە شوێنی ئەمەی دوایی دەگرتەوە لە پایەی وەزیری کاروباری هەندەران یان لەو کاتانەی کە لە پایەی سەدری ئەعزەم شوێنی دەگرتەوە، ئەو پایەی کە بەچەند دابڕانێک لە ساڵی ١٨٥٢ەوە تا مردنی لە ساڵی ١٨٧١ لە بن دەستیا بوو. ناوی موستەفا ڕەشید بەجارڕدانی مەرسوومی گولخانەوە بەستراوەتەوە، هەرچی عەلی پاشا بوو نەخشەداڕێژەری مەرسوومێکی وەک مەرسوومی گولخانەیە لە گرینگیدا، ئەویش خەتی هومایۆنی "مەرسوومی سوڵتانی"یە کە ساڵی



١٨٥٦ دەرچوو و بریتییە لە بەرنامەیەکی نوێ بۆ چاکسازییەکان کە سوڵتان عەبدولمەجید دوای کۆتاییی جەنگی قرم دەری کرد. هەروەها دەبێتە یەکێک لە دینەمۆ سەرەکییەکانی ئەنجوومەنی باڵای چاکسازی (مجلس عالی تنزیمات) کە ساڵی ١٨٥٤ بۆ سەرپەرشتیکردنی هەنگاوە هەڵگرتنە نووژەنکردنەوەییەکان و پەرەپێشخستنیان دامەزرا.

محەمەد فوئاد پاشا، هاوسەردەمی عەلی پاشا و یەکێک لە نزیکترین یاریدەدەرەکانی وەزیفەیەکی کەم هێواشتر لەوەی هاوپشتیوان و هاوڕێکەی هەبوو، بەڵام ئەویش وەزیفەیەکی پرشنگداری هەبوو. سەر بەخێزانێکی ئاینی بوو، دەستی کرد بەوەی بەرەو لای خوێندنی پزیشکەوانی بڕوا و دوای خوێندن لەم بوارە پێوەندی بەدەزگای پزیشکەوانی سوپا دەکات بەڵام هەر زۆر زوو شارەزایی لە زمانی فەرەنسی هەڵی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ کە ئاڕاستەی بوارەکەی بگۆڕێ. ڕووداوی بڕیاردەر لە ژیانیدا، چوونی بوو لە ساڵی ١٨٣٧ بۆ ناو ئەو کوانۆ ڕاستەقینەیەی پیاوانی دەوڵەت کە برێتیبوو لە بیرۆی تەرجومات "ترجمان اودسی" ی سەر بەبابیعالی کە مەحموودی دووەم بەماوەیەکی کەم پێش ئەو ماوەیە دروستی کردبوو. ساڵی ١٨٤٠ کرا بەتەرجوومان لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە لەندەن. ئەمە دەستپێکی کاروانێک بوو کە ڕێگەی بۆ خۆش کرد دوای دوازدە ساڵ بەپاڵپشتی لە لایەن عەلی پاشا بگاتە پایەی وەزیری کاروباری هەندەران. لەو ساتەوە دەبێتە بەشێکی جیانەبووەوە لەو گرۆ پیاوانەی کە دەسەڵاتی کاروباری ئیمپراتۆریا بەڕێوە دەبەن. چەندین جار دەبێتە سەدری ئەعزەم، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای چاکسازی –

که بۆ ماوەی چەند ساڵان سەرۆکایەتی ئەم ئەنجوومەنە دەکات– بەو پێیە تاوەکو مردنی لە ساڵی ١٨٦٩ ڕۆڵی منی دیکەی(*) عەلی پاشا دەبینێ کە لەگەڵ ئەودا پلە و پایەیان دەگۆڕییەوە. لەهەر کارەستاێکی لابردنیدا شوێنی دەگرتەوە بەڵام بەخۆڕاگرییەوە هەمان ڕێچکەی سیاسەتی چاکسازی دامەزراوەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتە بەر.

دوایەمین گەورە ڕیفۆرمخوازی سەردەم، مەدحەت پاشا بوو کە، تاقانە بوو لەوەی لە ماوەی بەرپرسیارییەکاندا تا ڕادەیەک ڕێچکەیەکی کەمێک جیاوازی لەوانەی پێش خۆی گرتەبەر. ڕاستە دەبینین کە لە بیۆگرافیەکەیدا هیچ شتێکی نا ئاسایی تێدا نییە: منداڵیی لە ناو قوتابخانە ئاینییەکان بەسەر دەبات، گەنجێک بەوە دەناسرێتەوە وەزیفەیەکی چکۆڵە لە سەدارەتی عوزما وەردەگرێ. سەرەتای وەزیفە عەمەلییەکەی بەوە دەناسرێتەوە کە گەشتێکی چەند مانگە بەناو ئەوروپادا دەکات. بەڵام لە کاتێکدا کە موستەفا ڕەشید و عەلی و ئوئاد پێوەندیان بەڕێچکەی دیبلۆماسییەوە کردووە، دەبینین مەدحەت پاشا بەو پێیەی لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکان بەناوبانگ دەبێ دەگاتە پەیژەکانی دەسەڵات. دوای ئەوەی چەندین پۆستی لاوەکی هەمەچشنە وەردەگرێ ساڵی ١٨٦١ دەکرێ بەوالی لە هەرێمی نیش. سێ ساڵ دوای ئەوە دانپیانان بوو: بەڕێوەبردنی هەرێمی دانوب – کە لە ڕووی پراتیکەوە هەموو بولگاریای ئێستە دەگرێتەوە – پێدەبەخشن لەگەڵ ئازادی ئەوەی کە هەموو چاکسازییەکان جێبەجێ بکا کە پێی وابێ پێویستن. لێرە و لە بەغدا کە ساڵی ١٨٦٩ دەیگوازنەوە ئەوێ،

(*) Alter Ego: منی دیکە: انا الاخر.



دەتوانێ بەهرەی ناوازەی خۆی وەکو بەڕێوەبەرێک بسەلمێنێ و وەکو یەکێک لە نوماینده هەرە چالاکەکانی بەناوەندیکردنی عوسمانی بەدیار دەکەوێ. لەو ساتەوە تەشریف و ڕێزلێنان بەشێوەیەکی خێرا وەردەگرێ. ساڵی ١٨٧٢، سوڵتان عەبدولعەزیز بۆ ماوەی چەند مانگێک دەیکات بەسەرۆکی حکوومەتی عوسمانی. ئەوە تەنیا لە ساڵی ١٨٧٦دا بوو دەبێتە سەدری ئەعزەمی عەبدولحەمیدی دووەم، دەگاتە ئەوەی ئەو ئامانجە مەیسەر بکا کە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیاریکراوی دیکەدا هاوبەشیان تێدا کرد ئەویش: جاڕدانی دەستوورنامەیەک (مەشرووتە) بوو.

لەگەڵ مەدحەت پاشا، وێنەی نموونەیی ڕیفۆرمخوازە عوسمانییەکان بێ گومان ڕەهەندێکی نوێ وەردەگرێ: جێ پێ قایمکردن لە ناو ئەوەی کە پێی دەڵێن ئیمپراتۆریای پان و پۆڕ، کردەی موستەفا ڕەشید پاشا و کارسازانی دیکەی تەنزیمات لەو دڵبەستەگییە دابوو کە، لە بەرامبەر شارستانیی ئەوروپی درکیان پێ کردبوو. بۆ ئەوان چاکسازی واتای ئەوەبوو کە ئەو راچێتانە لە ڕۆژئاواوە بهێنن کە سەرکەوتنیان سەلمێنراوە. بۆ باوکی دەستووری ١٨٧٦ واتەی خۆبەستەنەوەش بوو بەگوێڕاگرتن لە دەنگی ویلایەتەکان. ڕاستییەکەی نە موستەفا پاشا و نە عەلی پاشا و نە فوئاد پاشا لەوە بێ ئاگە نەبوون کە مانەوەی ئیمپراتۆریا بەندە بەلە بەرچاوگرتنی کێشە ناوچەییەکان. هەریەکەیان بەپشتبەستن بەچالاکیی خۆی ژمارەیەک هەنگاویان ناوە بۆ نووژەنکردنەوەی جیهانی هەرێمەکان. بەڵام مەدحەت پاشا یەکەمی ئەو گەورە ڕیفۆرمخوازانەیە ئەم جیهانە دەکات بەتاقیگەی تایبەتیی تەنزیمات.

## ئەدیب و ئیدیۆلۆگەکان

ئەگەر دەستپێشخەری چاکسازی لە بنەواندا لە کۆشک و نووسینگە وەزارییەکانەوە هاتبێ، ئەوا چینی ڕووناکبیریش دەستەوەستان نەبووە. قۆناغی تەنزیمات بەوە دەناسرێتەوە کە کەوکەبێکی تەواوی لەو ئەدیبانەی تێدا وەدیارکەوتن کە کەمە کەمە ئەو شێوازە ئەدەبیانەیان وەردەگرت کە لە ڕۆژئاواوە دەهاتن– ڕۆمان، شانۆ، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، هونەری نووسینی ڕۆژنامەوانی– ئەم هۆکارە دەربڕینانەیان بۆ ئەوە بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی ڕەخنە و مونازەرە و پێشکێشکردنی وانە بۆ سەرکردەکان و پەروەردەکردنی خوێنەرەکان بەکار بهێنن. دەکرێ مرۆ وای بۆ بچێ کە ئەم نووسەرانە ڕەنجدەری ڕەنج بەخەساربوون. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە. جا ئەگەر چاکسازی دەچووە پێش ئەوا هونەری ئەوانیشی تێدا بوو. بەو حەماسەتخوازییەی کە شارستانیی ڕۆژئاوایان پێ ستایش دەکرد، لەڕێگەی ئەو حەماسەتەی کە یەکبینە بانگەوازی گۆڕانکاری زیاتر جەربەزانەتریان هەڵدەدا، ئەوان بەشداریێکی کارایان کرد لە تاوێدانی شتەکان.

ئەوە بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە بوو کە لە ساڵەکانی ١٨٤٠–ەوە دەستی بەپێشکەوتن دەکرد کە ئەنتێلگێنسیای نوێ دەستی کرد بەوەی گوزارشت لە خۆی بکات. زۆربەی گرۆ ئیتنی و تایەفەکانی ئیمپراتۆریا ڕۆژنامەی خۆیان هەبوو. ئەم ڕۆژنامانە بەزمانەکانی هەمەچەشنە باوەڕێکی هاوبەشیان دەردەبڕی لەبارەی پێشکەوتن و ڕەچاوکردنی بیروڕای هاوبەش لە بارەی دادپەروەری و برایەتی. بەڵام لێرە و لەوێ، هەروا بەشێوەیەکی بەرەبەرەیی تێمای



زیاتر تێکدەرانە بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیاردەکەوتن کە دەبوو بەهۆی خەمڵینی ناسیۆنالیزم: لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتەوە پەیامی بووژاندنەوەی زمان و کولتوورە ڕەسەنەکان زیاتر دەبوو کە هەندێک جار دەگەیشتە ئەوەی لەو ویلایەتانەی کە پێکهاتەی دانیشتوانەکانی تێکەڵاوبوون داوای ئۆتۆنۆمییەکی بەڕێوەبەرایەتی بکرێ کە ڕێز لە تایبەتمەندێتییە ناوچەییەکان بگرێ.

بەتەک ڕوژنامەوانییەوە، شانۆش ڕۆڵێکی گرینگی بینی. مەبەست لەو شانۆیە بوو کە بەتەواوی لە ئەوروپاوە وەرگیرابوو: دەستکرا بەوەرگێڕانی شیللەر و ڤیکتۆر هۆگۆ، وەرگیراوەکانی مۆلێر.، بەمشێوەیە بینەران ئاگەیان لە تێمە ساتیری و کۆمەڵایەتییەکانی درامای بۆرجوازی دەبوو. لە دوادواییەکەی دەورانی عەبدولمەجید، بەرنامەی پێشکێشکردنی شانۆی عوسمانیی دروست بوو کە سەرەتا تیپە ئەرمەنییەکان و پاشان تیپگەلێک کە ژمارەیەکی ئەکتەری موسڵمانی بەخۆیەوە گرتبوو. ئەم شانۆنامانە بەتەواوی لە زۆربەی جاردا لەسەر سەرکەوتنی دیمەنەکانی ئەوروپی ڕۆنرابوون و باسیان لە ئیجابیاتی شارستانیی ڕۆژئاوایی دەکرد ستایشی بیر و ڕا و شێوازی ئەو مۆدە ژیانەیان دەکرد کە لە ئەوروپاوە دەهاتن و هاوزەمان دنەی پرەنسیپەکانی وەک خۆشەویستی نیشتمان، هەستی شەرافەتمەندی و تامی سەربەستی دادپەروەریان دەدا. بەڵام برێک لە کارە شانۆییەکان سڵیان لەوە نەدەکردەوە کە هێرش بکەنە سەر ئەوانەی شێتی ئەوروپاگەریی بووبوون و ئامادەبوون ئاینی نوێ وەربگرن بەبێ بچووکترین جیاوازی. لەسەر شێوەی گەورە ئارشیتۆکتۆرەکانی تەنزیمات، شانۆکارانی ئەم سەردەمە وەکو

پیاوانی داهێنەر خۆیان بەدیار دەخست: ئەگەر گاڵتەیان بەدابونەریتی ڕابووردوو دەکرد، لە هەمان کاتدا کەمتر سەقامگرتوویی خۆیان پیشان نەدەدا لە پێوەستبوونیان بەبەها ترادسیۆنییەکان.

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە ڕۆمان کە وەسیلەی سەرەکی ئەدەبی ئەورووپییە لە ناو دەبۆی نووسەرە عوسمانییەکان تاوەکو ساڵی ١٨٧٠بەدیار نەکەوت. لێرەش بەهەمان شێوە کارەکان بەوەرگێڕانەوە دەستی پێ کرد: تێلێماکی فێنیلۆن "لە ساڵی ١٨٥٩ تەرجەمەی تورکی کرا"، کلێۆلەکانی هۆگۆ (١٨٦٢)، ڕۆبنسۆن کرۆزوی دانیێل دیفوو (١٨٦٤)، میکرۆمیگای ڤۆلتێر (١٨٧١)... بەم شێوەیە هەوڵدانە بەراییەکانی ڕۆمان لە ماوەی تەنزیمات کە لەسەر ئەم مۆدیلانە وەرگیراو بوون و بێ گومان شاکاری گەورە نەبوون: سادەگۆیی و ڕۆحی سۆزداری فرمێسکاوی بەشێکی چاکی داگیر کردبوو. بەڵام بەچاکی ئەدای وەزیفەی پەروەردەیی خۆی دەکرد و چالاکانە ستایشی شارەستانییەتی نوێی دەکرد. چەشنی بەبرەوی ئەم ڕۆمانانە بەتایبەتی پێوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز و کێشەی ئازادی ژنانی دەوروژاند. بەڵام ژمارەیەک لەو کارانە دوورتر دەرۆیشتن و کۆششییان بوو چاوەدێری خەوشەکانی کۆمەڵێک بکەن کە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دووبەش بووبوو.

لەناو پێشڕەوانی ئەدەبی نوێ دا، سێ ناو بەشێوەیەکی نایبەتی شوێنێکی بەرچاو داگیر دەکەن: مونیف پاشا ١٨٢٨–١٩١٠، ئیبراهیم شینازی ١٨٢٦–١٨٧١ و زیاء پاشا ١٨٢٥ – ١٨٨٠ یەکەمیان سەرنووسەری ڕۆژنامەی جریدەی حوادث Djeride-i Havadis و لە ڕیزی باوکانی ڕۆژنامەنووسیی عوسمانییە. ئەویش وەکو زۆربەی



ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو سەردەمە بایەخی بەهەموو شتێک دەدا– یاسا، ئابووری، ئەدەب، فەلسەفە – بەجۆش و خرۆشێکی خۆفێرکارانە خۆی تەرخان کردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفەی ڕۆژئاوایی. کاری لە هەمووان گرینگتری وەرگێڕانی کۆمەڵە گفتوگۆیەکی فێنیلۆن و فۆنتێنێل و ڤۆلتێر بوو. ئەم کارە کە ساڵی ١٨٥٩ بڵاوکرایەوە شێوازێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەی هەبوو. چەشنە ئەنتۆلۆگیایەکی نوێ بوون وەکو چەمکی نیشتمان یان پایە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە کە پێشتر بەهیچ شێوەیەک تا ئەوکات بەمشێوەیە نەخرابوونە ڕوو. مونیف پاشا ئەویش بەوەی ساڵی ١٨٦٢ کۆمەڵەی عوسمانی بۆ زانستەکان و ئۆرگانی کۆمەڵە "مجمع فنون" ی دامەزراند ناوبانگی پەیدا کرد. لە ماوەی ئەم ساڵانەی کە ئەم گۆوارەی تێدابڵاوکرایەوە دەبینین لە ڕووی گرینگییەوە لە تورکیا ڕۆڵێکی هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەی گێڕا کە ئینسیکلۆپیدیای گەورە لە فرانسا لە سەدەی هەژدەمدا گێڕای. ئەو کۆمەڵەیە تەنیا کاری بەشداریکردن نەبوو لە بڵاوکردنەوی گرووپێکی تەواوی مەعاریف. ئەو کۆمەڵەیە بەشێوەیەکی تەواو سەرەکی بریتیبوو لە یەکێک لەو هەوڵ تاقیگەیانەی کە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ تێدا لە ئیمپراتۆریای عوسمانی چاوی کردەوە.

هاوسەردەمی مونیف پاشا، ئیبراهیم شینازی و زیا پاشا، ئەوانیش بەشێکی چاکی ژیانی خۆیان بۆ ڕۆژنامەوانی تەرخان کرد، سەروتاری ڕۆژنامەوانیان کردبوو بەچەکی کاریگەر بۆ ئەو جەنگەی کە بۆ گۆڕینکاری وڵاتەکەیان دەیانکرد و کاروانی هەردووکیان زۆر سیمای هاوبەشیان هەبوو. هەریەکەیان بەبەردەوامی لە قازانجی

چاکسازییەکاندا خەباتیان دەکرد. هەردووکیان دوودڵ نەبوون لەوەی هێرش بکەنە سەر حوکمڕانی هەردوو سەدری ئەعزەمی سوڵتان عەبدولعەزیز: عەلی و فوئاد، بەو پێیەی کە ئەم دووانە هەردووکیان زۆر بە کۆنەپارێز دەژمێردران. دواجار شینازی و زیاء کەوتنە بەر ڕقی دەسەڵات بەجۆرێک لە بەرامبەر ڕەخنەی بەردەوامیان بۆ حکوومەت بۆ ماوەی چەندین ساڵ تاقیکردنەوەی مەنفایان چەشت. هەڵبەت تەنیا تاقە شتێک کە لێکی جیادەکردنەوە ئەویش جیاوازی هەڵوێستی هەریەکێکیان بوو لە بەرامبەر ترادسیۆنی ئیسلامیدا. شینازی تا دوا ڕادە سەراسیمەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بوو و بەدەگمەن دەگەڕایەوە بۆ سەر ئیسلام وەک سەرچاوە و وا پێدەچوو هەر پشتی تێ کردبێ. هەرچی زیاء بوو بەپێچەوانەی ئەمە، ئەو بەشێکی گرینگی ئیلهامی خۆی لە بیر و باوەڕی تەسەوفی ئیسلامی وەردەگرت و خاوەنی ڕەوتێکی کۆنەپارێزخوازی ئاینی و کولتووری بوو کە کردبوویە یەکێک لە دەنگە هەرە زۆر ئیشکالییەکانی مۆدێرنیتەی عوسمانی. بەڵام ڕووناکبیرانی تەنزیمات ئەمەیان نەدەکردە پارادۆکسێکی وا گەورە. پیاوێکی– وەک ئەم حاڵەتەی زیاء – دەیتوانی بەتەواوی گەورەترین درودۆنگی هەبێ لە بەرامبەر ئەو مۆدیلانەی کە لە ڕۆژئاواوە دەهاتن و لەو لای دیکەشەوە بەوە بناسرێتەوە کە یەکێک لە داکۆکیکارە بەپەرۆشەکانی بیری نوێ بێ.

شینازی و زیاء لە سەردمی عەبدولعەزیز پێشڕەوی گفتوگۆی سیاسیی و ئەدەبی بوون و هەردووکیان تاسیرێکی بەرچاویان لەسەر ئەنتێلگێنسیای عوسمانی هەبوو. هەڵبەت، یەکێک لە قوتابییەکانیان، ئەویش نامیق کەمال ١٨٤٠–١٨٨٨ بوو کە بەوە دەناسرێتەوە



نووسەری لە هەمووان بەرچاوتری تەنزیمات بووە. لە هەموویان تەمسیلیتر، بەڵام بەبەهرەتر و پڕ بەرهەم تر: چەندین ڕۆمان و پیەسی شانۆگەری، بەشێوەیەکی تایبەتیش بەرهەمێکی زۆر و زەوەندەی ڕۆژنامەوانی لە دوای خۆیەوە جێ هێشت، کە بەهێز فۆرمیولە کرابوون و هەموویان عەقیدەی سەردەم بوون.

گۆواری عبرە Ibret کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧١ و ١٨٧٣ دەردەچوو ئەستێڵی سەرەکی ئەم نووسینە پەخشانە زۆر و زەوەندەیە بوو. بەڵام پێش ئەوە نامیق کەمال توانیبووی بەڕاستی بەهرەی خۆی لە گۆواری تەصویری ئەفکار Tasvi-i-Efkâr کە شینازی لە ساڵی ١٨٦٢ بڵاوی کردەوە، هەروەها لە دەیان گۆواری دیکەدا بەدیار بخات. ڕووداوی هەرە دیار لەم کاروانە بەرفراوانەدا پڕ بزاوتەدا بەشداریکردنی بوو لە کۆتاییی ساڵی ١٨٦٠ لە گۆواری حوریەت Hürriyet کە لە لەندەن بەهاریکاری زیا پاشا و بڕێک لە پیاوانی دیکە بڵاو کرایەوە. دەبینین لێرەدا، لە خاکی مەنفادا، ڕووناکبیری ئۆپۆزسیۆن لەو ساتەوە ئازاد لە دەست گوشارەکانی بابیعالی، دەرفەتێک دەدۆزێتەوە بۆ تیژکردنەوەی نووکی قەڵەمەکەی: نووسینی پەخشانەکانی ئەگەر تەواویش ڕەوان نەبووبن ئەوا بەلای کەمییەوە خرۆشان و حەماسەیان پێوە بوو.، توێشوێک لە بیر و ڕای ڕووخێنەر کە بەشێوەیەکی تایبەت مەبەستی لیبرالیزەکردنی سیستمی حوکم و دامەزراوەکان بوو.

لە ڕێگەی گوتارە ڕۆژنامەوانییەکانی، هەروەک لە ڕێگەی کارە ئەدەبییەکانی بەجۆرێکی شیاو، نامیق کەمال بەشێوەیەکی تایبەتی وەکو پارێزەوانێکی موتەحەمیسی بیروڕای سەربەستی بەدیارکەوت.

له ڕێگەی ڕەچاوکردنی یەکێک لە پرەنسیپە مەزنەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ، یەکەم کەس بوو لە ناو وەچەی ڕووناکبیرانی دەورانی خۆی بۆ ئەوە چوو ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئینسانەکان بەئازادی لە دایک دەبن و ئەم ئازادییەش "وەکو ئاو و هەوا" پێویستن. لە وتارێکی بەناوبانگدا لە گۆواری عیبرەت لە ساتەوەختێکدا کە سیستەمی عەبدولعەزیز گوشاری خستبووە سەر ڕووناکبیران، نامیق کەمال دوودڵ نابێ لەوەی بەشێوەیەکی ڕوونتر ئەوە ڕابگەیەنێ کە " ماف و ئەرکی مرۆڤ هەر تەنیا ئەوە نییە بژی، بگرە ئەوەیە بەئازادی بژی".

نامیق کەمال بەوەی لە خێزانێکی نوقمی ناو تەسەوفی ئیسلامی لە دایک بوو، بۆیە بەو پێیە وەکو موسڵمانێکی چاک، ئەم ئازادییەی بەبەخششی خواوەند دەزانی. بەڵام ئیشارەتێکی بەهێزیش بۆ ئەوە دەکا کە کۆمەڵ – بەشێوەیەکی زۆر وردتر دەوڵەت کە تاجی بینای کۆمەڵایەتی و سیاسییە– لەسەریەتی یاساگەلێک دەربکا کە هەموو ئینسانەکان مافە بنەرەتییەکانی ڕێزی لێ بگیرێ و بەشێوەیەکی وەک یەک و یەکسان لە بەرامبەر یاسادا. بەڵام هێشتا زۆر زوو بوو بۆ ئەوەی لە شەستەکان و حەفتایەکانی سەدەی نۆزدەمدا کەسێکی وەکو نامیق کەمال ئاوا زۆر پێوەست بەئیسلام بەشێوەیەکی تایبەتی بیر لە یاسای عەلمانی، سەربەخۆ لە شەریعەت بکاتەوە. بەڵام دەیتوانی بەشێوەیەکی زۆر ڕەوان بڵێ کەوا کۆمەڵی نوێ ناتوانێ لەگەڵ زوڵم و زۆر و بێدادیدا بژی. یاسا گشتییەکان، هەمووان ددانی پێدا دەنێن و لەسەر هەموانیش دەچەسپێ بەبێ جیاوازی لە پلە و پایەیان سەر بەبنەمای ئینتمای ئیتنی یان مەزهەبی و دەبێ کاری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ڕێک بخات.



ئەگەر کەمال لە ستایشەکانی بۆ دەوڵەتێک کە ڕێز لە یاسا دەگرێ، بەپشت بەستن بەئیسلام خۆی دەردەخات و دەیکاتە سەرچاوەیەک بۆ پێداگرتنی گەلێک زۆرتر وەختایەک داوای جیاکردنەوەی بێ ئەملا و ئەولای نێوان دەسەڵاتەکان و سیستەمی حوکمڕانی دەستووری دەکات لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانێ شیمانەی ئەوەی هەبێ گوزارشت لەخۆی بکا. لە دامەزراوەی ئیسلامی چەمکی مەشوەرەی ڕاوێژکردنی کۆمیونیتەیی وەردەگرێ، دوودڵ نابێ لەوەی ئەوە دووپات بکاتەوە کە بیرۆکەی حکوومەتێکی تەمسیلی لە ترادسیۆنی ئیسلامی ددانی پێدانراوە و هەر تەنیا گێڕانەوەی زیندوویەتییە بۆی بۆ ئەوەی بەتەواوی لەگەڵ پێداویستیەکانی دەوڵەتی نوێ بگونجێ. بەڵام لە ژێر پەردەی گەڕانەوە بۆ ئەم ترادسیۆنە، دەبینین ئەوەی لە ڕاستیدا قسەی لە بارەوە دەکرێ بنبڕکردنی حوکمڕانی ڕەها و پیادەکردنی بەرنامەی لیبرالیەتە کە پاشایەتی دەستووری داوای لێ دەکرێ بیکاتە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکیەکانی خۆی. ئەو مۆدیلەی کە نامیق کەمال دەیبینێ ئەو هێندە بۆنی سەرکێشی لێوە نەدەهات: ئەوە نموونەی دەستووری ئیمپراتۆریای دووەمە کە ناپۆلیۆنی سێیەم پێشکێش بەفرانسای کرد، لەگەڵ شارەزاییی خۆی دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و ئۆرگانی تەمسیلی تێکەڵ دەکات. نامیق کەمال بەدوورخستنەوەی سیستەمە زۆر ڕادیکالییەکانی دیکە دەیەوێ یاری بەکاغەزی میانگیری بکات. بەڵام ئەوە لەو واقیعە کەمناکاتەوە کەوا ڕەوتی دەستوورخوازی ئەو لە پێچەکانی خۆیدا، پشێوی سیاسیی هەڵگرتووە کە نەک تەنیا دەبێتە هۆی سووکردنەوەی گوشار، بگرە دەبێتە هۆی لەناوچوونی پاشایەتی عوسمانی.

بێگومان لێرەدابوو کە ئەوەی بوو بووە جێگەی نیگەرانی سوڵتان و وەزیرەکانی ئەوە بوو کە بەقەد ئەوەی نامیق کەمال و ژمارەیەک لە ڕوناکبیرە لیبراڵەکانی دیکە، لە نێویاندا بەشێوەیەکی تایبەتی زیاء و پاشا، شازادەی میسر، موستەفا فازیل ١٨٢٩–١٨٧٥ و ڕۆژنامەوان عەلی سواوی ١٨٣٨–١٨٧٨، ساڵی ١٨٦٥ جۆرە کۆمەڵەیەکی نهێنییان لەسەر شێوەی کۆمەڵەی کاربۆناری، بەئامانجی بڵاوکردنەوەی بیری نوێ پێکەوەنا، سوڵتان و وەزیرەکانی نیگەرانی دایگرتن. ئەم گرووپە هەر زوو هەروەک پێشتر " گەنجە ئیتاڵییەکان" یان " گەنجە ئەڵمانییەکان" ناوی " گەنجە عوسمانییەکان" لە خۆیان نا کە، ڕەوانبێژی ئەو پیاوانەی کە سەر بەو گرووپە بوون چەکی سەرەکیان بوو. بەڵام ئەمە چەکێکی ترسناک بوو. بابیعالی دوا نەکەوت لەوەی بەرەو ڕووی ئەو لێشاوە بەردەوامەی ڕەخنەسازی و داخوازینامانە ببێتەوە کە بەرەبەرە خەباتی نێوان دژوەستاوەکان و دەسەڵات ئەو هێندە تیژ بوو کە کۆتایی بەوە هات کەوا حکوومەت زۆر بەتوندی وەڵامیان بداتەوە.

بڵاوکردنەوەی نامەیەکی کراوە لە ساڵی ١٨٦٧ کە لە لایەن یەکێک لە دینەمۆ سەرەکییەکانی بزوتنەوەی گەنجە عوسمانییەکان، موستەفا فازیل پاشا، کە ئاراستەی سوڵتان کرابوو ئاگرەکەی هەڵگیرساند. لەم نامیلکەیەدا کە چەند دەیان هەزار دانەی لێ چاپ کرابوو و بەبەربڵاوی بەناو ئیمپراتۆریادا بڵاوکرایەوە، شازادەی میسر، بەبێ دڵ ڕاگرتن خەوشەکانی دەسەڵاتی لە قاو دەدا و پێشنیاری خستنەگەڕی پرۆگرامێک بۆ چاکسازییەکان دەکات کەوا بناغەکەی ڕژێمێکی حوکمڕانی دەستووری بێ. لە بەرامبەر ئەم داخوازینامانەدا



کاردانەوەی سەدری ئەعزەم، عەلی پاشا دەستبەجێ بوو: عەلی سواوی، نامیق کەمال، زیاء و چەندانێکی دیکە سەرپشک کران لەوەی وەزیفەیەکی کەم بایەخی بێکار لە هەرێمە دوورە دەستەکان یان ئاوارەبوون بۆ ئەورووپا هەڵبژێرن.

بۆ گەنجە عوسمانییەکان ئەو پێنج ساڵەی کە لە دەرەوەی ئیمپراتۆریا بەسەریان برد، ساڵەکانی پێگەیین بوون. لە پایتەختەکانی ئەورووپادا کە خۆیان تێدا دەبینییەوە بەشێوەیەکی زیاتر بەردەوام بوون لە پڕۆپاگەندە دژ بەئۆتۆکراتی عوسمانی و بەشێوەیەکی تایبەتیش دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت تا شارەزایی لە بیروڕا و شێوازەکانی ژیانی ئەورووپا وەربگرن کە پێشتر تەنیا زانیارییان لە ڕێگەی کتێبەکانەوە لەبارەوە هەبوو. بێ گومان ئەم پێوەندییە ڕاستەوخۆیە بەجیهانی ڕۆژئاوا تەنیا بوو بەهۆی زیادەیەک بۆ هێزی ئیقناعی نووسینەکانیان.

جەنگی نێوان حکوومەت و گەنجە عوسمانییەکان بەردەوام بوو تاوەکو عەبدولحەمیدی دووەم گەیشتە سەر عەرش، لەگەڵ چەند دابڕانێک کە بەوە دەناسرێتەوە عەفووی تێدا بەکار دەهات کە بەشوێن ئەوە کۆچپێکردنی نوێ بۆ مەنفا بەڕێ دەکران. تەنگژەی نێوان هەردوو لا لەبارەی ئەو هۆکارانە بوو کە دەبوو بەکار بهێنرێن و ئەو ئامانجانەی کە دەبوو وەدی بێن. ڕاستییەکەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەنتێلگێنسیای لیبرالی بەشوێن هەمان ئەو ئامانجەوە بوو کە پاشا و چاکسازەکان بۆی دەچوون و بەرەو ڕوویان دەبوونەوە: چاککردنەوەی پیاوە نەخۆشەکە بەوەی ژەمێکی بەهێزی بیروباوەڕی سیاسیی و بەهای ڕووناکبیری و نوێکردنەوەی تەکنیکیانەی پێ بدرێ کە لە

ڕۆژئاوه دێن. بەڵام چۆن دەکرێ بڕی ژەمەکە دیاری بکرێ؟ سوڵتانەکان و وەزیرەکانی بەو پێیەی کە پیاوانی دەسەڵات بوون بەخۆشییەوە بەڕاگەیاندنە لیبرالییەکان خۆشنوود دەبوون بەڵام خۆیان لەوە بەدوور دەخست لەوەی زۆر مل کەچ بکەن. هەرچی گەنجە عوسمانییەکان بوون، بەپێچەوانەوەی ئەمەوە، ئەوان بەو پێیەی تینووی سەربەستی و دادپەروەری بوون، وایان دەبینی کە تەنیا ڕژێمێکی نیابی دەتوانێ داخوازینامەکانیان بەرجەستە بکات. ئەوان پێیان وا بوو مەحاڵە بەو ڕەوتە چاکسازییە ملهوڕگەراییە ڕازی بن کە حکوومەت لە لایەن خۆیەوە پێیان ڕازی دەبێ.

لەم بەگژاداچوونەوەیەدا لە نێوان هەردوو ڕێبازی جیاوازی تەنزیماتدا ئەوا دواین وشە – بەشێوەیەکی کاتیی– بۆ دەزگای دەوڵەت دەبێ. ڕاستییەکەی دەستوور کە گەنجە عوسمانییەکان هەموو ئاواتێکی خۆیان لەسەر هەڵچنیبوو، بەماوەیەکی کەم لە گەیشتنی عەبدولحەمیدی دووەم بۆ عەرش تەنیا بۆ ئەوە بڵاوکرایەوە کە بەخێرایی هەڵبواسرێ و بخرێتە ناو ڕەفەکانەوە. ئایا ئەمە مانای ئەوەبوو کە ئەو خەباتەی نامیق کەمال و هاوڕێیەکانی کردیان بێ سوود بوو؟ بێ گومان سەرنەکەوتنی گەنجە عوسمانییەکان بەوەی سیستمێکی نیابی هەمیشەیی لە دەست دەسەڵات بهێننە دەر، شکستێک بوو. بەڵام لە بەرامبەردا دەبێ ڕەچاوی سەرکەوتنیان بۆ بکەین لە سازدانی بەشێکی ڕای گشتی بەقازانجی بیری نوێ. ئاشکرایە نە شینازی، نە زیاء و نە نامیق کەمال سیاسیی قاڵ بووە نەبوون، بەڵام زانیان پەروەردەکارێکی چاک بن.





## سەربازە ونەکانی ڕیفۆرم

سوڵتانەکان، سەدری ئەعزەمەکان، ئیدیۆلۆگەکان، ئەدیبە بەناوبانگەکان.. ئەوانە ئەکتەری بەرچاوی تەنزیمات بوون. بەتەک ئەوانە ڕیفۆرمخوازی ونیش هەبوون: بیرۆکراتەکان، پسپۆرەکان، یاساناسەکان، ئەکتەرەکان، ئەفسەرانی سوپای نوێ، مامۆستایەکان، ئەندامانی هەموو چەشنە کۆمسیۆنەکانی ڕاوێژکاری، بەکورتی هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان کرد لە دارشتن یا پراکتیزەکردنی پرۆژە چاکسازییەکان، هەموو ئەوانەی کە لە هەر چوارگۆشەی ئیمپراتۆریا بەشداریان لە بڵاوکردنەوەی مۆدێرنیتەی عوسمانیدا کرد.

بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان لەبارەی ئەم کادیرە ونانەی بزووتنەوەی ڕیفۆرم هەبێ، بۆ نموونە دەتوانین ڕوو بەلای یەکێک لە لۆگە "محفل" فەرمانسۆرییە زۆر و زەوەندانە وەربگێرین کە لە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریا هەر لە سەردەمی عەبدولمەجیدەوە گەشەیان سەند و بەخێرایی چاوێک بەلیستی ئەندامەکاندا بگێرین. ڕاستە ئەم فەرمانسۆرییە عوسمانییە بۆ خۆی چالاک بوو، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەوە هەڵدەگرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ فەرمانسۆرییە ڕۆژئاواییەکانی هەمان سەردەم کە، کڵێسای ڕاستەقینەی ڕۆحی نوێ بوون. مەگەر زۆر بەدەگمەن دەنا هیچ ڕۆڵێکی سیاسیی نەبووە و بەشداری نەکردووە لە دنەدانی ئایدلۆجی تەنیا بەو سیفەتی هێزی هاوپشت نەبێ. بەڵام ئەوە لەو واقیعە کەم ناکاتەوە کەوا ئەم فەرمانسۆریانە یەکێک لە نیشاندانە پڕ ماناترینەکان بوون بۆ هەردوو سوپای کۆمەڵایەتی و کولتووری کە تەنزیمات ڕێبەرایەتی دەکرد.

حاڵەتێک لەناو حاڵەتەکانی دیکە بریتییە لە لۆگی یەکیەتی ڕۆژهەڵات

کە ساڵی ١٨٦٣ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا. ئەم لۆگە وەکو لە ناوەکەیدا بەدیاردەکەوی لە ژێر تاسیری یەکێک لە بیر و ڕا ڕێبەدیکارەکانی تەنزیمات: پێکەوژیانی برایانە، تەبایی نێوان ڕەگەزەکان پێوەست بووە بەلۆگی ڕۆژهەڵاتی گەورەی فەرەنسیی. لە ساڵی ١٨٦٩، سەد و چل و سێ ئەندامی دەبێ کە لە هەموو چەشنە ئاسۆیەکانی کۆمەڵگەی عوسمانییەوە هاتبوون. لە ناو ئەندامەکان دەبینین ژمارەیەک فەرەنسی و چەند ڕەعیەتگەلی وڵاتە ئەورووپییەکانی دیکەیان تێدایە کە هاتوون بەشوێن خۆشگوزەرانی دا بگەڕێن لە ڕۆژهەڵاتدا: پیشەوەرانی پسپۆر لە بواری بەرهەمی لوکس، بانکەوان، بازرگان، پارێزەرێک کە هیچ کەسێکی دیکە نییە جگە لە لویی ئێمابل، یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی فەرمانسۆری فەرەنسی نەبێت. بەڵام لۆگەکە بەشێوەیەکی تایبەتی ژمارەیەکی زۆر لە کەمینە نەتەوەیییەکانی ئیمپراتۆریای بەخۆیەوە دەگرت. دەبینین لە سەرەتادا گرووپێکی گرینگی بەگزادەی کۆمیونیتەی جوولەکەی تێدابوو. یۆنانییەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووس ژان ڤیرتۆس، میانەکار ئەلیکساندەر ئیزمیریدێ، بازرگانی کریتی کلیانتی سکالبێری و بەنیو دەستەیەک کەسایەتی دیکە بەشدار بوون. هێشتا ئەرمەنییەکان کە بەژمارە زۆرتر بوون و بەشێکی سەربەوان بوون زۆربەیان سەر بەجیهانی سەرافەکاری و بازرگانی بوون، بەڵام دەبینین لە ناویاندا حاکمەکان "بەتایبەتی نێرسیس دادیان کە، بەوە ناسرابوو وەک ئەندامی ئەنجوومەنی تەحقیقی تاوانکاری سەر بەوەزارەتی پۆلیس بوو" و فەرمانکارە و ئەندامانی پیشە ئازاد هەبوون.

بەڵام ئەوەی لە هەمووان وروژاوی تر بوو لە ئەندامێتی لۆگدا بوونی پەنجا موسڵمان بوو کە زۆربەی ئەمانەی دوایشش لە ریزەکانی سوپا



بوون. بەڵام دەبینین ژمارەیەک حاکم، ژمارەیەک فەرمانکارەی بەرز و هەتا دوو یان سێ پیاوی ئاینیشیان لە ناودا بوو. بەرپرسانی لۆگ لەوەدا سەرکەوتووبوون کە کەسانێک بۆ خۆیان ڕابکێشن کە زۆربەی جار پایەی بەرزیان هەبوو. لیستی ئەندامەکانی ساڵی ١٨٦٩– لە ناو ئەندامەکانی دیکەدا–یاوەری یەکەمی سوڵتان "رەئوف بەگ" و هەروەها بەرپرسی یەکەمی ژورەکەی "جەمیل بەگ" و یەکێک لە موفەتیشەکانی وەزارەتی پۆلیس "عەبدولرحمان حلمی ئەفەندی" و دوو لە والییەکان – محەمەد ڕەمزی ئەفەندی، والی شیو و عیزەت پاشا، والی پێشوی قودس و ژمارەیەک لە عەسکەرییەکان لە پایەی بەرز و چوار قازی مەحکەمەی بازرگانی و نزیکەی پانزە فەرمانکارە لە هەموو ئاستەکاندا. ساڵی دواتر، لۆگ توانی دوو ئەندامی گرینگ بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ خۆی ڕابکێشێ: ئیبراهیم ئەدهەم، سەرۆکی مەجلیسی دەوڵەت و شازادە موستەفا فازیل، پێشقەرەولی گەنجە عوسمانییەکان.

ئەو سەد و چل و سێ کەسایەتییەی کە لۆگی یەکیەتی ڕۆژهەڵات لە کۆتایی ساڵەکانی ١٨٦٠ بەخۆیەوەی گرتبوون، بێ گومان تەنیا بەشێکی کەمی ئەو پیاوە منەوەرانە بوون کە بەشدارییان لە وەدیهێنانی چاکسازییەکاندا کرد. بەڵام دەبێ ئیشارە بەوەش بدەین کە ئەوانە برێتیبوون لە نموونەیەکی وەرگیراوی تا دوا ڕادە نموونەیی.

هەروەک چۆن ئەندام وەرگرتن لە یەکیەتی ڕۆژهەڵات دەری دەخات دەبینین بیرۆکراتی و سوپا ڕێژەیەکی گرینگی سەربازانی چاکسازییەکان بوون. ئەمە جێگەی سەرسوورمان نییە و بیرۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و کامپەکان یەکەمین تاقیگەی تەنزیمات بوون.

لەوەتای دەورانی مەحموودی دووەمەوە، یەکەمینەیی درابوو بەکارپێدان بەفەرمانکارەی شایستە ئەوانەی زمانە ڕۆژئاواییەکان دەزانن. بەهەمان شێوە پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرن کە لە ژێر چاوەدێری ڕاهێنەرانی فەرەنسی یا ئینگلیز یان ئەڵماندا بێت. ئەم هەوڵ و کۆششانە زوو بەریان دا، دەوروبەری ساڵی ١٨٧٠، بیرۆکراتییەتی عوسمانی بەلای کەمییەوە لە پایەی ناوەندی و باڵا لە نموونەی عوسمانی جیا دەبێ بەوەی شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی فەرەنسی و ئامادەبوون بۆ لاساییکردنەوەی شێوازەکانی ژیان و ئەو بیرۆکانەی کە لە ڕۆژئاواوە وەرگیراوبوون. بەهەمان شێوە ئەفسەرەکان تەنیا بەگۆڕینی جلوبەرگی سەربازی دەستبەردار نەبوون، بەهەمان شێوە کەسایەتییەکی نوێ پەیدا دەکەن. جا بەو پێیەی لە پێوەندییەکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ تەکنیک و زانستە وردەکان بەو پێیە وەکو سەرەڕمی مۆدێرنیزەکردن بەدیار دەکەوتن. مۆدێرنیزەکردنەیەک کە لەگەڵ برێکی دیاریکراو لە مەیل بۆ ڕووخان: پیاوی سەربازی سەر بەسەردەمی تەنزیمات لە کاتی دەستبەتاڵیدا ڤۆلتێر و ڕۆسۆیان دەخوێندەوە – کە کارەکان بەنهێنی دەستاودەستیان دەکرد – دەرگەی بەرامبەر بەشۆڕشێک دەکردەوە کە لە دواڕۆژدا ڕوو دەدەن.

بەتەک سەربازان و کارمەندانی سیڤیلی دەوڵەت، گرووپێکی دیکە بەیەک تاو خۆی دەهێنێتە پێشەوە: ئەویش گرووپی بازرگان و سەرافەکانن. ئەو پیاوانە کە هەموویان بەنزیکەیی سەر بەکۆمیونیتەی کەمینە نەتەوەییەکان بوون، دەبوو ڕۆڵێک بگێڕن کە زۆر چاک دەیانزانی بیگێڕن: بەپلەی یەکەم ڕۆڵی میانەکاری بوو لە نێوان ئەورووپا و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. جا ئەگەر ئەوانە تایبەتمەند بوون لە گۆڕینەوەی کەلوپەل و جوولاندنی سەرمایە، ئەوا بانگەشەشیان بۆ



مۆدی ژیان و هونەرەکانی تەکنیکی جیهانیی دەکرد. بەڵام ئەوانە ئەدای ئەرکێکی دیکەشیان پێ سپێردرابوو ئەویش ئەرکی تەمویلی گۆڕانکاری بوو. بەپشتبەستن بەبەشێکی پارەکانیان دەوڵەت کۆشک، کامپ و قوتابخانەی دروست دەکرد کە هێمای ڕۆحێکی نوێ بوو. هەر ئەوانیش بوون کە ئاویان لە پەمپی قەرز دەکرد کە دەوڵەت پشتی پێ دەبەست بۆ بنیاتنانی نوێکردنەوەی سوپا و دروستکردنی ژێرخانی پێویست بۆ بەرهەلاکردنی ئابووری وڵات.

لەناو ئاپۆڕەی ئەوانەی کە بەشدارییان لە چاکسازیدا کرد دەتوانین بەبێ ئاستەنگ گرووپگەلێکی بەرفراوان لەو خەڵکانە جیا بکەینەوە کە مومارەسەی پیشەی هەمەچەشنە یان پیشەی ئازادیان دەکرد: ڕۆژنامەوان، پزیشک، ئەجزاچی، ئەندازیار، پارێزەر، سەعاتچی، میکانیکی... ئەوانە پیشەی نوێ بوون و لە بەڕۆژئاواییکردنەوە لە دایک بووبوون. ئەم مومارەسانە ئەگەر لە ئەورووپا یان لە ئەستەمبوڵ پێ گەیەندرابوون، هەموویان بەشدار دەبوون لە ئاوەزی تەنزیمات و لە ڕیزی ئەوە پارێزەوانانە وەدیار دەکەوتن کە لە هەمووان چالاکتر بوون لە بواری مەعریفە و تەکنیکی نوێ. لە سایەی ئەوان هەرچەند دە ساڵێک بەس بوو بۆ ئەوەی مۆدێرنیتە بەلای کەمییەوە لە ژینگەی شارستانیدا بڕژێتە ناو ژیانی ڕۆژانەوە.

ژمارەیەک لەو نوێخوازانە ئەورووپایی بوون و ڕێگەی ئاوارەییان هەڵبژاردبوو و سەرمایەی سەرەکیشیان شارەزاییان بوو. پێلاو دروستکەر لە هەرێمە فەرەنسییەکەوە بەنموونەی پێلاوەوە دەهات. ئەجزاچی کە لە زانکۆی پاریس دەردەچوو بەخۆی و هاوکێشە کیمیاوییەکانییەوە دەهات. ئەندازیار کە لە بەرلین فێر دەبوو دەهات و چەندین کارتۆنی پڕ لە پڕۆژەی پێ بوو. هێندەی نەدەبرد زۆربەی ئەم

بێگانانە لەگەڵ کەش و هەوای نوێ ڕادەهاتن و لە وڵاتدا ڕەگیان دادەکووتا، فێرکار یان قوتابییان پێ دەگەیاند کە ئامادەبوون چراوگەکە بگرنە دەست. لەوانەیە پزیشکیی عوسمانی یەکەم قازانجکار بوو بێ لەم تەکانەی ئەقڵ و مەعاریف ڕووەو ڕۆژهەڵات. لە دەورانی عەبدولعەزیز لە تورکیا بەدەیان پزیشکی لێ بوون کە لە ئەورووپاوە هاتبوون و هەموویان مشووری ئەوەیان بوو کە کارەکانیان بەشێوەیەک ببەنەڕێوە کە لەگەڵ دوایین دۆزینەوەکانی زانستدا ڕێ بکات.

دوایین گرووپ کە شایانی ئەوەیە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، گرووپی پیاوانی ئاینی بوو، گەرچی ئێمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی ناو نەبێ لە ناو لیستی ئەندامانی یەکیەتی ڕۆژهەڵاتدا نایانبینین، بەڵام ئەوانەی کۆششیان دەکرد بۆ وەدیهێنانی تەنزیمات لە ڕاستیدا لە هەمووڵایەکی ئیمپراتۆریادا زۆر بوون. مەلایەکان بەو پێیەی کە هێزێکی یەکگر بوون لە زۆربەی ئەو داوودەزگە ناوەندییانەی کە بابیعالی لە پێناوی وەدیهێنانی چاکسازی دروستی کردبوون دیاربوون. هەروەک چۆن بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوان ڕادەسپێردران تا ڕەوشی قەزا بەڕێوەببەن، وێرای ئەو گۆڕانکاریانەش کە لەو بوارەدا ڕوویان دا لەوەتای دەورانی عەبدولحەمیدەوە و دواجار، مەلایەکان لە قوتابخانەکانیشدا بڵاوبوون – هەتا لەو قوتابخانانەش کە سیمایەکی زیاتر عەلمانییان هەبوو – و هەروەک بەشێوەیەکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی چەندین وەزارەتی دیاریکراو هەروەها لە ئیدارە ناوەخۆییەکاندا بڵاوبوون.

چۆن دەکرێ ڕاڤەی ئەوە بکرێ کە پیاوانی ئاینی شوێنێکی ئاوا گرینگ لە ناو کادیرەکانی تەنزیماتدا بگرن؟ یەکەم وەڵام کە بەبیردا بێ



ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی بەو پێیەی کە لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی تەواوی توخمی شارەستانیی نەبوو بۆ ئەدای هەموو ئەو وەزیفە نوێیانەی کە دادەمەزران، بۆیە بەشێوەیەکی تەواو سروشتی بەرە لای مامووره تەقلیدییەکانی ئیدارە و شارەزایی کە مەلایەکان بوون دەرویشت. بەڵام شیاو ئەوەیە هەروەها ئیشارە بەوەش بدرێ کە مۆدێرنیتەی تەنزیمات نە دژی ئاین و نە دژی پیاوانی ئاینی بوو و تەواو بەپێچەوانەوە: چاکسازە عوسمانییەکان زۆربەیان بەوە دەناسرانەوە کە پابەند بوون بەترادسیۆنی ئیسلامی. پیاوانی ئایینی-ش لە لای خۆیانەوە، بەدەگمەن لەناویاندا هەبوو کە دژی نوێکردنەوە بوون، بەتایبەت کاتێک تەنزیمات لە ژێر پەردەی نوێکردنەوەی بەهای کۆندا پێشکێش دەکرا. لەم ڕەوشەشدا هیچ جێگەی سەرسووڕمان نەبوو لەوەی کە بەگەلەکۆمەکی بچنە ناو سوپای چاکسازییەوە.

ئەوەی گرینگە ئەو مەسەلەیە بەرچاو بخرێ کە: هیچ یەکێک لە پێکهاتە ئیتنی یا ئاینیەکانی ئیمپراتۆریا، تەنزیماتی بۆ خۆی قۆرخ نەکردبوو، زانایەکی موسڵمان، بەتەک بازرگانێکی ئەرمەنی و پزیشکێکی جوولەکە و ڕۆژنامەوانێکی یۆنانی و سەعاتچییەکی لە ژورا(*) هاتوو بەشدار دەبوون لە نوێکردنەوە. بەنیسبەت زۆرینەی بەگزادەکانی سەردەم، هەروەک بەنیسبەت سوڵتان و وەزیرەکانی، ئەوەی کە قسە و باسی لەبارەوە دەکرا کە لە ڕێگەی چاکسازییەوە ڕزگار بکرێ ئەو دەوڵەتە فرەڕەگەز و فرەمەزهەبەبوو کە دەیروانییە سەر زەریای ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات لەوەتای دەورانی گەلێک زووەوە.

(*) ژورا: Jura

## ڕیفۆرمەکان

### بابیعالی

لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمدا ژمارەی ئەو کاتبانەی کە لە خزمەتی حکوومەتی سوڵتاندا بوون لە نێوان هەزار و هەزار و پێنجسەد کەسدا بوون و لە ماوەی دەورانی عەبدولحەمیدی دووەم، لە نوسینگەکانی بابیعالی ژمارەکە دەگاتە ١٠٠٠٠٠ سکرتێر و کاتب لە هەمووچەشنێک. ئەم ژمارەیە بۆ خۆی بەشی ئەوە دەکات بیرۆکەیەک لە بارەی ئەو هەڵئاوسانە سەیر و سەمەرەیە بەدەستەوە بدا کە دامەزراوەکانی حکوومی لە سەردەمی تەنزیمات بەخۆیەوەی بینیووە و ڕیگە بەزانینی ئالۆزییە زۆربووەکانی دەدات. بەهۆی فرە پێکهاتن و دووبارە پێکهاتن لەو خزمەتگوزارییانەی کە هەبوون و هەروەها بەهۆی زۆری پێکەوەلکانی نووسینگە نوێیەکان و دەزگا نوێیەکان بۆ ئەو داموودەزگایانەی کە پێشتر لەسەرکار بوون، عوسمانییە ڕیفۆرمخوارەکان لە ماوەی چەند دە ساڵێکدا توانییان ئیدارەیەکی ناوەندیی ئەوها پەلوپۆ داکوتیووی وەک دەوڵەتێکی بەدەوڵەمەندی ترادسیۆنی وەک فرانسا دروست بکەن.

بێ گومان مۆدیلەکە لە ئەوروپاوە هاتبوو. دەوڵەتە گەورە ئەورووپاییەکان وەزارەتگەلی تایبەتمەندیان هەبوو لە کاروباری کەرتی تایبەتیی کاروباری گشتیدا و پاشان وەزارەت دادەمەزرێن. لەسەر ئەو شێوەیەی کە لە ڕۆژئاوادا ڕووی دا، هەموو وەزارەتێک چەندین دیپارتوومان، بیرۆگەلی ڕاسپاردراو بۆ تەواوکردنی ئەرکێکی دیاریکراو و ئەنجوومەنێکی پێ دەبەخشرا کە پەیامەکەی



ئاڕاستەکردنی وەزیر بوو لە بەرنامەکانیدا. هەڵبەت، هەموو ئەمانە کاتی پێویست بوو. زیاتر لە سی ساڵی ویست تاوەکو دیوانی کاروباری قەزایی کە مەحموودی دووەم دایمەزراند بگۆڕێ بۆ وەزارەتی ڕاستەقینەی داد لە نیوەی دەورانی عەبدولعەزیزدا. بەهەمان شێوە وەزارەتی ناوەخۆ تا ساڵی ١٨٦٩ لە ئارادا نەبوو. تا ئەوکاتە کاروباری هەرێمەکان لە لایەن بەشێکەوە بەڕێوەدەبرا کە سەر بەسەدارەتی ئەعزەم بوو.

هەڵبەت لە دەوروبەری سەرەتای ساڵی ١٨٧٠ دا گۆڕانکارییەکە بەنزیکەیی تەواو بووبوو. لەم سەردەمەدا بابیعالی یەک زنجیرەی تەواو ئیداراتی وەزارەتی هەبوو کە سێکتۆرەکانی تەواو هەمەچشنەبوون وەک کاروباری هەندەران، ناوەخۆ، داد، دارایی، ئەوقافی خێرخوازی، بازرگانی، کشتوکاڵ و ئەشغالی گشتیی دەگرتەوە. هەریەک لەم دەزگایانە یان لە لایەن وەزیرێک "ناظر"ێک، یان لە لایەن سکرتێرێک "موستەشار" بەڕێوەدەبردرا کە بەشێکی جیانەکراوەبوو لە ئەنجوومەنی وەزیران بەتەک کەسایەتییەکانی دیکەی وەک شەیخولئیسلام، ئەفسەرانی بەرپرسیار لە دەستەکانی عەسکەری "سوپا، تۆپهاوێژ، زەریاوانی" و سەرۆکی ئەنجوومەنە ڕاوێژکارییە هەمەچشنەکان. دەزگای ناوەندیی ڕاپەڕاندنەکە بەم شێوەیە دامەزرابوو کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو ئەنجوومەنە تایبەتیانە دەچوو کە سوڵتانەکانی عوسمانی عادەتیان وابوو بەئامانجی دروستکردنی یەکڕایی لە نێوان ماموورە سەرەکییەکانی دەسەڵات کۆی دەکردنەوە. بەڵام لە ڕووی شێوازی کارکردنەکەیدا، لەسەر شێوازی ئەورووپییانە سیمای "ئەنجوومەنی وەزیران" ی نیشان دەدا: ئەم ئەنجوومەنە لەسەر

کاروباره هەنووکەییەکاندا بڕیاریان دەگرت، دیراسەی پرۆژەکانی پێویست، بڕیارگەلێکیان دەردەکرد کە پێوەستی ژمارەیەک بابەتگەلی هەمەچەشنەبوو.

لە ناو هەموو دیپارتومانەکانی بابیعالی ئەوەی لە هەمووان زیاتر شوێن پەنجەی ڕۆژئاوای بەتووندی بەسەرەوەبوو، وەزارەتی کاروباری هەندەران بوو. ئەم دەزگایە کە ئەڵقەی سەرەکی پێوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەرەوە بوو کە لە دەورانی مەحموودی دووەم دا بناغەکەی دارێژرا و لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٠ ستروکتوورێکی زۆر هەمەچەشنە و بیست بەشی جیاجیای بەخۆوە گرتبوو. بەشی لە هەمووان بەرچاوتر بیرۆی تەرجومان "ترجمان اودسی" بوو کە ئەرکەکەی برێتیبوو لە وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەت بوون بە بەو کاروبارانەی کە بەزمانێکی دیکەی جگە لە تورکی بە ڕێدەکران، کە ئەمە بەشوێنی خۆیەوە پێکهاتنی چەند دەستەبژێرێکی نوێ زامن کرد. چونکە لەوێدا هەر تەنیا فێری هونەری دارشتنەوەی وەرگێڕان نەدەبوون. لە ڕاستیدا بیرۆیەکە جۆرێک لە بازنەی ئەدەبی و سیاسی بوو کە ئەوانەی دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵدەکەوت پێوەندی پێوە بکەن فێری ئەوە دەبوون کۆدی جیهانی نوێ بخوێننەوە. باڵیۆزخانە و مفەوەزییەکان هەمان ڕۆڵیان دەبینی. سێرڤیسی دیبلۆماتی عوسمانی دوور بوو لەوەی هەموو لایەکی گۆی زەوی بگرێتەوە- ئیمپراتۆریا تەنیا لە دە دوازدە وڵاتێکدا نوێنەرایەتی دەکرد-، بەڵام هەر هیچ نەبوایە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پایتەختە گەورەکان: لەندەن، پاریس، ڤیەننا، سان پێترسبۆرگ، بەرلین، واشنتۆن، ڕۆما زامن دەکرد و لە وێشەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو زانیاری و شیکردنەوانەی بۆ



دەهات کە ئاڕاستەی دەکران بۆ ئەوەی ببنە کۆڵەگەیەک بۆ ئەو پرۆژە ریفۆرمخوازانەیەی کە بابیعالی پێیان هەڵدەستا.

بەشێوەیەکی پارەلێل بۆ وەزارەتە هەمەچشنەکان، ئیدارەی مەرکەزی ئیمپراتۆریا چەند دەزگای تەرخان کردبوو کە ئەرکی دارشتنەوەی یاسا و ڕێساگەلێک بێ کە کۆمەڵگەی تەنزیمات پێویستی پێیان بێ. دەزگای هەرە کۆن و هەرە گرینگ بێ گومان لەناو ئەم دەزگایانە، ئەنجوومەنی باڵای ئەحکامی دادپەروەری "مجلس عالي احكامي عدلية" بوو کە ساڵی ١٨٣٨، کەمێک بەر لە مردنی مەحموودی دووەم دامەزرا کە پسپۆرییەکانی لە سەرەتای دەورانی دواتردا بەرفراوان کران. ڕۆڵی ئەم دەزگایە برێتیبوو لە ئامادەکردنی ئەو دەقە یاسایانەی کە دەبوو ریفۆرمەکان ڕێک بخات و چاوەدێری پراکتیزەکردنیان بکات. یاساناس و بەگزادەکان کە بەشێکی جیانەکراوە بوون لێی، کاری خۆیان بەشێوەیەکی ئەو هێندە جدی دەکرد کە هەر زوو بوون بەپێدەری سەرەکی سیستەمی حوکمڕایی یاسا، لەگەڵ ئەوەی کە لە هەمان کاتدا هەمان وەکو مەحکەمەی ئیستئیناف کار دەکەن بۆ چاوگێڕانەوە بەو کێشانەی کە لە ئەنجامی ئەحکامی نوێ بەدیار دەکەوتن.

بەڵام هەر زوو ئەم ئەنجوومەنە دەستبەرداری دەبوو کە بتوانێ بەرەو ڕووی ئەو پێویستیانە ببێتەوە کە لە ئەنجامی ئەو فرەچەشنەیە زۆرییەی دامەزراوەکان پەیدا دەبوون و پێویست بوو کەوا دەزگای تایبەتمەند، کە زۆربەی جار توانایەکی سادەی هەبوو و ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانەی پێ دەسپێردرا کە پێویستی بەئەزموونێکی تایبەتیی هەبوو، بەم شێوەیە بۆ نموونە لێژنەیەکی بەرپرس لە مەسەلە

بازرگانییەکان و لێژنەیەکی دیکەی تایبەت بەدیراسەکردنی ئەو هەنگاو هەڵگرتنانە پێکەوە دەنرا کە دەبوو بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی بگرێتە بەر و لێژنەی سێیەم کەرتی ئەشغالی گشتی دەگرتەوە. لە ساڵی ١٨٥٤ بابیعالی بۆ ئەوەش دەچوو کە ئەنجوومەنێکی باڵای ڕیفۆرم "مجلس عالي تنظيمات" دروست بکات کە لەسەر شێوەی ئەنجوومەنی باڵای داد، دەسەڵاتی تەشریعی و قەزایی هەبوو گەرچی بە پلەی یەکەم وای تێدەڕوانرا وەک ئەوەی کۆڕێکی لێکۆڵینەوەی تەنزیمات بێ. ئەم دەزگایە تەنیا ماوەی دە ساڵانێک ژیا و دواتر لە ناو ئەنجوومەنی باڵای داد تواوەوە کە پەیامەکەی برێتیبوو لە یارمەتیدانی، بەڵام لە پێدا بێ ئەوەی بتوانێ کاریگەرییەکەی دیاری بکات.

لە ناو دەزگا تەشریعییە زۆر گرینگەکانی سەردەم، وا باشە ئیشارە بە ئەنجوومەنی دەوڵەت "شورای دولت" بکەین کە ساڵی ١٨٦٨ دامەزرا بۆ ئەوەی شوێنی ئەنجوومەنی ڕیفۆرمەکان بگرێتەوە کە لە سەرەتای گرێ دەساڵییەکەدا هەڵوەشێنرایەوە. لەو کارانەی کە دەیکردن ئەم ئەنجوومەنە نوێیە لە پێنج لێژنە "ناوەخۆ – کاروباری عەسکەری، دارایی، ئەشغالی گشتیی – بازرگانی، کشتوکاڵ و پەروەردە" پێک هاتبوو کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەزگایەکانی پێش خۆی نەبوو و لە ڕاستیدا بەشێک لەو ئەندامانەی پێنجەمین کە لێیەوە پێک دەهاتن، نوماینەدەی کۆمیۆنیتە نا موسڵمانەکانی ئیمپراتۆریا بوون و سەرباری ئەمەش، ئەم دەزگایە چەند مەندوبێکی لە ئەنجوومەنی ویلایەتەکان و کۆرپۆراسیۆنەکاندا بەخۆوە گرتبوو. ئەم ئەنجوومەنە یەکەم هەنگاوی زۆر شەرمنانە بوو بەئاڕاستەی دامەزراندنی



دەزگایەکی نوێنەرایەتیکردن. بەبێ هیچ گومانێک دەستووری ١٨٧٦ و سیستمی حوکمڕانی ئەنجوومەنەکەی ئیدی هێندە دوور نەبوون.

بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ئەم دەزگایە کە قورساییەکەی تا دەهات زیاتر قورس دەبوو، پێویست بوو کەوا لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا ژمارەیەکی بەرچاوی فەرمانکارە دابمەزرێن و چی تر بیرۆی تەرجومان و ئەو کەمە قوتابخانەی دەستەبژێرەکان کە دادەمەزران نەیاندەتوانی جگە لە بەشێکی دیاریکراوی پێویستییەکان زیاتر دابین بکەن. پاشان بابیعالی خۆی وابینییەوە ناچار ڕوو لە کۆمیۆنیتەکانی– یۆنانی، ئەرمەن و جوولەکە– بکات کە خەڵکەکانی زمانە بێگانەکانیان دەزانی و بەبێ ئاستەنگ لەگەڵ پرۆگرامە نوێیەکانی ئیدارەدا دەگونجان. هەروەک زۆر فەرمانکارەی لە ژینگە ئاساییەکەی خۆی، ژینگەی ئەو پیاوانەی کە لە قوتابخانە ئیسلامییە تەقلیدییەکان خوێندبوویان دامەزراند. بەکورتی دەبوو ئیمپراتۆریا تیرێک لە هەموو دارەکان دروست بکات. ئەم کەسە نامۆیانە دووربوون لەوەی خەوشیان هەبێ. لیستە ڕێکخراوەییەکان کە لە لایەن سەدری ئەعزەم بۆ بیرۆیەکانی بابیعالی دەردەچوو، درەنگ نەکەوت لەوەی سزای هەموو جۆرە نەبوونێکی ئەخلاقی پیشەیی بدا: نەهاتنە سەرکار، گەندەڵی، کەمتەرخەمی، دزینی مومتەلەکاتی گشتیی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، نەبوونی دیسپلین... هتد. بەڵام ئەم سزایانە – کە نووسەرانی سەردەمیش بەکاریان دەهێنا بۆ ڕیسواکردنی – هیچێکی وای لە مەسەلەکە نەگۆڕی. ئەگەر بزانین ئەم داوودەزگایە کە زۆر کەم ئامادەکرابوو بۆ ئەو ڕۆڵەی کە پێ سپێردرابوو، توانی لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک لە بەرچاو بگرێ، خۆی بخاتە خزمەتی ڕیفۆرمەکان.

## بەرەو یەکخستنی یاسا

یەکێک لەو ئەرکە سەرەکییانەی کە بیرۆیەکانی بابیعالی تەواویان کرد برێتیبوو لە دارِشتنی یاسایەکی نوێ کە لەگەڵ رِۆحی تەنزیماتدا برِوا بەرِێوە. یاساگەلێک کە شایستەی دەوڵەتێکی نوێ بێ و بتوانرێ بەشێوەیەکی تایبەتیی بەسەر هەموو هاوولاتیانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەبێ جیاوازی رِەگەز یان ئاین پیادە بکرێ هەر وەک ئەوەی مەرسوومە سولتانییەکان جارِیان بۆ هەڵدەدا. ئەرکەکە ئاسان نەبوو، ئەمە واتای بەلاوەنانی داوونەریت و رِووتکردنەوەی کەمینە نەتەوایەتییەکان بوو لە بەشێک لەو ئیمتیازاتانەی کە لە لایەنیی قەزایی پێیەوە سوودمەند بوون، بۆ ئەوەی ملکەچ بکرێن بۆ یاسایەکی یەککگرتوو. هەروەک ئەمەی دوایی واتەی کارکردن بۆ یاساگەلێک کە دەبێ لە لایەن هەموو کۆمیۆنیتەکان قەبووڵ بکرێ لەگەڵ بەردەوامبوون لە رِێزگرتنی بنچینە یاساییەکانی ئیسلام.

بابیعالی بەشێوەیەکی زۆر وریایانە کاری دەکرد و رِێگەی مەترسی نەگرت بۆ یەکخستنەوەی یاسا و قەزا تەنیا بەهەنگاوی چکۆڵە نەبێ. شتەکان ساڵی ١٨٤٠ بەو ئاقارە دەستیان پێ کرد کەوا یاسایەکانی سزادان "جزا قانوننامەسی" تا رِادەیەک پەرش و بڵاو و ئاڵۆسکاو بێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی زۆر رِوون بەهرەی لە بیرورِای نوێ وەردەگرت. رِاستییەکەی دێباجەکە یەکێک لە پرەنسیپە گەورەکانی تەنزیمات وەدیار دەخات، پرەنسیپی یەکسانیی هەموو هاوولاتییەکان لە بەرامبەر یاسادا کە ئەوەی تێدا دیاریکراوە کە "شوانێک لە ناو چیادا لەگەڵ وەزیرێک" لەو ساتەوە "لە بەردەم یاسادا" هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. بەم شێوەیە مەسەلەکە لە بواری سزادانداچی تر مەسەلەی گەرِانەوە نەبوو بۆ برِیارە زۆردارییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتەوە دەردەچوون. ئەو پێشێلکارییانەی کە تێبینی دەکران، تەنیا ئەو سزایانەیان بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە یاسادا تۆمارکراون، بەدەر لە هەموو گەرِانەوەیەک بۆ رِێسایە هەمیشە گۆرِاوەکانی داوونەریت.



ئەمە یەکەم یاسایە کە ساڵی ١٨٥١ هەموار کرا، ساڵی ١٨٥٨ یاسایەکی نوێ لەسەر بنچینەی یاسای فەرەنسیی شوێنی گرتەوە. لە هەمان ساڵەکاندا، نموونەیەکی یاسای بازرگانی نوێی بەدەوڵەتی عوسمانی بەخشی ١٨٥٠، ساڵی ١٨٦١ هەموار کرا و نموونەیەکی یاسای بازگانی زەریاوانی (١٨٦٣) و هەموو ئەو تێکستانەش – کە تا ئێستەش هەر زۆر سادەن – یەک ئامانجیان لە بەرچاو گرتبوو: یاسایەکی جێگیر و تەواو بەئیمپراتۆریا بدەن کە لەگەڵ پێویستییەکانی وڵاتێک بگونجێ کە لە ناو گۆرِینکارییەکی تەواو دایە.

رِاستە وێرِای ئەو وریاییانەی کە ئەو یاساناسانەی نووسینەوەی یاسای نوێیان پێ سپێردرابوو لە بەرچاویان دەگرت کەچی برِێک جار وا دەبوو لەگەڵ زانا ئاینییەکان بەرەو رِوودەبوونەوە. یاسای بازرگانی، بەتایبەتیی کە بەشەرعی رِێگەی بەقەرزی بەقازانج دەدا و خستنە ناوەوەی شێوە گەلێکی رِێکخراوەیی کە یاسای ئیسلام پێیان ئاشنا نەبوو، دوور بوو لەوەی هەمووان لەسەری رِێکبکەون و جەدەلێکی زۆری نایەوە. بەڵام بەگشتی بەرەو رِووبوونەوەی ئاوها دەگمەن بوو چونکە یاسایەکانی تەنزیمات بەرِووێکی گشتیی دەیزانی بەچاکی ئیسلام و نوێخوازی بەیەکەوە گرێ بدا.

ئەمەیان بەرِووێکی گشتیی، شوێنەواری سەرەکی یاسایی سەردەم بوو. مجلە Medjelle هاوواتای عوسمانیی یاسای مەدەنی بوو. جا

وەختایەک کارەکە پێوەندی بەوە بوو کارێکی لەوجۆرە بەگەربخرێ، سەدری ئەعزەم، عەلی پاشا وای دەخوازی کە بەهەمان ئەو شێوازە بجولێنەوە کە بۆ تێکستە وەرگیراوەکانی دیکە کران و بەوەندە دەستبەردار بن کە لەگەڵ یاسای مەدەنی فەرەنسی ڕێک بێتەوە. کەچی ئەو یاساناسانەی کە ئەم کارەیان پێ سپێردرابوو ئەو هێندە بەتووندی وەڵامی ئەمەیان دایەوە بەشێوەیەک کە بابیعالی ناچار بوو ڕای خۆی بگۆڕێ و لابداتە لای ڕای ئەوانەی کە خوازیاری یاسادانێکیان دەکرد کە پشت ئەستوور بێ بەشەریعەت. مجلە Med-jelle کە لە ژێر چاوەدێری ئەحمەد جەودەت پاشا "١٨٢٣ – ١٨٩٥" بەڕێوە دەچوو، مێژوونووس، یاساناس و پیاوی دەوڵەتیی خاوەن بەهرەیەکی گەورە بوو زۆر بەتوندی شوێن پەنجەی ئەم خۆ پێوەگرتن بەترادسیۆنی ئیسلامی بەخۆوە هەڵگرتبوو و وا دیاربوو لە ڕووی بناغەوە کۆمەڵە یاسایەکی ئیسلامی مەزهەبی ئەبی حەنەفیە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە گەورە مەزنە کە لە شازدە کتێب پێک هاتووە – بڵاوکردنەوەی لە ساڵی ١٨٧٠ تا ساڵی ١٨٧٧ی خایاند – سیمایەکی تەواو جیاواز بەدەستەوە نادات لەوەی کە تا ئەوکات لە ئارادا بووە. لە ڕووی ڕێکخستنی ناوەوە، لە ڕووی شێوازی میتۆدۆلۆگی کە مەسەلەگەلێکی هەمەچشنەی پێ چارەسەر کراوە، هەروەها لە ڕووی داڕشتنەکەیەوە، وەکو هاوتایەکی ئیسلامی گونجاو بۆ یاسای ناپۆلیۆنی و تەجلیاتە هەمەچشنەکانی بەدیار کەوت.

هەمان کاراکتەر لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی جیاکەرەوەی سەردەمدا دەبینین کە ئەویش یاسای کشتوکاڵی ساڵی ١٨٥٨ە. ئەم بەڵگەنامەیە کە لە ١٣٢ مادە پێک هاتووە و ڕێز لە عورف و ئەحکامی یاسایی





ئیسلامی دەگرێ، جگە لە بەیاسایکردنی ڕەوشی دیفاکتۆ کە لە گوندەکانی عوسمانیدا باو بوو، هیچ شتێکی ئاوای نەگۆڕی نە لە شێوەکانی موڵکداری و نە لە شێوەکانی وەبەرهەمهێنانی زەویوزار. ئەوەی بەڕاستی نوێ بوو تەنیا فۆرمەکەی بوو. ئەم یاسایە لە جیاتی مشتێک ئاڵۆزی یاسایەکان و ئەو عورفە باوانەی کە تا ئەوکات کاریان پێ دەکرا، کۆمەڵە ئەحکامێکی ڕێکخراو جێگەیان گرتەوە کە دەشیا لە هەموو هەرێمەکانی ئیمپراتۆریادا پیادە بکرێن و بەوە جیا دەکرایەوە کە هەڵگری عەقڵگەراییەک بوو کە لە ڕۆژئاواوە وەرگیرابوو.

بۆ کاری یاسای نوێ، کارەکە پێویستی بەدەستەی یاسایی نوێ هەبوو، چونکە دەستە تەقلیدییەکان کە پیاوە ئاینییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو زۆر بە کەمی دەنا لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا کۆک نەبوون. بەڵام لەو بوارەشدا ڕیفۆرمخوازەکان بە وریاییەوە هەڵس و کەوتیان دەکرد. نەدەکرا بەنووکە قەڵەمێک نە لە دەست مەحکەمە ئاینییەکانی قازییەکان و نە لەدەست مەحکەمەی کۆمیۆنیتە غەیرە موسڵمانەکان ڕزگار ببیت. ئەمە بۆخۆی واتەی لەناوبردنی بنچینەکانی کۆمەڵگەی عوسمانیی بوو. بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی بەرەبەریی لە نێوان ئەو دەستە قەزاییەی کە ئەرکی یاسادانیان پێ سپێردراوە لە کاروباری پێوەند لەگەڵ یاسا نوێیەکان کۆبکرێنەوە.

داگە بازرگانییەکان کە لە ساڵی ١٨٤٠ دامەزران، هەنگاوی هەوەڵ بوون لەسەر ڕێگەی قەزای مەدەنی، دابڕاو لەگەڵ دەزگای ئایینی و ئەم دادگەیانە کە لە سێ قازی پێک هاتبوون و لە لایەن حکوومەتەوە دادەنران لەگەڵ چوار قازی ئالیکار کە بڕێتیبوون لەو بازرگانانەی کەسەر بەکەمینە نەتەوایەتییەکان و بازرگانە ئەورووپاییەکان بوون،

یاسایەکی هاوردەیی لە وە هاتوو بوو کە بەگوێرەی ئەو هەنگاوهەڵگرتنانە بەڕێوەدەچوو کە هاوشان بوو لەگەڵ ئەوەی لە ئەوروپا کاری پێ دەکرا.

دووەم هەنگاو لە ماوەی شەستەکان لەگەڵ ڕایەڵەیەک لە دادگە بەناوی دادگەگەلی نیزامی "یاسایی" تاوەکو "ڕۆیشتوو لەگەڵ سیستەمی نوێ" بڕیار درا و ئەرکی پێداچوونەوەی هەموو ئەو مەسەلانەی پێ سپێردرابوو کە لە پسپۆری دەسەڵاتکارانی ئاینییەوە بەدەر بوو. یەکەم تاقیکردنەوە کرایەوە، لە دەستپێکی دەورانی عەبدولحەمید لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی تێکەڵاو دەستپێکرد کە ئەرکی چاوپێداخشاندنەوەی کاروباری تاوانکارییان پێ سپێردرابوو. لەگەڵ دامەزراندنی مەحکەمە نیزامییەکان ئاسایش بەرقەرار دەبێ و دەبینین کۆمەڵێکی تەواو دەستەی قەزایی دروست دەبن لە ئەنجوومەنێکی سادەی کۆنەکان کە لە دوازدە ئەندام پێک دێن لەسەر ئاستی ناحیە بۆ ئەنجوومەنی دەوڵەت لە ئەستەمبوڵ دامەزرا تا دەگاتە دادگەی قەزایەکان (قەزا، سنجاق) و مەحکەمەکانی ئیستئیناف لە مەرکەزی ویلایەتەکاندا. ئەم مەحکەمە نوێیانەی کە لە لایەن قازیەکەوە بەڕێوە دەبردران ژمارەگەلێکی دیکەی نوێنەرایەتی داوودەزگەی ئاینی لە ناو ئەندامەکانیا بەخۆدەگرت کە بەدەگمەن لە چوارچێوەی ئیسلام دەچوونە دەرەوە. بەڵام شوێنێک تێیدا بۆ غەیرە موسڵمانەکان و بۆ ژمارەیەکی پیاوانی نا ئاینی کە لە لایەن دەسەڵاتی شارییەوە دادەمەزران، دەبینرا. سەرباری ئەو یاسایانەی کە لە لایەن بابیعالی دەردەچوون بەڵام هەر تەنیا ئەوان هەقی شارنشینیان هەبوو. ئەوە شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو، بەڵام بێدەنگ و لە لایەن زانا



ئاینییەکان تەنیا بەرەنگارییەکی سەرپێیانەی وروژاند.

ئینتیمای ئەو یاساناسانەی کە ئەرکی داڕشتنی یاسا نوێیەکان و دامەزراندنی سترەکتووری یاساییان پێ سپێردرابوو، هەموویان بەنزیکەیی، لە سەرووی هەمووشیانەوە جەودەت پاشا بۆ گرووپی زانا ئاینییەکان، بەدڵنیاییەوە کارەکەی ئاسان کردبوو.. بەم شێوەیە ڕێفۆرمی یاسا تا ڕادەیەکی زۆر توانی وا خۆی نیشان بدا بەو پێیەی کە ڕیفۆرمێکە هەڵقوڵاوی ناوەوەیە. بەم شێوەیە بەسەر زۆر لە داوودەرمانی چارەسەرییەکەدا تێپەڕبوون، بەداوودەرمانی تا ڕادەیەک تاڵیشەوە کە پێوەست بوو بەپشتبەستن بەو یاسایانەی کە لە ڕۆژئاوای مەسیحییەوە هاتبوون.

## سکۆلاریزەکردنی پەروەردە

ئەگەر زانا ئاینییەکان و بەشێوەیەکی زیاتر گشتی، ڕووناکبیرە موسڵمانەکان لە ماوەی سەرتاسەری سەردەمی تەنزیمات شوێنێکی یەکەمیان گرتبێ نەک هەر تەنیا لە داوودەزگەی قەزایی بگرە هەروا وەک بینیمان، لە خزمەتگوزارییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتیشدا، ئەمەیان پشکی گەورەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی پەروەردەکردنی تەقلیدی، بەڕایەڵێکی مەکتەب و مەدرەسە تەنرابوو کە هێشتا لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتیان دەبینی لە پێکهاتنی دەستەبژێرەکاندا. ڕیفۆرمخوازەکان زۆر زوو درکیان بەوە کرد کە پێویستە سترەکتوورێکی پەروەردەیی جیاکراو لە پەروەردەی ئاینی بخرێتە کار بۆ پێگەیاندنی کەسانێک کە بتوانن ئیدارەی پرۆسیسی مۆدێرنیتە بە کاریگەرییێکی تەواو بگرنە دەست. هەڵبەت لەبەر نەبوونی

ئیمکانیات بەتایبەتی نەبوونی ژمارەیەکی پێویستی مامۆستا، سکۆلاریزەکردنی پەروەردە تەنیا بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ پێش دەکەوت. هەر هیچ نەبێ سەبارەت بەو داوودەزگە پەروەردەییەی کە دەوڵەت دای مەزراندبوون. ڕاستییەکەی، کارەکە بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر لە ناو "نەتەوە" کەمینە نەتەوەییەکان بەدیارکەوت. لێرەدا دەبینین "برەو"ێکی ڕاستەقینەی پەروەردە هەیە. لە ماوەی چەند دە ساڵێکدا سەدان قوتابخانە بەدیار کەوتن کە خوێندنێکی مۆدێرنی تێدا بەڕێوەدەچوو. بەڵام ئەم قوتابخانەش لە ژێر کۆنترۆڵی هەمەچەشنەی پیاوانی ئاینی ڕزگاریان نەبوو کە سەرپەرشتی کۆمیۆنیتەکەیان دەکرد.

لە دەورانی مەحموودی دووەم بوو کە یەکەمین قوتابخانەی عەلمانی دامەزرا کە تایبەت بوو بەمندالآن و هەرزەکاران. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا داوودەزگەی دەوڵەت سیمایەکی هاوبەندیی بەخۆیەوە گرتبوو. لە خوارەوە پەروەردەیەکی سەرەتایی "ئیبتیدائییە" کە وانەگەلێکی لە بیرکاری، مێژووی عوسمانی و جوگرافیا و هەروەها پەروەردەی ئایینی تێدا دەخوێندرا، پاشان دەبینین لە پلەی دووەم قوتابخانە گەلێک هەبوو کە ناوی قوتابخانەی ڕوشدییە (قوتابخانەی "پێگەیشتووان") بوو کە بۆ گەنجانی دە تا پازدە ساڵی وانەکانی زمان (تورکی، عەرەبی و فارسی) و بیرکاری، ئەندازە، مێژوو، جوگرافیا و ئاینی تێدا دەخوێندرا و دواتر قوتابخانەی "ناوەندی" (اعدادی) دێ کە ماوەکەی سێ ساڵ بوو و بەرنامەکانی ژمارەیەکی زۆر زانیاری بەخۆوە گرتبوو کە بریتیبوون لە "زمانە ڕۆژهەلاتییەکان، فەرەنسی، ئابووری، جەبر، بیرکاری،



ژمێریاری، زانستی فیزیک، کیمیا، فەلسەفە، مێژوو، جوگرافیا و کاری دەستیی". بەلآم قوتابخانە هێشتا زۆر کەم بوون. بەگوێرەی ساڵنامەی بابیعالی، ئیمپراتۆریای عوسمانی لەسەروبەندی جەنگی قرم دا، تەنیا شەست قوتابخانەی ڕوشدییەی هەبوو کە تێکڕای ژمارەی قوتابییەکانی لە ٣٣٧١ قوتابی زیاتر نەبوو لە کاتێکدا لە قوتابخانە تەقلیدییەکانی ئەستەمبوڵ بە تەنیا لە هەمان سەردەمدا ژمارەی قوتابییەکانی بریتیبوو لە ١٦٧٥٢ قوتابی.

دەبوو تاوەکو کۆتایی سەردەمی تەنزیمات چاوەڕێ بکرێ تاوەکو ژێرخانی پەروەردەیی دەوڵەت کەمێک زیاتر توندوتۆڵتر بێ. لەم ماوەیەدا، ڤیکتۆر دورویی، وەزیری فێرکردنی گشتیی ناپۆلیۆنی سێیەم سەری لە ئەستەمبوڵ دا و پرۆژەیەکی ڕیفۆرمی پەروەدەی عوسمانی خستە بەردەم سوڵتان. لە دوای ئەم سەردانە، سیستمی پەروەردەی نوێ ئامانجی خۆی پێکا، لە ساڵی ١٨٦٩ "پرەنسیپێک" کە بەئامانجی گشتیکردنەکەی بوو. بەتایبەت، ئاستێکی نوێ ئیزافەی سەر هەرەمی خوێندن کرا، ئەویش هەرەمی مەکتەبی سوڵتانی "قوتابخانەی سوڵتانی" بوو کە هاوتای عوسمانیی لیسێی "ئامادەیی" بوو.

یەکەمین و بەناوبانگترین قوتابخانەی سوڵتانی، قوتابخانەی ئامادەیی "لیسێی" غەلەتە سەرای سوڵتانی بوو کە ساڵی ١٨٦٨ بەیارمەتی حکوومەتی فەرەنسی دامەزرا و حکوومەتی عوسمانی چاوی بڕیبووە ئەوەی بە یەکتاو زۆر بەدی بهێنێ. مەبەست لەوە بەردەستخستنی دەستەبژێرێکی بچووک بوو بۆ ئەوەی هەر بەتەواوی پەروەردەیەکی تەواو لە فرانسا هاتوویان پێ بدرێ و دەرسەکان

بەزمانی فەرەنسی بوون. لە کاتی دەرچوونی قوتابییەکان لە قوتابخانە، دڵنیابوون کە پایەکی گرینگ لە بەڕێوەبەرایەتی و بگرە دەیانتوانی بگەنە بەرزترین پلەکانی وەزیفەی گشتی. هاوڕێ بەپێی ئایدۆلۆجیای تەنزیمات قوتابخانەکە نەک هەر تەنیا بۆ موسڵمانەکان بگرە بۆ کەمینە نەتەوەیەکانیش کراوە بوو. ئەمە شێوازێکی تایبەتی بوو بۆ بانگهێشتکردنی هەموو توخمەکانی دانیشتوانە عوسمانییەکان بوو بۆ بەشداریکردن لە نوێکردنەوەی وڵاتدا. لە ناو قوتابخانەکانی دیکەی هەمان ئاست، دەبێ ئیشارە بەدارولشەفەقە بکەین کە ئەمە لیسێی هەتیووەکان بوو و ساڵی ١٨٧٣ لە ئەستەمبوڵ کرایەوە. بەو پێیەی کە ئەم قوتابخانەیە خاوەنی بەرنامەیەکی زانستی بوو بەتایبەتی بەشێکی تایبەتیی هەبوو بۆ فێرکردنی تێلێگراف. بەم ئاستە دەبوو ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی بنەڕەتی ببینێ لە پەرەپێدانی هۆکارگەلی نوێی گەیاندن لە ناو خاکی عوسمانیدا.

بەدەر لە لیسێ، پرۆژەکەی دووریی کە مەرسوومی ساڵی ١٨٦٩ بەخۆیەوەی گرتبوو، وای بەباشزانی زانکۆیەک بەناوی دارولفنون "دار الفنون" بکاتەوە کە لە چەند کۆلیژێک پێک دەهات "ئاداب و فەلسەفە، یاسا، زانستە سروشتییەکان و ماتماتیک". پرۆژەکە لە هەوەڵین ساڵەکانی دەورانی عەبدولحەمید دەستی پێ کرا بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. زانکۆیەکی نوێ لە ساڵی ١٨٧٠ کرایەوە و لە ناو باڵەخانەیەک بوو کە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوو، بەڵام سەرکەوتنێکی ئاوەها گەورەی بەدەست نەهێنا. لە سەرەتادا هێرشی زانا ئاینییەکان بۆ سەر خوێندنێک کە پێیان وابوو زۆر لایکە "عەلمانی" و پاشان بەشێوەیەکی تایبەتی زنجیرەیەکی دووردرێژ ئاستەنگی



دارایی هاتنە پێشەوە. مەرگی سەدری ئەعزەم، عەلی پاشا، پاڵپشتی سەرەکی پرۆژەکە ساڵی ١٨٧١ هێندەی نەبرد کۆتایی بەتاقیکردنەوەکە هێنا.

لەبەر نەبوونی زانکۆ، گەنجانی عوسمانیی ئەوانەی کە حەزیان دەکرد درێژە بەخوێندن بدەن دەیانتوانی بچنە چەندین قوتابخانەی هەمەچەشنەی باڵا کە ئیمپراتۆریا لە دەورانی مەحموودی دووەمەوە دەستی پێ کردبوو دروستی کردبوو. لیستی ئەم قوتابخانانە بەردەوام لە درێژبوونەوەدا بوو و تا دەهات بوارگەلی زیاتر هەمەچەشنەی دەگرتەوە. ساڵەکانی ١٨٣٠ چەند قوتابخانەی بەرپرسیار لە فێرکردنی کادیرانی هەمەچەشنەی سوپا: ئەفسەر، ئەندازیار، پزیشک، پزیشکی ڤێرتینەری، مۆزیقاناس کرانەوە. ساڵەکانی ١٨٥٠ تا ١٨٦٠ چەند قوتابخانەی تازەی عەسکەری، هەروەک دروستکردنی چەند قوتابخانەیەکی گەورەی مەدەنی کە بەشێوەیەکی تایبەتیی قوتابخانەی ئیدارە ١٨٥٩ و قوتابخانەی پزیشکی ١٨٦٦ و قوتابخانەی بەرزی مامۆستایان ١٩٦٢ و وەک نیشانەی سەردەم، قوتابخانەی مامۆستایانی ژنان ١٨٧٠ کرانەوە.

وەک زۆربەی دامەزراوە گشتییەکانی دیکە، ئەم قوتابخانە هەمەچەشنانە لە ڕووی پرەنسیپەوە کراوە بوون بۆ هەموو ڕەعیەتەگەلی عوسمانی بەچاوپۆشی لە ئینتمای ڕەگەز یان ئاینیان. ڕیفۆرمخوازەکان زۆر لەسەر ئەم پێکەوەییەی کۆمیۆنیتەکان سووربوون چونکە پێیان وابوو ئەمە یەکێک لە مەرجەکانی مانەوەی ئیمپراتۆریایە. لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا. قوتابخانەی پزیشکی بۆ نموونە لە ناو قوتابییەکانی

بەدرێژاییی کات ڕێژەیەکی بەرزی لە کەمینە نەتەوییەکان تێدا بوو. بەڵام پێکەوەژیانی ڕەگەز و ئایینەکان بەگشتی لە تێکستە وەزارییەکان پێشبینی دەکرا و بەڕوویێکی گشتی بەئەستەمی دەخرایە سەر ئەرزی واقیع. هەوەڵجار چونکە قوتابییە ناموسڵمانەکان زۆر پێوەست بوون بەکەلەپووری زمانەوانی و کولتووری خۆیان بەجۆرێک سەخت بوو بۆیان ئەوە قەبووڵ بکەن کە لە ناو سیستەمێکی پەروەردەیی بتوێنەوە کە وێرای هەموو شتێک نوێخوازییەکەی نیشانەی تورکی و ئیسلامی بەسەرەوە بوو، پاشان چونکە ئەم قوتابییە ناموسڵمانانە قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە زۆربەی جار لەو قوتابخانە پەروەردەییانە چاکتر بوو کە لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت بەڕێوەدەچوون.

چەند ژمارەیەک بەسە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەک لە بارەی ئەو پەرەئەستاندنە بەرچاوە بەدەستەوە بدەن کە ڕایەڵی قوتابخانە کەمینە نەتەوەییەکان لە سەردەمی تەنزیماتدا بەخۆیەوەی بینیووە. ساڵی ١٨٧١ بۆ نموونە کۆمیۆنیتەی ئەرمەنی بەتەنیا ٤٨ قوتابخانەیان لە ئەستەمبوڵدا هەبوو، ٤٦٩ دامەزراوەی پەروەردەدەیی کە بەناو ئەنادۆڵدا بڵاوبوونەوە. لە هەمان سەردەمدا، لە سایەی کۆششی زۆر چالاکیی کۆمەڵەی ئەدەبی هێلینیی

Hellenikos philologikos syllogos کە ساڵی ١٨٧١ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، یۆنانییەکان ڕایەڵەیەکی هاوشانی ئەرمەنییەکانیان هەبوو. هەرچی تایبەت بوو بەجوولەکەکان کە بەژمارە کەمتر بوون و لە ڕووی کولتوورییەوە لە دواوەتر بوون، هێشتا جگە لە نیو دەرزەن دامەزراوەی پەروەردەی عەلمانی زیاتریان نەبوو. بەڵام



هاوبەندیی ئیسرائیلیی جیهانی – کە بارگاکەی لە پاریس بوو – دوا نەکەوت لەوەی ڕەوشەکە بگۆڕێ بەوەی زیاتر لە پەنجا قوتابخانەی لە ماوەی چارەگی دوایی سەدەدا کردەوە.

بەتەک ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەی کە کۆمیۆنیتەکان دروستیان دەکرد دەبێ ئەو قوتابخانە زۆرانەش زیاد بکەین کە لە بنەڕەتدا بۆ کەمینە نەتەوەکان دروستکرابوون و چەندین دامەزراوەیی مسیۆنێرەکان دروستیان کردبوون. مسیۆنێرە پرۆتستانتە ئەمریکاییەکان بەتەنیا ئەوەی تایبەتە بەئەوان لە ساڵی ١٨٧٠، ئەگەر بڕوا بەو ستاتستیکانە بهێنین کە هیچ گومان لەوەدا نییە زۆریان پێوە ناوە ٢٠٥ دامەزراوەی پەروەردەییان دروست کردووە، لەوانە کۆلیژی بەناوبانگی ڕۆبێرت کە ساڵی ١٨٦٣ لە بیبیک، لە یەکێک لە ئاواییەکانی کەناری ئەورووپایی پسپۆڕدا دروستیان کردووە. لە لایەن خۆشیانەوە نێردە کاتۆلیکەکان – کە بەڕوویێکی گشتی پیاوە ئایینییە فەرەنسییەکان بەڕێوەیان دەبرد – بەرەبەرە ڕایەڵەیەکی بەرفراوانیان چنیوەتەوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا چەند سەد قوتابخانەیەکی گرتبووەوە.

ئایا ئەمە کۆلۆنیالیزمی کولتوورییە؟ بێ گومان. وا بەدیار دەکەوێ کە سەرکردە عوسمانییەکان درکیان بەمە کردووە. ڕەوشەکە زیاتر ترسناکتر دەبوو بەو پێیەی کە ژمارەیەکی زۆری ئەم قوتابخانانە بەشدارییان دەکرد لە هەستانەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کەمینە نەتەوەییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو چاوەڕێ بکرێ تا دەورانی عەبدولحەمیدی دووەم تا دەسەڵات دەست بکات بەهەنگاو هەڵگرتن کە هێشتا هەر زۆر شەرمنانە بوو و بە ئامانجی تەگەرخستنە پێش ئەم

دیاردەیە بوو. تا ئەوکاتە بابیعالی وای دەبینی کە ئیمپراتۆریا بەوەی ڕێگەی بەکۆمیۆنیتەکان و نێردە مەسیحییەکان داوە زیاتری قازانج کردووە لەوەی زەرەر بکات. ئەمەش چونکە دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بەهاوسۆزی ڕای گشتیی ڕۆژئاوایی و ئەو ئازادییە هەبوو کە بەخشرابووە غەیرە موسڵمانەکان لە بواری پەروەردەدا کە لە دیدی ئەم ڕای گشتیەدا، یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی کرانەوەی تورکیا بوو بەسەر بیروباوەری پێشکەوتنخوازی. لە لایەکی دیکەوە ئەو سترەکتوورە پەروەردەییەی کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا هەبوو تایبەتمەندێتییەکی مەزنی هەبوو: ئەویش تایبەتمەندێتی دابینکردنی پەروەردە کە هیچ لەسەر دەوڵەت نەدەوەستا سەرباری ئەوەش کە پەروەردەیەکی نایابیش بوو.

## سوپای نوێ

دروستکردنی فەرمانکارەی چاک: ئەمە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردەیی تەنزیمات بوو. بەڵام ڕیفۆرمخوازە عوسمانییەکان کۆششی ئەوەشیان دەکرد بۆ ئامانجێکی مەزنی دیکەش بڕۆن ئەویش: دروستکردنی سەربازی چاک بوو. ئەو شکستانەی کە هێزەکانی مەحموودی دووەم لە بەرامبەر هێزەکانی محەمەد عەلی، خدێوی میسر خواردیان بەنیسبەت سەرکردەکانی ئیمپراتۆریا شۆکێکی گەورە بوو. بەم شێوەیە کێشەی چاکسازی سوپا لە دەستپێکی دەورانی عەبدولمەجیدەوە زۆر بەجدییەوە وەرگیرابوو. ڕەچێتەکە هەمان ڕەچێتە بوو کە بۆ بوارەکانی دیکە پیادە دەکران: ئەوروپانیزەکردنی سوپا. ئەم ئەوروپانیزەکردنە یەکەم جار بەو پەروەردەکردنە دەست پێ دەکات کە لە قوتابخانە



عەسکەرییەکان دەخوێندرێن. هەروەک بەدووبارە ڕێکخستنەوەی گشتیی سوپای وشکانی و زەریاییدا دەڕوا. دواجار گۆڕانکاری لە چاکسازی و دیسپلینی سەربازی دەگرێتەوە خۆ.

ئەوەی پێوەندی بەپەروەردەکردنەوە هەبوو، سوپای تەنزیمات پێشتر ژێرخانی بنەڕەتی خۆی هەبوو کە هەر لە سەردەمی مەحموودی دووەمدا خرابوونە کار: قوتابخانەی هەندەسەی عەسکەری، قوتابخانەی بەحرییە، قوتابخانەی عەسکەری پزیشکی و بەڕووێکی تایبەتیش قوتابخانەی زانستە حەربییەکان "مکتبی علومی حربیە" کە لە کۆتایی حوکمڕانی مەحموودی دووەم دروستکرا. لە نیوەی سەدەوە دەبینین زیادەی ژمارەیەکی گەورەی دامەزراوەی نوێ کە بەناو هەموو ئیمپراتۆریادا بڵاوبوون و خرانە سەر ئەم ناوکەی یەکەم. لە سەر ئاستی سەروودا، نوێخوازییە لە هەمووان گرینگترەکان دامەزراندنی قوتابخانەی ئەرکانی جەنگ بوو "ئەرکانی حربیە مکتبسی" کە چەشنە ئەکادیمیایەکی سەربازی بوو کە پەروەردەکردن تێیدا لە لایەن پسپۆڕە ئەوروپاییەکان بوو– فەرەنسی و پروسەکان– وەک لە دامەزراوە گەورەکانی دیکەدا. هەڵبەت زۆرینەی قوتابخانە نوێیەکان برێتیبوون لە قوتابخانەی ڕوشدیە یان ئەعدادیە و ڕووی لەو هەرزەکارانە دەنا کە ئارەزوویان بوو بچنە ناو ڕیزەکانی سوپاوە. بەکورتی مەسەلەی پێکەوەنانی کادیری عەسکەری ئەم جارەیان لە ئاستی یەکەمەوە قۆزرایەوە. پالێوراوەکان بۆ ئەوەی ببنە ئەفسەرانی دوارۆژ، ئەوانەی کە لە تەمەنی دە ساڵییانەوە دەخرانە ناو پیشەی جەنگ، دەبوو ئەوانە لە ڕووی پرەنسیپەوە ببنە سەربازی چاک و شارەزاییەکی تەواویان لە تەکنیکە نوێیەکاندا هەبێ.

بەنیسبەت سەربازی سادەی سوپا، ئەو ویستەی حکوومەتی عوسمانی بۆ نوێکردنەوەی سوپا لە ڕێگەی جلی سەربازی یەکگرتووی نوێ – کە لە جلی سەربازی یەکگرتووی سوپای پروسیەوە وەرگیرابوو، شێوازە نوێیەکانی ڕاهێنان – سەرەتا لە فرانسا و پاشان لە پروسیا وەرگیرابوون–، چەک و تەقەمەنی زیاتر کاراتر و ژیانی ئۆردووەکان لە ژیانی ئۆردووەکانی ئەورووپی دەچوو. بەڵام هێشتا ئەوەی لە هەمووان زۆر گرینگتر بوو: ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە خرانە سەر شێوازی سەربازگیری و ڕێکخستنەوەی هێزە عەسکەرییەکان. ساڵی ١٨٤٣ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەفرمانێک – کە تێکستەکەی پشت بەستووبو بەیاسای عەسکەری پرووسی ساڵی ١٨١٤– سەرکردایەتی ویلایەتەکان و پێنج سوپا دروست دەکرێن کە ئەرکی چاوەدێریکردنی پایتەخت، تراسی ڕۆژهەڵاتی، ڕۆمیلیا، ئەنادۆڵ، ویلایەتە عەرەبییەکانیان یەک لە دوای یەک پێ سپێردرابوو. ساڵی ١٨٤٨ سوپای شەشەم دروست کرا کە بنکەکەی لە بەغدا بوو و ناوچەی ئۆپیراسیۆنەکانی لە عێراق و حیجاز بوو. لە ناو ئەم هێزە هەمەچەشنانەدا، مەنزوومەیەکی تەواوی لیوایەکان، سریەکان، بەتالیۆنەکان و فەوجەکان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزیان پێک هێنابوو کە هیچ شتێکی وای کەمتر نەبوو لەو دەزگا عەسکەرییانەی لە ڕۆژئاوادا هەبوون کە شایەنی باسکردن بێ. سوپای نوێی عوسمانی تێکڕا نزیکەی ١٥٠٠٠٠ سەربازی هەبوو کە تیروپشک سەربازگیر کرابوون، سەربازەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتیان دەکرد و دواتر بۆ ماوەی حەوت ساڵان دەگوازرانەوە بۆ سەربازی یەدەک "ڕەدیف". لە دەوروبەری تەمەنی ٣٢ ساڵیدا مەرەخەس دەکران.



یاسایەک کە، ساڵی ١٨٦٩ دەرچوو، خزمەتی سەربازی قورستر کرد بەوەی سێ جۆرە خزمەتی دروست کرد: خزمەتی کارا "نیزامیە" بۆ ماوەی چوار ساڵان، "یەدەگ" سەربازەکان بۆ ماوەی شەش ساڵان تێیدا دەمانەوە و دواجار "پاسەوان" "موستحفظ" کە سەربازە یەدەگەکان تەنیا دوای هەشت ساڵان، کە ئەوکاتە تەمەنیان دەگەیشتە چڵ ساڵ ئەوسا لێی دەردەچوون. لە ڕووی پرەنسیپەوە هەموو ڕەعیەتگەلی عوسمانی ملکەچی تیروپشکی سەربازی بوون، بەڵام نا موسڵمانەکان – ئەوانەی کە بوونیان لە ناو سوپادا، وێرای نیازە یەکسانیخوازییەکانی مەراسیمی ڕیفۆرم زۆر ویستراو نەبوو – شیمانەی ئەوەیان هەبوو لە بەرامبەر دانی بەدەل، جۆرە باجێکە ڕێگەی پێ دەدان خزمەتی سەربازی "بکڕنەوە" ببەخشرێن.

دەوربەری ساڵی ١٨٧٠ دەبینین کەوا سوپای عوسمانی بەو سەربازگیرانەی کە خرابوونە ناو خزمەتی سەربازیی کارا ژمارەیان دەگەیشتە ٢١٠٠٠٠ و یەدەگەکانی "ڕەدیف" ژمارەیان دەگەیشتە ١٩٠٠٠٠ و بە پاسەوانەکانی کە دەگەیشتنە ٣٠٠٠٠٠ موستحفز، تاڕادەیەک هێزێکی عەسکەری بەژمارە گەورەبوو. گەرچی لەوەی "لە ڕووی ژمارەوە" دوور، لە پشتەوەی سوپای پرووسی بوو کە دەیتوانی زیاتر لە ملیۆنێک جەنگاوەر کۆ بکاتەوە. بەڵام ئەم ژمارانە تەنیا تاکە سەرمایە نەبوو. سوپای عوسمانی هەرەوها هەمان تەقەمەنی هاوشێوەی تەقەمەنی سوپا ئەوروپاییەکانی هەبوو، گەرچی بڕێک لە چەک و چۆڵەکانی – بەتایبەتیی چەکی مارتینی کە زۆربەی سەربازەکانی هەیانبوو – بەڕاستی تا ڕادەیەک کۆن بووبوون. دوای گەیشتنی عەبدولعەزیز بۆ سەر عەرش، بایەخێکی تایبەتی

بەکەشتیگەل درا کە وا دیاربوو لە ماوەی جەنگی قرمدا لە بەرانبەر یەکەکانی ڕووسیدا زۆر خراپ شەڕی کردبوو. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، هێزی زەریاوانی جەنگیی عوسمانی کە نوێترین کەشتی جەنگیی و سەربازی تایبەتیی ڕاهێنراوی بۆ ئامادە کردبوو، بوو بەسێیەم هێزی زەریاوانی جیهانیی. بەگشتی بەرگری ئیمپراتۆریا، چ لەسەر زەوی و چ لە ناو زەریا وا دیار بوو هێندە زۆری کەم نەبوو.

بەڵام ئەم سوپا مۆدێرنە دەیتوانی چ بکات لە بەرانبەر ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستیانەی کە خەریک بوو بەدیار دەکەوتن و لە ناوە وڵاتیان بنکۆڵ دەکرد؟ هیچ شتێک نا جگە لە دواخستنی وادەکە. سەرکردە عوسمانییەکان چەندین جار دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت تێبینی ئەوە بکەن لەم نیوەی سەدەی نۆزدەمدا، ئەو بزووتنەوانەی کە داخوازی سەربەخۆیی کولتووری و ئیداری و هەتا سەربەخۆیی سیاسیی تەواویشیان دەکرد و بڕێک لە ویلایەتە پەراوێزەکانی ئیمپراتۆریان دەهەژاند، بەوە دەناسرێتەوە بەرگرییێکی بەرچاویان بەرەوە ڕووی داپلۆسینەوەی سەربازی بەخۆوە دەبینی.

## ئیدارەی ویلایەتەکان و کاروباری دارایی

ئاشکرایە بۆ پارەدانانی چاکسازییەکان، جا ئەگەر کارەکە پێوەندی بەدروستکردنی سوپایەکی مۆدێرن یا دامەزراندنی داوودەزگەیەکی مۆدێرن هەبێ، دەبێ مەترسی نوێبوونەوەکە لە بەرچاو بگیرێ. لە بواری کاروباری داراییدا چاکسازییەکانی تەنزیمات لە بیروڕایان کەم نەبوو. ئەوان یان لەوە دەگەیشتن کە چ لە ئەوروپا ڕوو دەدا یان چارەسەری تایبەتی خۆیان دادەڕشت. لەم ماوەیەدا ئەوان هەروەها



پابەندبوون بەدووبارە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی ناوەخۆ ئەمەش بۆ چاککردنی داهاتی گومرگ، بگرە هەروەها لە پێناو دووپاتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ویلایەتەکان و بەشێوەیەکی پارەلێل بەئامانجی هەوڵدانی ئیحتواکردنی یاخیبوون لە ناوچە لاوازەکانی ئیمپراتۆریادا.

لە بواری ئیداریدا بابیعالی نموونەیەکی شکۆمەندی لەبەردەمدا بوو: ئەویش نموونەی بەناوەندیکرنی ناپۆلیۆنی بوو بەهەرەمی دایەرەیی بەرزبووەی لە کۆمیۆنەوە بۆ دیپارتومان. لە ساڵی ١٨٤٠–ەوە، موستەفا ڕەشید پاشا سیستەمەکەی بەهێنانەوەی چەند گۆڕانکارییەک کۆپی کرد. بەڵام دەبوو زیاتر لە بیست ساڵانێک چاوەڕوان بکرێ بۆ ئەوەی شتەکان کەم و زۆر شێوەیەکی کۆتایی وەربگرن. ساڵی ١٨٦٤ بەیاسایەک ٢٧ ویلایەت دروست دەکات کە هەریەکەیان دابەشی سەر ژمارەیەک سنجاق، کە ئەوانیش دابەشی سەر چەند قەزایەک، کە لە چەند ناحییەک پێک دەهاتن کە یەکەی بنەڕەتی بوون – لە خوار ناحیە – گوند یان گەڕەک دەهاتن. لەم دوایین ئاستەدا، ئەرکی ئیداری بەسەرۆکێکی شارەوانی هەڵبژێردراو "مختار" دەسپێردرا کە ئەنجوومەنێکی گەڕەکەکان ئالیکاریان دەکرد. لەو دیو ئەوە، هیراشییەکە لە مودیر–ەوە بەرز دەبووەوە بۆ سەرۆکی ناحیە، حاکمی ویلایەت "والی"، بە تێپەڕبوون بەقایمقام "بەڕێوەبەری قەزا" و موتەسەرریف "حاکمی سنجاق".

لایەنی هەرە بێباک لە چاکسازی ئەوەیە داوودەزگەی هەڵبژێردراو یا دەست نیشانکراو کە ئەرکی بەرپرسیارییە هەمەچەشنەکانیان لە ئەستۆیە بخرێنە سەر تەواوی پلەکانی ئیدارەی هەرێمەکان. بڕێکیان

لەوانە وەکو دادگەکان کە لە ژێر سەرکردایەتی چەند قازییەک کار دەکەن، یاسای نوێ پراتیک دەکەن. هێندێکی دیکە گفتوگۆی کێشە ناوەخۆییەکان دەکەن جا ئەگەر کارەکە پێوەندی بەوەرگرتنی باج، دروستکردنی ڕێگەوبان یاوەکو هێشتا، بەنموونە هەنگاو هەڵگرتن بێ بۆ وەستانی ڕاوڕووت و دارشتنی پێشنیارەکان کە لە کاتی پێویستدا پێویست بکات بنێرێتە ئەستەمبوڵ. لە زۆربەی ئەم بەرپرسیاریانەدا، یاسای ساڵی ١٨٦٤ دووپاتەی ئەو تەرتیباتە کە بەراستی هێشتا کاریان پێدەکرێ، دووپاتە بەسەر بوونی ژمارەیەکی دیاریکراو لە نا موسڵمانان دەکات، هەتا هەموو دانیشتوان ئیمکانیەتی نوێنەرایەتیکردنیان بۆ فەراهەم ببێ. کاروبارەکان بەم شێوەیە دەڕوا بەڕێوە، بەتایبەت لە ئەنجوومەنە گشتییەکانی ویلایەتدا "مجلس عمومی ویلایت" کە ژمارەیەکی وەک یەک لە موسڵمان و کەمینە نەتەوەییەکان بەشداری تێدا دەکەن و لە لایەن سنجاق -ەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەمە بەهەنگاوی یەکەم دەژمێردرێ، سادە و ساکار، بەڵام بێ نرخ نییە، بەئاراستەی حوکمێکی نوێنەرایەتی کە دەستەبژێرە لیبراڵەکان بەهەموو هیوایەکەوە بانگەوازی بۆ دەکەن.

ئیدارەی نوێی ویلایەتەکان زۆریان لە پێشدا بوو کە دەبوو بیکەن: ئەگەر پێویستی کرد دەبوو کار بکەن بۆ پاراستنی ئاسایش، دروستکردنی قوتابخانە، هەڵکەندنی ڕێگەوبان و چاککردنەوەی پردەکان و چاوەدێریکردنی بازرگانی و کشتوکاڵ و زامنکردنی سەروەری دادوەری... بەڵام یەکێک لەم ئەرکە بنەڕەتییانە بریتیبوو لە چاودێریکردنی بەباش بەڕێوەچوونی کاری داوودەزگە هەمەچەشنەکانی باجگری کە دەوڵەت دایمەزراندبوون.





لێرەشدا کاروبارەکان لەخۆوە چاک نەدەبوون. چونکە ئەو ڕیفۆرمانەی کە ڕەشید پاشا لە ساڵی ١٨٤٠ دەست پێ کردبوو، زنجیرەیەکی تەواو نوێکردنەوەی بەدوادا هات، بەتایبەتیی هەڵوەشاندنەوەی باجەکانی بەکرێدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان- کە ئەمە سیستمێکی بەسەرچوو و کەم سوود بوو بۆ دانیشتوان و سەرباری ئەمەش بێزارکەر بوو- دروستکردنی دەزگایەکی موحەسیلەکان کە لە لایەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێ و مووچە لە دەوڵەت وەردەگرێ. بەڵام هەر زوو بەدیار کەوت کە سیستمی نوێ لە چوارچێوەی ئیداری سەردەمدا کارێکی جدی نییە و پاشان وا پێویست بوو کە سیستمی بەکرێدانی زەوی کشتوکاڵی بگێردرێتەوە بەنیسبەت ژمارەیەکی زۆر باج. لەگەڵ ئەوەی کە سیمای کاروباری باجگری عوسمانی لەم ماوەیەدا دەستی کردبوو بەفرەڕەنگیی، ئەمەش لە سایەی ئەو ڕۆحی نوێبوونەوەی کە بابیعالی لەم بوارەدا نیشانیدا، بەتایبەت لە ماوەی هەردوو ویلایەتی محەمەد فوئاد پاشا «١٨٦١-١٨٦٣ و ١٨٦٣-١٨٦٦» بۆ پایەی سەدری ئەعزەم. لە دەوروبەری ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٨٦٠ دا، دەبۆی باجگری کە ئیمپراتۆریا هەیبوو وا دیاربوو بەڕاستی تا ڕادەیەک ئاڵۆز بێ: ئەم باجانە برێتیبوون لە باجی مەڕانە و باجی جزیەی تەقلیدی کە لە ناموسڵمانەکان دەسێنرا و باجی دەیانە لەسەر بەروبووم کە تا ڕادەیەک چاککرا و باجی بەدەل کە ئەو پیاوانە دەیاندا کە حەزیان دەکرد خزمەتی سەربازی نەکەن و کۆمەڵێکی بەرفراوان لە باجی نوێ کە زۆربەیان سەر بە باجی خاوەنداریەتی و باجی سوودمەندبوون و داهاتەکان بوو. لە ناو داهاتی باجگیرییەکانی دیکە کە دەڕژانە ناو خەزێنەی دەوڵەت دەبێ ئیشارە بە رسومی دمغە بکەین- کە لە ناو

بۆدجەی عوسمانی ساڵی ١٨٦١–١٨٦٢ بە ١٣٪ داهاتی سەرلەبەری عوسمانی دادەنرێ– ئەو هەقدەستانەی بەسەر کاغەزی ناسنامە دەبینرا کە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرا بەبۆنەی سەرژمێری دانیشتوان "نفوس تذکرسی"، ئەو باجانەی کە بەسەر بەرهەمە هەمەچەشنەکانی وەک تووتن، خوێ، مەی و دواجار رسومە گومرگییەی کە نەک هەر تەنیا لە کاڵا هاوردەکان یان دەرچووەکان وەردەگیرا، بگرە لەسەر ئەو کاڵایانەش وەردەگیرا کە بەناو وڵاتدا تێپەر دەبوون.

بۆ زامنکردنی ئەم باجە زۆرانە، حکوومەتی عوسمانی دەبوو بێ گومان چەندین سێرڤیسی ئیداری بخاتە گەر کە ئەرکی دیاریکردنی حاڵەتی باجەکان و کۆنترۆڵکردنی کۆکردنەوەی باجەکانی پێسپێردرابێ. لە گرینگترین ئەم دەزگایە نوێیانە، دەزگای ڕووپێو "مەساحە" بوو کە ساڵی ١٨٥٨ دامەزرا کە کارەکانی لە بواری جیاکردنەوە و ستاتستیکی خاوەنداریەتییەکان بوو و لە هەمان ساڵیشدا دەستی بەکارەکانی کرد. بەڵام ژمارەیەکی زۆری نووسینگەی دیکە دروست بووبوون. چ لە ئەستەمبوڵ و یان لەسەر ئاستی ویلایەتەکان بەشێوەیەک کە هەر نووسینگەیەک لە ئیدارەکردنی جۆرێک لە داهاتەکان تایبتمەند بوو.

کۆششی هاوبەشی مولتەزیمەکان "باج کۆکەرەوەکان" کە مووچەیان لە دەوڵەتەوە وەردەگرت و فەرمانکارەکانی گومرگ و زۆر دەستەی فەرمانکارەی دیکە کە ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری باجگریان پێ سپێردرا بوو، هەروا بەخۆڕایی نەرۆیشت و بەریدا. لە ساڵی ١٨٦٠ دەبینن زیادەیەکی بەرچاو لە داهاتی زۆربەی



باجەکەکاندا دەبینرێ. بەمشێوەیە داهاتی باجی دەیەک بەسەر بەرووبووم لە ٤٣٤ ملیۆن پیاستەر لە ساڵی ١٨٦٢ بۆ ٦٧٥ پیاستەر لە ساڵی ١٨٧٧–١٨٧٨ بەرزدەبێتەوە. لە هەمان ماوەدا، تێکڕایی ئەو بڕەیەی بەناوی بەدەل وەردەگیرا لە ٦ ملیۆن بۆ ٩٢ ملیۆن بەرز بووەوە. لە کاتێکدا داهاتی ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر رسومی "دمغە" بەرزبوونەوەیەکی بێ شومار بەخۆیەوە دەبینیێ، لە ٤،٢٢ ملیۆن بۆ ٥٠ ملیۆن باز دەدا.

بەڵام ڕیفۆرمەکان _هەروا مەسروفە نەفەقەییەکان کە دەوڵەت پێیان هەڵدەستا، بەتایبەت لە دەورانی عەبدولعەزیز– پێویستی بەو هێندە پارە بوو کە زوو لە بەرامبەر ئەم ئەنجامە بەڵگەنەویستەدا چۆکی دادا: مەحاڵ بوو بۆ پێشەوە بچیت ئەگەر سەرچاوەی دیکە بەدەر لەو سەرچاوەیەی کە لە باجەوە دەستدەکەون دەستگیر نەکەیت. جا چۆن دەتوانرێ ئەم سەرچاوانە بدۆزیتەوە؟ ڕیفۆرمخوازە عوسمانییەکان بەپشتبەستن لەسەر ئەو نموونانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا خستبوویە بەرچاویان دەبوو بەشێوەیەکی تایبەتیی پەنا بۆ دوو ڕەچێتەی تەواو ترسناک ببەن: دەرکردنی پارەی کاغەز و قەرز.

ساڵی ١٨٤٠ بۆ یەکەم جار پارەی قیمە کە بەمانای وردی وشەکە کاغەزی بانقی نەبوو خرایە گەڕ، بگرە زیاتر وەک قەواڵەی خەزێنەیی بەدیار دەکەوت کە بەدوای وەگیرخستنی قازانج بوو. ڕێژەی پێشنیاز بۆکراو بۆ یەکەم دەرچوونی پارەکە زۆر بوو: ١٢٪ بۆ ساڵێک. دواتر کەمترکرایەوە بۆ نیوە. لە ڕووی تیۆرییەوە، قیمە بەمەبلەغێکی کانزایی لە سندوقی خەزێنەدا پشتیوانی لێ کرابوو. هەرچی لە واقیعی عەمەلیدا بوو ئەم بڕە پارەیە هیچ بوونی نەبوو و پارە دەرکردنی کاغەز

بەچالاکی دەجولایەوە. وەختایەک سوڵتان عەبدولعەزیز داوای لە وەزیرە خەزێنەدارەی دەکات داخۆ دروستکردنی سەرای دۆڵمەباخچە چەندی تێ دەچێ، وەزیر وەڵامی دەداتەوە ٣٥٠٠ پیاستەر. ئەم بڕە پارەیە کە پێویست بوو بۆ چاپکردنی سێ ملیۆن و نیو لیرەی تورکی کاغەز. ئەوەی کە زیاتر ڕەوشەکەی خراپتر کرد ئەوەبوو کە قیمە – یەکەم جار بەدەست دەنووسرایەوە– بەشێوەیەکی نایاب دەکرا تەزویر بکرێ. هێندەی نەبرد ئاستەنگەکان کەڵەکە بوون: سووڕانەوەی کاغەزی قولابی، دابەزینی ترسناکی بەهای کاغەزی قیمە بەبەراورد لەگەڵ پارەی ئاسنی و بەتایبەتیش هەرەسهێنانی باوەڕی هاووڵاتییان بەدەوڵەت. دەسەڵاتکارانی عوسمانی بەهۆی زۆری یاریکردنیان ڕۆڵی جادوو نەشارەزایان[1] دەبینی، بەبێ ئەوەی پێی بزانن، تۆوی کارەساتێکی داراییان چاند.

بۆ خۆ وەدوورگرتن لەو تەنگژەیەی کە لە ئەنجامی زۆربوونی کۆنترۆڵنەکراوی پارەی کاغەز و هەروەها بۆ بەردەوامی تەمویلی چاکسازییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەوە حکوومەت بەرەو ئاڕاستەی

---

(١) جادووی نەشارەزا: Apprenti Sorcier مەبەست لەوە ئیشارەیە بەو جادووە قوتابییە دەکات کاتێک مامۆستایەکەی لە ماڵ نابێ دەیەوێ وەکو مامۆستاکەی بە گسک ئاو بهێنێ کەچی دواتر سەرکەوتوو نابێ و ناتوانێ ئاوەکە بهێنێ، لەوەوە قوتابییە جادووبازەکە دەچێ تەورێک دەهێنێ گەسکەکە دەشکێنێ تا ڕزگاری بێت لە دەستی، بەڵام دواتر پارچەکانی گەسکە هەریکەیان بەبنە گەسکێک و جادووی نەشارەزا کە بەدەست گەسکێک گیری خواردبوو ئێستە نازانێ بەدەست سەدان گەسک چی بکات و نوغرۆی ناو کارەسات دەبێ، تا دواجار مامۆستاکەی دێتەوە و چارەسەری ڕەوشەکە دەکات. – وەرگێڕ–



ڕەچێتەیەکی ئەفسوناوییەکی دیکە چوو: قەرزی دەرەوە. ڕاستییەکەی قەرزی یەکەمی عوسمانی کە ساڵی ١٨٥٤ بە ڕێژەی قازانجی ٦٪ بڕی ٣٣٠٠٠٠ لیرەی تورکی بوو بەشی زۆری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاوەستانی پارەی قیمە تەرخانکرابوو کە تا ئەوکاتە کاری پێ دەکرا. ئەمە بۆ دەوڵەتی عوسمانی سەرەتای بازدانی قەرزاری بوو. لە نێوان ١٨٥٥ و ١٨٧٠ گرێبەستی چواردە قەرزی نوێ بەقازانجێک کە لە نێوان ٤٪ و ٩٪ بوو مۆرکران و لە هەموو جارێکیشدا ئیمپراتۆریای عوسمانی هەنگاوێکی دیکە بەرەو ئیفلاسبوون دەڕۆیشت. ئەم ئیفلاسبوونە لە کۆتاییی دەورانی عەبدولعەزیزەوە ڕویدا.

بەڵام ئیفلاسبوون بەبێ بەرامبەر نییە. ئەو پارەیەی کە دەوڵەت بەخەرجی دەدا نەک هەر تەنیا خزمەتی دروستکردنی چەند باڵەخانەیەکی بێ سوود یا بۆ کڕینی کەشتییەکی جەنگیی سەرف دەکرا بۆ ئەوەی لە قوچی زێڕیندا بگەنێ. ئەو بڕە پارەیە ڕێگەی بەدروستکردنی قوتابخانەی نوێ و پەرەپێدانی ژێرخانی بنەڕەتی ئیداری و قەزایی و نوێکردنەوەی سوپا و بەشێوەیەکی گشتی دانانی کۆمەڵگەی عوسمانی لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن. بەڵام بزوێنەرانی تەنزیمات نەیانتوانی لە هەموو بارێکدا ئەوە سەرچاوەی لەبەر دەستیاندا بوو بە دەسەنقەست بەکاری بهێنن، ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە. بەڵام ئەوەش کە هەروەها گومانی تێدا نییە کە ئەوانە بەئارمانجی پڕۆژەیەکی مەزن، بەشێوەیەکی گونجاو: هەنگاوی ترسناکیان هەڵگرتبوو.

## پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی

لەم نیوەی سەدەی نۆزدەمەدا، ئەوە هەر تەنیا دامەزراو و داوودەزگەی دەوڵەت نەبوون بەتەنیا کە دەگۆڕان، بگرە گۆڕانکاری هەموو کۆمەڵگەی گرتبووەوە. ئەوەی پێوەستە بەجیهانی شارنشینییەوە ئەمە بەنزیکەیی زۆر بەئاسانی بەخۆی بەڕێوە دەچوو. کەش و هەوای شارەکان زیاتر گونجاو تر بوون بۆ تەنزیمات وەک لە کەش و هەوای گوندەگان. بەڵام ناوچە گوندنشینەکانیش بە شێوەی خۆی دەجووڵانەوە. ناوچە گوندنشینەکان بەواتەی ڕووتی وشەکە دەجووڵانەوە. ئەوە ژمارە بزووتنەوەی دانیشتوان کە لە ناو خاکی عوسمانی دەبینرا یەکێک لە دیاردە هەرە جیاکەرەوەکانی سەردەم پێک دەهێنێ. ئەو بزووتنەوانە برێتیبوون لە بزاوتی هەمەچەشنە: کۆچی گوندنشینیی، هوروژمی ئەو کۆچبەرانەی کە لە ئیمپراتۆریای ڕووسیاوە دەهاتن، کۆچبەرانی کاری وەرزیی و کۆچەرەکان.

## گوندەکان لە ناو جووڵەدا

بەهۆی نەبوونی ستاتستیکی ورد سەختە بەوردی کۆچکردنی دانیشتوان بەئاراستەی شارەکان دیاری بکەین. هەڵبەت، ئەو گەشەسەندنە دیمۆگرافییەی کە لە نیوەی سەدە بەدواوە چەند شارێکی وەک ئەستەمبوڵ، سمیرنا و بەیرووتی گرتەوە بیرۆکەیەک لەبارەی شتەکان بەدەستەوە دەدا. دووروبەری ساڵی ١٨٤٠ لەوانەیە ژمارەی دانیشتوانی ئەستەمبوڵ لە ٤٠٠٠٠٠ کەس کەمتر بووبێ. کەچی ساڵی ١٨٩٠ ئەم ژمارەیە دەگاتە ٩٠٠٠٠٠ کەس. لە هەمان ماوەدا ژمارەی دانیشتوانی سمیرنا لە ١١٠٠٠٠ کەس دەبێتە ٢٠٠٠٠٠ کەس.



هەرچی بەیرووتە لە بۆ خۆی دانیشتوانەکەی لە ٤٠٠٠٠ کەس لە پەنجایەکانی سەدەی نۆزدەم، سی ساڵ دواتر دەگاتە چەند ٨٠٠٠٠ کەسێک. ژمارەیەکی دیکەی شارەکانی دیکەی ئیمپراتۆریا – وەک سالۆنیک، ئەدەنە و سامسۆن – پەرەسەندنێکی هاوشێوەیان بەخۆیانەوە بینی گەرچی چەماوەی کەوانەی گەشەکردنەکە ئەو هێندەش گرینگ نەبێ. ئەوەی دڵنیایە ئەوەیە کەوا ئەم گەشەکردنە دیمۆگرافییە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی هەل و مەرجی ژیان و چاکبوونی ڕەوشی لەشساغی گشتیی. کۆچبەرە موسڵمانەکان ئەوانەی کە لە ڕووسیاوە دەهاتن ڕۆڵیان هەبوو لەم گەشەسەندنەدا. بەڵام ناکرێ بەتەواوی لێکدانەوەی بۆ بکرێ بەبێ لە بەرچاو گرتنی کۆچیی گوندییانە.

بۆچی جووتیار و دانیشتوانی مەڵبەندە گوندنشینە چکۆڵەکان گوندەکانیان جێ دەهێشت؟ ئەوانە بۆیە کۆچیان دەکرد چونکە ژیان هێشتا لە گوندەکاندا گەلێک سەخت بوو و وادەبوو بەروبوومەکە خراپ دەبوو یان پەلامارێکی چەپاوڵی یان کارەساتێکی دیکە بەس بوو بۆ ئەوەی سەرلەبەری گوندەکە بخاتە ناو بێهیواییەوە. لە کاتی گرانییە گەورەکەی ساڵی ١٨٧٣–١٨٧٤ گەشتیارە ئەوروپاییەکان بینیویانە چۆن ئاپۆڕەیەکی جووتیارانی برسی و سەرگەردان لەسەر ڕێگەکانی ئەنادۆڵ کەوتبوون و هەموو شتێکیان جێهێشتبوو و بەشوێن هۆیەکانی ژیاندا دەگەڕان لە شوێنێکی دیکەدا. بەڵام پێوەرەکانی ژیانی گوندنشینی هەموو شتێک لێک نادەنەوە. جا ئەگەر دانیشتوانی گوندەکان زەوییوزاری خۆیان جێ دەهێڵن ئەمەیان بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کەوا سەراسیمەی شار بووبوون. شاری تەنزیمات،

ئەو شارەی کە ئالوێرەی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا گەشەپێدەدا و ناوکی پیشەسازی پێ دەبەخشێ و بەدامەزراوگەلی نوێ ئاوەدان دەبێتەوە، تا ڕادەیەک دانیشتوانەکەی لە کارەساتەکان دەپارێزێ و بەڕوویێکی تایبەتیش کار بۆ هەموو ئەوانە دەڕەخسێنێ کە بەدوای کاردا دەگەڕێن. ئەو شارانەی کە لە هەمووان زیاتر چاوی تێ دەبڕا بێ گومان ئەو شارانە بوو کە بووبوونە کوانۆی گەشەسەندنی ئابووری ئیمپراتۆریا: پایتەخت، بەندەرە گەورەکانی سەر زەریای ئیجە و زەریای سپی ناوەڕاست و هەروەها ئەو کوانۆ نوێیانەی پیشەسازی و پەرەسەندنی کشتوکاڵی وەک سامسۆن یا ئەدەنە.

زۆربەی جار قۆناغێکی گواستراوەیی پێش کۆچکردن بۆ شار دەکەوتەوە: قۆناغی کۆچباری بەنیازی کاری وەرزیی. لە نیوەی سەدەی نۆزدەمەوە و لەگەڵ گەشەسەندنی بەرەبەرەیی بەرهەمە بازرگانییەکان لە کەناری پێدەشتەکانی ئەنادۆڵ، دەبینین بزووتنەوەی کاتیی لەم شێوەیە هەرچی زیاترە زۆرتر دەبێ. حاڵەتی لە هەمووان پڕ گرینگتر بریتیبوو لە کۆچکردن بەئاڕاستەی کیلیکیا کە هەموو ساڵێک چەندین هەزار کەسی لەو خەڵکانە لە بانەکانی ئەنادۆڵ و تۆرۆس دا ئامادە دەکرد. زۆرینەی ئەم کرێکارانە لە کشتوکاڵی توتنەوانیدا کە تازە هاتبووە ناوچەکە کاریان پێ دەکرا. هەر وەک ئەوەی ژمارەیەکی دیاریکراویشیان لە چنینەوەی بەرهەمەکان کاریان دەکرد و لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزیش هەموویان دەگەڕانەوە ئەو شوێنانەی کە لێیانەوە هاتبوون. بەڵام هەمیشە هەبوون دەمانەوە چ بەوەی کە دەیانتوانی کارێک لە بوارە گرینگەکانی پێدەشت یان کارێکیان لە شاردا لە ئەدەنە یان لە میرسیندا بدۆزنەوە.



بەتەک ئەم کۆچکردنەی ئەم کرێکارە وەرزیانە، دەبێ شوێنێکیش بۆ کۆچکردنی هۆزە کۆچەرەکان بهێڵینەوە. ئەم هۆزانە کە هێشتا زۆر بوون– بە تایبەت لە ئەنادۆڵ و لە ویلایەتە عەرەبییەکان– سەرقاڵی چالاکی ترادسیۆنی خۆیان بوون وێرای ئەو دوژمنکارییەی کە دانیشتوانە نیشتەجێیەکان بەرامبەریان هەیانبوو. هەڵبەت ئەم هۆزانە لەسەر پەرتبوون بووبوون و لەناوچوونیان حەتمیی بوو. لە زۆر شوێندا، هۆزەکان بەشێوەیەکی خۆرسک زۆربەی جار بۆ یەکەمین جار لەسەر پارچە زەوییێسک نیشتەجێ دەبوون کە تازە دەخرایە بەر وەبەرهێنان. بایەخی ئابووری گۆڕانکارییەکی ئاوەها بەرچاوە، بەڵام زۆربەی جار ئەوە دەوڵەت بوو کە دەهاتە ناوەوە و هێزی بەکار دەهێنا هەروەک ئەوەی پێشتر چەند جارێک ئەمەی کردووە. بەڕوویێکی تایبەتی کارەکان بەم شێوەیە دەڕۆیشتن، لە پێدەشتی کیلیکیا و قەراغ چیایەکانی پرۆسێسی "هێمن کردنەوە" کە ئەحمەد جەودەت پاشا ساڵی ١٨٦٥ دژ بەچەند هۆزێک کردی کە وایان تێدەڕوانین کەوا هۆزگەلی زۆر ئاژاوەگێرن، بوو بەهۆی نیشتەجێکردنی گروپێکی گرینگی کۆچەرەکان و بەشێوەیەک ئەمە بوو بەخاڵی بەرچاوی وەرچەرخانی کشتوکاڵی و دواتر گەشەسەندنی پیشەسازی.

ئەم سیاسەتەی نیشتەجێکردنی کۆچەران ئامانجەکەی هەر تەنیا ئاسانکاری نەبوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەند دانیشتونێکی گومانلێکراو کە ئاسایشی گشتی دەخەنە مەترسییەوە. ئەوە هەروەها وەڵامدەرەوەی پێویستییێکی بەپەلە بوو ئەویش دۆزینەوەی کاردەستیی پێویست بوو بۆ گوڕپێدانی کشتوکاڵی عوسمانی بەتایبەت لەو هەرێمانەی کە تازە خرابوونە ناو وەبەرهێنان. بابیعالی بۆ

جێبەجێکردنی ئەم ئاتاجە لە بەشێکی گرینگدا پەنای بۆ هۆکارگەلێکی دیکەش برد: نیشتەجێکردنی دەستەجەمعی لە ناو خاکی عوسمانیدا بۆ ئەو کۆچبەرانەی "موهاجیر" کە لە دەرەوە بەتایبەتی لە ئیمپراتۆریای ڕووسیاوە دەهاتن.

ئەم هوروژمی موهاجیرانە کە دیاردەیەکی دیمۆگرافیی گەورە بوو، شتێکی وا نوێ نەبوو، هەر لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمەوە، گرووپگەلی گرینگی کۆچباران کە لە قرم و قەوقاز و کەنارەکانی زەریای قەزوین و هەروەها لە ناوەڕاستی ئەورووپا وەک هەنگاریا یا بۆهیما یان پۆلەندا بەرەوە ئیمپراتۆریای عوسمانی دەهاتن. بەڵام هەڵبەت لە سەردەمی تەنزیماتدا دەرگەیەکان بەشێوەیەکی فراوانتر کراوەتر بوون. بەئامانجی هاندانی کۆچکردن، یاسایەک دەرچوو کە بابیعالی لە ساڵی ١٨٥٧ دەریکرد بۆ ئەوە دەڕوا پەیمان بەخێزانە موهاجیرەکان بدا پارچەیەک زەوییان بداتێ و هەروەها بۆ ماوەیەک لە نێوان شەش ساڵ و دوازدە ساڵ بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە خزمەتی سەربازییان ببەخشێ. ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتی پێشوازیکردنە لە کۆچباران– کە لەگەڵ دروستکردنی کۆمسیۆنی موهاجیران ساڵی ١٨٦٠ هێشتا پاڵپشتیی لێوە کرا – زۆر سەرنج ڕاکێش بوون. وا پێ دەچێ شەپۆلی کۆچی لە هەموان گرینگتر، شەپۆلی کۆچی تەتەرەکانی قرم بێ کە بەتێکڕایی ٣٠٠٠٠ کەس بوون لە نێوان ١٨٥٤ و ١٨٧٦دا هاتبوون. هەروەها تەتەرەکانی نۆگوای و تەتەرەکانی نۆگێ بەسەدان هەزاریان هاتن بۆ ئەوەی ماوەی جەنگی قرم و لە دوای جەنگ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی جێنشین بن. لە هەمان دەوراندا، گەلانی هەمەچەشنەی قەوقاز لە لایەنی خۆیانەوە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠



کۆچبەریان هێنا. تەنیا بۆ ساڵی ١٨٥٤ستاتستیکەکانی عوسمانی نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ موهاجیر کە لە بەندەرەکانی ڕووسیاوە هاتبوون تۆمارکردووە.

ئەم موهاجیرانە کە لە ناوچە کەم دانیشتوانەکانی ڕووسیا، ئەنادۆل و سوریا نیشتەجێ بوون، ماندوونەناس، جێنشینبوون و کاریگەرانە بەشدارییان لە پەرەئەستاندنی ئابووری ئیمپراتۆریادا کرد. بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی، ئەوانە تاکە چەک نەبوون بەدەست حکوومەتی عوسمانی بۆ پێدانی ژیانێکی نوێ بەگوندەکان. هاوکات لەگەڵ نیشتەجێکردنی کاردەستی زۆر لەو دەرو ناوچانەی کە بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کرابوون، دەسەڵات لە دەستپێکی دەورانی عەبدولەجیدەوە پەنای بۆ کۆمەڵە هەنگاوێک برد. سەرەتا لە ساڵی ١٨٤٣ دەستکرا بەکێوماڵێکی بەربلاوی گوندیی، پاشان لە زۆربەی ویلایەتەکان بەئامانجی قامک خستنە سەر پێداویستییەکانی وڵات کرا. دوای ئەوە دەستپێشخەرییەکان زۆربوون: دامەزراندنی وەزارەتی کشتوکاڵ (١٨٤٦)، دامەزراندنی قوتابخانەیەک بۆ فێرکردنی کشتوکاڵی لە دەوروبەری ئەستەمبوڵ (١٨٤٧)، دەرکردنی یاسای کشتوکاڵ لە ساڵی ١٨٥٨ کە مولکدارێتی تایبەتیی زەوی تەعمیم کرد، بەخشینی باج سەندن و دابەشکردنی بەخۆڕایی تۆ و شەتڵ بەئامانجی هاندانی چەند بەروبوومێکی تایبەتیی وەک تووتن، لۆکە و توتن و چاککردنی هۆیەکانی گواستنەوە بەتایبەت لەسەر ئەو زەوییانەی کە تازە خرابوونە ناو بواری کشتوکاڵ. بەکارخستنی چەندین کاری پاککردنەوە و وشک کاریدا.

ئەنجامەکان چی بوون؟ حکوومەتی عوسمانی بەشکۆوە لە یەکەم

"پێشەنگەی نیشتیمانی" کە ساڵی ١٨٦٣ لە ئەستەمبوڵ کرایەوە چەند نموونەی نایابی لە لۆکە، تووتن و گۆزەی پڕ لە گلێنەی جۆری نایاب، تورەگەی گەنم و گەنمە شامی، چەندین جۆری برنجی هەمەچەشنە، ئاوریشم و بێ گومان و هێشتا بەرهەمگەلی دیکە لە ناو ئەو ئامێرە کشتوکاڵییانەی کە لە فرانسا و ئەنگلستانەوە هێندرابوون سیمایەکی سەرنج ڕاکێشەری سەرەکی پێشانگەیەکە بوون. گەرچی ئاهەنگێری یەکی سادە و ساکار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەیەک لەبارەی ئەو ڕێچکەیە بەدەستەوە دەدا کە کشتوکاڵی عوسمانی گرتبوویە بەر. ڕاستییەکەی، کشتوکاڵی عوسمانی بەدرێژەی سەردەمی تەنزیمات لە پێشکەوتن نەوەستا، بەتایبەتی کەرتی بەرهەمهێنانی هەناردەیی: لۆکە، تووتن، دانەوێڵە، میوەی وشک، ڕووەکە ڕەنگییەکان، خاشخاش و ئاوریشم...

گەواهی ئەم پێشکەوتنە دووهێندەبوونی فرۆشتەنی تورکیا بوو بۆ ئەنگلستان و فرانسا- دوو لە گەورەترین هاوبەشیی بازرگانی- لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٥ و ١٨٧٥دا. چەند ژمارەیەک تەواو مانابەخشن: لە ساڵی ١٨٥٥ ئیمپراتۆریای عوسمانی ٤١٣٠٠٠ کیلۆگرام لۆکەی دەنێرێتە ، لە ساڵی ١٨٧٥دا ٢٥٦٩٠٠٠ کیلۆگرام دەفرۆشێتە هەمان وڵات. لە هەمان کاتدا هاوردەی ئاوریشم لە ٣٠٩٠٠٠ کیلۆگرام دەگاتە ١٢٦٥٠٠٠ کیلۆگرام و هاوردەی تووتن لە ٤٣٤٠٠٠ کیلۆگرام دەگاتە ٦٨١٠٠٠ کیلۆگرام. بازرگانیکردن لەگەڵ ئەنگلستان پەردە لەسەر پێشکەوتنێکی هاوشێوە هەڵدەداتەوە بگرە زۆربەی جار سەرنج ڕاکێشتریشن: زۆربوونی فرۆشتەنی میوەی وشک بەسێ هێندە، فرۆشتەنی دانەوێلە بەدەیان جار زیاتر و بەرزبونەوەی



خێرای فرۆشتەنی ئەفیۆن.

هەڵبەتە ئەم گەشەسەندنە لە تێرمی ڕەهادا بەسادە و ساکاری دەمێنێتەوە. دەبوو چاوەڕوان بکرێ تا وەکو دەورانی حەمیدییە بۆ ئەوەی کشتوکاڵی عوسمانی بزاوتێکی ڕاستەقینە بەخۆیەوە ببینێ و جیهانی گوندنشینی بەسەر نوێکردنەوەدا بکرێتەوە. تا ئەوکاتە دەبینین کەوا زۆرینەی ئەوانەی کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو بەناو گوندەکانی ئیمپراتۆریادا بسوورێنەوە نەخشەیەکی زیاتر تاریکیان بۆ کێشابوو. جووتیار چییە؟ نەزان و کڵۆڵە. ئامێرەکانی؟ کەوناران. ئەم هەنگاوانەی کە بەڕێوەبرایەتی گرتوویە بەر بۆ چاککردنی حاڵەتەکە؟ ئەم هەنگاوانە کاریگەرییان کەم بوو. ڕاستە لێرە و لەوێ مۆڵکداری بەرفراوان دروست بووبوون کە چەند ئامێری کشتوکاڵی تێدا دەبینرا و میتۆدی وەبەرهەمهێنانی مۆدێرنی تێدا بەکار دەهێنرا. بەڵام کەسیش ئەوەی لە بەرچاو ون نەبوو کە ئەم قەڵەمڕۆ نموونەییانە لەسەر بەدبەختی ئەو کاربەدەستانە بنیات دەنرا- کە زۆربەی جار ئەو جووتیارانە بوون کە زەوی خۆیان لە دەستدابوو - کە کاریان تێدا دەکرد.

## سیمای نوێی شارەکان

ئەگەر گوندەکانی تەنزیمات بەپاراستنی سیمای تەقلیدیی خۆیانەوە گەشەیان دەکرد، ئەوا بەپێچەوانەوە شارەکان لە هەمان سەردەمدا گۆڕانکاری زۆر بەرچاویان بەخۆیانەوە دەبینی. بەسروشتی دەبینین چەند شارێک هەر لە دواوەوە مابوونەوە و نەگەیشتنە وەرچەرخانێکی مۆدێرنیتە تەنیا کاتێکی زۆر درەنگی سەدەدا نەبێ. بەڵام شارە

دەربەندییەکان و ئەو شارانەی کە کەوتبوونە سەر تەوەرە سەرەکییەکانی هاتووچۆ و برێک لە پایتەختی ویلایەتەکان هەر لە دەورانی عەبدولحەمیدەوە سیمایەکی نوێیان بەخۆیەوە گرتبوو. بۆ نموونە: ئەستەمبوڵ. کەچی شاری دیکەی وەک ئەزمیر، سالۆنیک یان هەتا شاری تا ڕادەیەک قەبارە سادە وەک بۆرسا دوا نەکەوت لەوەی بەسەر پێی خۆی بکەوێ.

شارەکانی تەنزیمات یەکەم جار دەگۆڕان لەبەرئەوەی گەورە دەبوون. لەگەڵ هوروژمی موهاجیر و دەشتەکییەکان ئەوانەی کە سەرەڕۆیی کۆچ سەراسیمەی کردبوون، دەبوو زۆربەی جار کەوشەنی شار ببڕن و لە دەوروبەری شاردا گەشەیەکی نوێ دروست بکەن. شاری مۆدێرن ئەم ناوچە زوونانەی ناچار دەکرد کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نەبوو لەگەڵ گەڕەکە کۆنەکان. کۆڵانی ڕێکوپێک کە لە ئەندازیاری ڕۆژئاواییی وەرگیرابوون شوێنی ئەو ڕایەڵە ئاڵۆزەی کۆڵان و گەڕەکە پێچاوپێچە تەسک و تریسکەکانی دەگرتەوە. دیسپلین و عەقڵگەراییی شوێنی ئەوەیان گرتەوە کە لە بەرچاوی پلان داڕێژەکەرەکانی سەردەم، لە سۆنگەی شلەژان و مەیلگۆڕی تەنیا هەر وەک پاشاگەردانی دەهاتە بەرچاو. لە هەمان سەردەم، ئەپارتومانی کرێ لەناو جەرگەی شارەکان زۆربوون، لە کاتێکدا کە خێزانە دەستڕۆیشتووەکان کۆچیان دەکرد بۆ گەڕەکی نایابتر، برێک جار تا ڕادەیەک لە ناوەندی شار دووربوون، بەڵام لە سایەی پەرەسەندنی هاتووچۆ گەیشتن بۆی ئاسان بوو– لە برێک شاری عوسمانی هەر لەگەڵ سەرەتای تەنزیمات مۆدەی کەژاوە لە ئارادا بوو – ڕێگەی سەرەکی نوێی هەڵکەند.

بەڵام گۆڕانکاری دیکە چاودێریکردنیان ئاسانتر بوو، لە پلەی



یەکەمدا هەموو ئەو ژێرخانانەی کە پابەند بوون بەگەشەی هۆکارەکانی هاتووچۆ: ئێستگەی شەمەندەفەر، نووسینگەی پۆست، شۆستەکان، کۆگەی کەلوپەل، ئۆتێل. لە ئەستەمبوڵ نووسینگەکانی پۆست لە ساڵی ١٨٤٠ دامەزران کە بەیەکەم نیشانەی خستنەڕووی بەرەبەرەیی ڕایەڵەکانی گەیاندنێکی چاک دادەنرێ. هەر زوو هۆتێلی گەورە تایبەت بە گەشتیارە ئەوروپاییەکان دادەمەزرێ. بەم شێوەیە لە ساڵی ١٨٥٥ ڕۆژنامەی ژورنال دو کۆنستانتینۆپل(*) بێدەنگ نابێ لەوەی ستایشی هۆتێلی ئەمباسادۆر بکات کە ئەپارتومانی نایاب و هۆڵی چێشت خواردنی زۆر لوکسی تێدابووە. دەبوو چاوەڕوانی دوایین ساڵەکانی عەبدولعەزیز بکرێ تا وەکو نیشانەی دیکە بەدیار بکەون: یەکەم ئێستگەی سێرکیجی (کە لە ساڵی ١٨٨٩ ئەو ئێستگەیەی ئێستەکە شوێنی گرتەوە). هێلی ئاسنە ڕێی پایتەخت کە غەلەتە بەپێرا دەبەستەوە (١٨٧٥). تۆڕی تراموای کە ئاژەل ڕایان دەکێشا (١٨٧٢).

هەروەک گەشەی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و کرانەوەی ئیمپراتۆریا بەسەر سەرمایەی بێگانە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی گۆڕانکاری شارستانی بوو. لە ئەستەمبوڵ و ژمارەیەک شاری دیکەی ئیمپراتۆریادا، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٦٠، گەڕەکی بانکەکان خەریک بوو دروست دەبوو کە بیچمە شکۆمەندەکەی سەرکەوتنی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی ڕادەگەیاند. لەبارەی ئەم ناوکە نوێیانەی چالاکی وەربەهەمێنان کە – خەریکبوو بازاڕە کۆنەکان بگۆڕێ بۆ جێگەی سەیرو سەمەرە بۆ دیدەنی توریستەکان –، دەبینین

(*) Gournal de Constoninople

ئاپۆڕەیەکی ماڵە بازرگان و ناوەندیی کار ich khânï بەتەک یەکەوە دروست دەکرێن. لێرەدا دەوڵەمەندی لە چەند نووسینگەیەکی تەسک و تریسکی یەک بەتەک یەکتر گرد دەبوونەوە. ئەمە وای کرد نزیک بانکەکان ببنە شوێنێکی زۆر گران.

ئەم پارەیەی کە تا دەهات زیاتر دەبوو، دەبوو خەرج بکرێ. شارەکانی تەنزیمات کە سەراسیمە بووبوون بەشێوازی وەبەرهێنانی ئەورووپی. ئەویش شاری بازاڕی لوکس، هۆڵی شانۆ، قاوەخانە و بەم جۆرە شوێنی هەموو جۆرە کات بەسەربردنێک بوون. ژێرار دو نێرڤال کە هەر کەمێک دوای ڕاگەیاندنی مەرسوومی گولخانە لە ئەستەمبوڵ بووە گەواهی ژیانێکی زۆر شارنشینی دەکات کە بەتایبەتی بەوە دەناسرێتەوە چەندین گرووپی ئۆپێرای بێگانە ڕەت دەبن، دوای سی ساڵ، ئیمکانیەتی شوێنی کات بەسەربردنەکان بەژمارە زۆر زیاتر دەبن، لە پایتەخت بێ گومان هەروەها بەهەمان شێوە لە شارەکانی ویلایەتەکانیشدا بەتایبەتیی ئەو شارە سەر دەریایانەی کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر نفووزی ئەورووپادا بوون. لە سەرەتای دەورانی عەبدولحەمید، شارێکی چکۆڵەی وەک بۆرسا، دەیتوانی شانازی بەوە بکات کە شانۆی تێدا بوو. ڕاستە کە حاکمی شارەکە لەو سەردەمە ئەحمەد مونیف پاشا بوو کە یەکێک لە باوکەکانی شانۆی عوسمانییە.

دواجار دەشێ ئیشارە بەوە بدەین کە بەنزیکەیی هەمیشە لە شارەکاندا بوو کە چاکسازییەکان تەجسیدی بەردینی خۆیان دەدۆزییەوە: ئۆردوو، قوتابخانە، بینایەی ئیداری، نەخۆشخانە، کۆشک... ئەم بینایانە زۆر و زەوەندە و بڵاوانە کە تا ڕادەیەکی زۆر بەناو هەموو ئیمپراتۆریادا بڵاو بووبوونەوە ئامانجەکەی هەر تەنیا بۆ





وەڵامدانەوەی پێویستییە پراکتیکییەکان نەبووە کە بەحوکمی بەرفراوانی ڕەهەندەکانیان، شکۆمەندی هێلەکانیان و دەوڵەمەندی توخمە دیکۆرییەکانی هێزی دەوڵەت و هەروەها مۆدێرنیتەکەی دووپات دەکەنەوە کە هەوڵی دەدا ڕێز لە ترادسیۆنی ئیسلامی بگرێ.

کەوایە چۆن ئەم شارانە کە لە ناو گۆڕینکارییەکی تەواو دان ڕایی دەکرێن؟ پیاوەکانی تەنزیمات زۆر زوو بایەخیان بەم مەسەلەیە دا و وەڵامیان بۆ ئەمە جارێکی دیکە وەرگرتنی مۆدیلێکی ئەورووپی بوو. یەکەمین هەنگاو و دوای چەندین دوودڵی: ساڵی ١٨٥٤ لە ئەستەمبوڵ دروستکردنی شارەوانی بوو کە لە لایەن شاردارێک "شهر امینی" بەڕێوە دەچوو و ئەنجوومەنێکی دوازدە ئەندامی ئالیکاریان دەکرد. لە ئەرکە زۆر و زەوەندەکانی ئەم دەزگا نوێیەدا، دیاریکردنی حاڵەتی باجی ناوەخۆ و سانسۆر بەسەر بازاڕ، کاری هەنگاوهەڵگرتنی پاک و خاوێنی، سانسۆر بەسەر دابینکردنی ئاو و خواردەمەنی و ڕێکخستنی کارەکانی بیناسازی. سێ ساڵ دواتر، هەنگاوی دووەم گرینگتر: دابەشکردنی پایتەخت بوو لەسەر شێوەی پاریس بۆ چەند بازنە "دایرە"یەک کە بەزۆری هەر تەنیا بازنەی شەشەم بوو کە لە گەڕەکی غەلەتە و گەڕەکی پێریا پێک دەهات. ئەم بازنەیەی شەشەمە، – کە بەرزەفڕی ئەوەی بوو لە ڕووی گەشەسەندن و توانستی ئیدارییەوە هاوشان بێ لەگەڵ بازنەی پاریس کە هەمان ژمارەی هەڵگرتبوو – شێوازێکی ئەزموونکاری بوو. ئەوەی دەبوو ئەندامانی شارەوانی بەرپرس بیکەن برێتیبوو لەوەی بیکەن بەکەرتێکی شارەستانی نموونەیی، شەقامی بەردرێژ، شۆستە و ڕایەڵەی ڕووناکردنەوەی شار بەگاز و گەیاندنی تۆڕی ئاو و هێلی ڕێکوپێک بۆ

بیناسازی و... هتد. ئەم تاقیکردنەوەیە هێندە دەرئەنجامگیر بوو کە لە ساڵی ١٨٦٨ەوە میتۆدی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی شارەوانی دەستی کرد بەوەی لە گەڕەکەکانی دیکەی ئەستەمبوڵ و هەروەها لە بڕێک شاری دیکەی ویلایەتەکان پیادە بکرێ. ساڵی ١٨٧٧ ئەنجامی لۆژیکی ئەم پرۆسیسە دەبینین: یاسایەک لە لایەن پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێ کە سیستمی شارەوانی ئەستەمبوڵ بۆ هەموو شارەکانی دیکە بڵاو دەکاتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ دامەزراندنی سترەکتۆری نوێی شارەوانی، دەبینین لە هەمان دە ساڵەدا، دەرکەوتنێکی – هێشتا زۆر شەرمنانە–ی شێوەیەکی دیکەی دەستێوەردان لە ژیانی شارەکاندا دەبینین: پلاندانانی شارنشینی. موستەفا ڕەشید پاشا، کە ئارەزووی بوو پایتەختی عوسمانی سیمایەکی هاوشێوەی میترۆپۆلە ئەوروپاییەکان وەربگرێ هەر لە ساڵی ١٨٣٦ەوە چەند پرەنسیپێکی گشتی داڕشت: دەبێ کۆڵانەکان بەرفراوان بکرێن، ڕێگەی سەرەکی دروست بکرێ. گەڕەکەکان بەهاوئاهەنگ بن و بۆ بیناسازی بەرد بەکار بهێنرێ. ئەندازیارێکی ئەڵمانی کە دواتر ناو و شۆرەتێکی زۆری وەرگرت، هیلمۆت ڤۆن مۆلتکە دوا نەکەوت لەوەی ئەم پێشنیازانە بخاتە ڕوو. بەم شێوەیە ئەندازەی شارستانی تەنزیماتی داڕشت کە ئەندازەیەکی شارنشینی زۆر خەیاڵ فراوان بوو، بەڵام زۆربەی جار کەم ریالیست بوو. لە ساڵی ١٨٤٨ەوە مێژووی یەکەم "یاسای بیناسازی" زنجیرەیەک هەنگاوهەڵگرتنی ڕێکوپێکی بۆ چاککردنی شارنشینی بە تەواوی ئیقرار کرد. کە بەشێوەیەکی تەواو پیادە نەکرا جگە لە گەڕەکە نوێیەکانی دەوروبەری شار نەبێ.



لە لایەکی دیکەوە ڕێکخستنەکان یەکەم جار دەرفەتیان لە کارەساتەکان وەردەگرت، بەنیسبەت پلان داڕێژان دەبینین ئەم کارەساتانە بەشێوەیەکی دووبارەبوو دەبوونە هۆی وێرانکردنی گەڕەکە کۆنەکان کە ئەمە بەخت بوو بۆ خۆی. لە ساڵی ١٨٥٦ ئاگرێکی گەورە بوو بەهۆی تێکدانی ٦٥٠ ماڵ لە گەڕەکی ئاقسەرای ئەستەمبوڵ. دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم دەبینین ئەم گەرەکەی کە بەتەواوی دروستکرایەوە، دیمەنێکی چوارگۆشەیی زۆر و شەقامگەلی بەرفراوانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نیشان دەدا. هەر وەک چۆن یاسای ساڵی ١٨٤٨ داوای دەکات. دوای ئەوە بە دە ساڵ ناوەڕاستی شار بۆ خۆی لە نێوان قۆچ وێرین و زەریای مەرمەرەدا ئاگر دەگرێ. دەسەڵاتکاران سوود لەمە وەردەگرن بۆ دروستکردنی ڕێگەی سەرەکی و لابردنی کۆڵانەکان و ڕێکخستنی هێڵی شەقامەکان. لە ساڵی ١٨٧٠ هەمان سیناریۆ لە بایۆغلۆ، یەکێک لە گەڕەکە" فەرەنسییەکانی" ئەستەمبوڵ دووبارە بووەوە. بەشێوەیەک ئاگر لە زیاتر لە ٣٠٠٠ بینایە بەربوو. نەک هەر بەتەنیا پایتەخت سوودی لە کۆششی ئەم دووبارە ڕێکخستنەوە بینین. لە سالۆنیک و ئەزمیر و زۆر شاری دیکەی ئیمپراتۆریا کارەکان بەهەمان شێوە بەڕێوە دەچوون. لە هەر جارێکدا ئاگر دەکەوتەوە پیاوانی شارەوانی سوودیان لێ وەرگرتووە – ئەگەرچی لە هەموو بارێکیشدا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو نەبووبێ– بۆ پیادەکردنی یاسای نوێی ئەندازیاری شارنشینی.

هەڵبەتە نە پلاندارێژ و نە ئەو ئارشیتۆکتۆرانەی کە بەحوکمی ڕەوشەکە، شاری تەنزیماتیان دادەڕشت هەر بەوەندە دەستبەردار نەدەبوون لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ڕۆژئاوا بکەن. بگرە

کۆشـشـیـان بوو شـێـوازێکی ڕەسـەن دروست بکەن لە کـەلەپووری بیـزەنتـینی و تورکی- ئیسـلامی ئیـمـپـراتۆریا وەرگـیـراو بێ. ئەوەی جێگەی سـەرسـامـییـە ئەوەیە کە بیناسـازە ئەوروپاییـیـەکان، ئەوانەی وەکـو پسـپـۆڕ هـاتبـوون، لایەنگـیـری بەوەجـی ئەم ئارەزووە بـوون بۆ داهێنانێک، بۆ ئـەوان مـەسـەلەکـە بەزۆری هـەر تەنیـا مـەسـەلەی "نەخـشـەسـازی" بوو. هەرچی لـە بەرچاوی دەوڵەت بوو کـە کـاری پێ دەکەن ئەوەی بەلایەوە گرینگ بوو لە واقیعدا دووپاتکردنەوەی بەهێزی ناسنامەی عوسمانی بوو.

## بەرفرانبوونی ئابووری

لە نێوان ئەو فاکتۆرە هەمەچەشنانەی کە حوکم لەسەر پەرەسەندنی شـارەکـانی سـەردەمی تەنزیمات دەدەن، خـێـرایی چالاکی ئابووری بەڕوویکی تایبەتی شوێنێکی بەرچاو دەگرێ. بۆ ئەوەی بتوانرێ هێنان و هـاوردنـی گـەورەترین بڕی کـەل وپەلـەکـان مـەیسـەر بکرێ دووباره دەربەندەکـان ڕێک دەخـرێنەوە و کـۆگـا و ئێستگەی هێلی ئاسنەڕێ دروست بکرێن. لە پێناو ئاسـانکاری ئاڵوگۆڕەی بازرگـانی و تەمـویلی ژێرخانی پێویست بوو کە بانکەکان دروستکران.

ئەم ژیانە ئابووریە لە بەرفـراوانبـوونەدا کـە تا ڕادەیەکی زۆر ڕووی بەرەو ڕۆژئاوا وەرگـێـرابوو. لە سـاڵی ١٨٣٨ پەیمـانـنـامـەی بازرگـانی لەگەڵ ئەنگلستان، پاشان لەگەڵ و لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٩ و ١٨٤١ چەند ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوە لەگەڵ ساردینیا، سوێد، نەرویج، ئەسپـانیا، هۆلەندا، پروسیـا، دانیمـارک و دۆقی گـەورەی تۆسکان و بەلجیکا بەست. هـەموو ئەم پەیماننامانە کە بەشێوەیەکی تایبەتی پێی



لەســەر کـەمکردنـەوەیەکی بەرچاوی باجی گـومـرگ دادەگـرن بۆ بەروبوومە هاوردەکان و نەهێشتنی ئیمتیازاتی بەخشراو بەنێوانگیرە ناوەخۆییـیەکان، بناغـەی ڕەوتێکی لیبرالی نیـمچـە ڕەهای داڕشت لە بواری پێـوەندییـە بازرگـانیـیـەکـانی ئیـمـپـراتۆریادا. بەشـێـوەیەکی هـاوتەریب، تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری کرد لەوەی ئابووری عوسمـانی بخاتە ژێر نفووزی دەوڵەتە مەزنەکان.

پەرەئەسـتـاندنی بـازرگانی دەرەکی کە پەیماننامـەی ١٨٣٨-١٨٤١ تەکانی هەوەڵی دایێ بەشێکی هەرچی بەرچاوتری ئەو گەشـەسـەندنە ئابوورییـە پێک دەهێنن کـە ئیـمـپـراتۆریا لە سـەردەمی تەنزیماتدا بەخـۆیەوەی بینی. چەند ژمـارەیەکی گـرینگ: لە سـاڵی ١٨٤٠ بەهای تێکڕایی هـاوردەی عوسـمـانی ٧،٤ ملیـۆن لیرەی ئیستـەرلینی بوو، لە دوادواییـیـەکەی دەورانی عەبدولعەزیز دەگاتە نزیکەی ٢٠ ملیـۆن.، لە هەمـان مـاوەدا هاتووەکـان بەهای تێکراییـیـان لە ٢،٥ ملیـۆن لیـرەی ئیسـترەلینی دەگاتە نزیکەی ٢٤ ملیۆن. ئەمە ئەوە دەگـەیەنێ کەوا لە مـاوەی چل سـاڵدا بەهای گـۆڕینـەوەی بازرگـانی ئیـمـپـراتۆریا پێنج هێندە زیادی کردووە. بەراوردێکی ئەم زیادبوونە خێرایە لەگەڵ ڕێژەی گەشـەکردن کە گەیشـتـە نزیکەی ٨٠٪ بەسە بۆ ئەوەی بیرۆکـەیەکمـان لەبـارەی ئەو دەرچوونە «بـازرگـانی عـوسـمـانی» بەدەسـتـەوە بدا لە دەورانی عەبدولەجیدەوە.

دەرچوونێک کـە لە بنەواندا پشـتی بەکـشـتـوکـاڵ و ئاژەڵداری بەسـتبـوو. لە ڕاستـیـدا نۆ کـالا - تووتن، لۆکـە، کـەنم، جۆ، مـێـوژ، هەنجیر، ئاوریشم، خـاشـخـاش و خـوری بزن- بەتەنیـا لە سـاڵەکـانی ١٨٥٠-١٨٧٠ نزیکەی ٦٠٪ی فرۆشراوەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی

بوون. هەروەک ڕێژەی ماوەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەروبوومی کشتوکاڵییەوە بوو: ڕووەکە ڕەنگییەکان، ڕۆنی زەیت، دەنکی زەیتوون، پێستە، ئیسفەنجو... هتد. دەرچوونێک کە دەبێ ئیشارە بەوە بدرێ سوودی لە ڕەوشی نێودەوڵەتیش وەرگرتووە. ئەو بەرفراوانبوونەی کە بازاڕەکانی ئەوروپا لە نیوەی سەدەی نۆزدەمدا بەخۆیەوەی بینی تا ڕادەیەکی زۆر پێوەستە بەدینامیکیەتی هاوردەی عوسمانییەوە. کە هاوتەریب جەنگی جوداخوازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دارزاندبوو لە دەستپێکی ساڵەکانی ١٨٦٠ بۆ ئیمپراتۆریا نیعمەت بوو، چونکە هاوردەی ئەوروپاییەکان – بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بەکەرتی ڕستنسازی بوون – و بێبەشکراو بوون لە سەرچاوەی تەقلیدیان بەرەو لای ئەو ڕوویان وەرگێڕا. هەر کە ڕەوشەکە دەگۆڕێ لەگەڵ کۆتاییی جەنگی ئەمریکی، ئیدی بازرگانی عوسمانی بەدەست ئەنجامەکانی دەناڵێنێ. ساڵەکانی ١٨٧٠ بۆ بازرگانی عوسمانی، بە تایبەت ئەوەی پێوەندی بەهاوردەی لۆکە هەیە قۆناغی دابەزینێکی بەرچاو بوو کە تەنیا پەرەئەستاندنی نوێی کەرتە کارایەکان دەیتوانی بەرەو ڕووی ببێتەوە.

لە بەرامبەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیدا، ئیمپراتۆریا لە هاوشەریکە بازرگانەکانی – کە گرینگترینیان بریتین لە بریتانیای فەخیمە «کە لە کۆتاییی ساڵەکانی ١٨٧٠، ٤٥٪ ی هاوردەی عوسمانی بوو) و فرانسا (لە ٨ , ١١٪ ی داهاتی عوسمانی بوو لە هەمان ماوەدا» و نەمسا (٨،١١) – کۆمەڵەی هەمەڕەنگی تەواوی لە بەرووبوومە دروستکراوەکان «قوماش، جلوبەرگ، چەک، تاخمی ماڵ، ئامێر، کاتژمێری دیوار، ئامرازگەلی هەمەچەشنە، هێلی تەلگراف، بەرهەمی



ئەجزاچیو... هتد» هەروەها کاڵا لە کۆلۆنەکان «شەکر، بەهارات» و کەرەسەی یەکەمی وەکو ڕەژوو و کانزای هەمەشەنە. جا ئەگەر تەرازووی بازرگانی بەبەردەوام بەقازانجی ئەوروپا دەشکێتەوە ئەوا ئەمەیان کێشەیەکی ترسناک بوو کە ئیمپراتۆریا هەرگیز نەیتوانی چارەسەری بکات. بەڵام ئەوەی لە هەمووان زیاتر نیگەرانیکارتر بوو شوێنکاری شوومی ئەو هاوردانە بوو بەسەر بەرهەمی پیشەیی ناوخۆیی. ئۆلیبشی لە کتێبەکەی خۆیدا «چەند نامەیەک لە بارەی تورکیا»[۲] ئیشارە بەم مەترسییە دەکات کە لە نیوەی سەدەوە، بەتایبەتی لە کەرتی چنیندا بەکارەساتی گەورەی دادەنێ. بەم شێوەیە بەنموونە لە ویلایەتی بۆرسا لە ساڵی ١٨٤٣ نزیکەی ٢٠٠٠٠ پارچە کوتاڵی – لە لۆکە و ئاوریشم – بەرهەم هێناوە. بیست ساڵ دواتر، زیاتر لە ٣٠٠٠ پارچەی لەم کوتاڵانە بەرهەم نەهێناوە. لە ناو هەموو ئەو ویلایەتانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتبوونە بەر خزینی ڕۆژئاوا، ستاتسیکەکان ئیشارە بەداڕمانێکی هاوشێوە دەکەن. تەنیا ئەو ناوچانەی کە دوور بوون لە ڕایەڵە بازرگانییە گەورکان – وەک لە حاڵەتی تایبەتیی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات دا – باشتر بەرگەیان گرتووە: لە ئەرزنجان، لە دیاربەکر، لە خارپووت، لە مەلاتیە، ئەگەر بەوەندە دەستبەرداربین ئیشارە بەژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو مەڵبەندانەی بەرهەمهێنان بکەین لە نێوان زۆرانی دیکەدا دەبینین کە سەدان، برێک جار زیاتر لە هەزار پیشەی هونەری چنینکاری پیشەیی هەتاوەکو پێش جەنگی یەکەمیی جیهانیش هەر کاریان دەکرد.

لە بەرامبەر هوروژم هێنانی بەرهەمی دروستکراوی ئەوروپی،

---

2- Lettres sur la Turquie

ئیمپراتۆریا خۆی بەبێ سەرچاوە نەدەبینییەوە. زۆر زوو لە برێتی ئەو پیشانەی کە خەریک بوو لە ناو دەچوون، پیشەی "مۆدێرن" دروست بوو کە وەڵامی پێویستییە نوێیەکانی دەدایەوە: کورسی دروستکار، دارتاش «ئەوانەی لاسایی ئەو تاخمانەیان دەکردەوە کە لە ئەنگلستان و فرانسا و شوێنەکانی دیکە دەهێنران». بەرگدرووی جلوبەرگی شێوە ئەوروپی و پێڵاوچی و سەعاتچی و میکانیکی و... هتد. هەروەک دەبینین ژمارەیەک لە "فابریقە" بەدیارکەوتن کە ناوکی یەکەمی کەرتی پیشەسازی بوو تا درەنگانێکی سەدەی نۆزدەم دەستی پێ نەکردبوو. لە زۆربەی حالەتەکاندا، ئەم فابریکانە دامەزراوگەلێکی سەر بەدەوڵەت بوون بەرهەمی تایبەتیان بۆ سوپا دروست دەکرد «قوماش، جلی یۆنیفۆرم، پێڵاو، لێفە و فێسە و چەک و چۆڵ» هەروەک بەرهەمی لوکسیشیان بەرهەم دەهێنا – لە هیریک فابریکەیەکی نموونەیی مافووری گرانبەها، ڕستنکاری ئاوریشمین و قوماشی قەدیفە – بۆ دەستەبەرکردنی داوایەکانی کۆشک و گرووپە دەستڕۆیشتووەکان دروست دەکرد.

لێرە یان لەوێ یەکەمین پرۆژە تایبەتییەکان دروست بوون: بەم شێوەیە کارگەییەی دروستکردنی شالی ئاوریشمین کە هاووڵاتییەکی فەرەنسی لە بۆرسا ساڵی ١٨٥٠ دروستی کرد و ئەو کارگەی ڕستنسازییە ئیتالییەی کە ساڵی ١٨٦٢ لە نزیک ئەزمیر دایمەزراند یان بەتایبەتی ئەو دەیان وەرەشە چکۆلانەی ئاوریشم سازی کە لە چەندین ناوچەی بەرهەمهێنانی ئیمپراتۆریادا کرانەوە. دواجار کەرتێکی دیکە بەشێوەیەکی خێراتر لە کارگەکان پەرەی سەند، ئەویش کەرتی بەرهەمهێنانی کانەکان بوو. لە سبەینێی جەنگی قرم، دەبینین



کۆگەکانی عوسمانی لە خەڵووز، مس و ئاسن و کەرەسەی هەمەچشنەی وەک زێر- کرۆم، سمارتە یان بۆراکس - بابەتگەلی سەرنج ڕاکێشەری زۆر بوون لە لایەن وەبەرهەمهێنەرەوە ئەوروپاییەکان بەشێوەیەک کە بابیعالی دەبوو لە ساڵی ١٨٦١ یاسایەک دەربکات ماوەی ئەوپەڕی دەساڵ دابنێ بۆ ئیمتیازات و کۆنسیسیۆنێرەکان ناچار بکات کە دەبێ چارەگێکی تێکڕایی قازانجەکانیان بەدەوڵەت بدەن.

لە دواجاردا، ئیمپراتۆریای عوسمانی لەم نیوەی سەدەی نۆزدەمدا وڵاتێک دروست دەکات کە ئیمکانیاتێکی بێ شوماری هەبێ. لە بواری کشتوکاڵییەکەی کە لە پەرەسەندن دابوو، سەرچاوەی کانە بێشومارەکانی، بەداخوازییە هەمەچشنە زۆروزەوەندەکانی لە ڕووی ئامێرپێدانی پیشەسازیی و خزمەتگوزاریدا. ئەمانە ئاکارگەلێکن، کە دەشێ ئەوەش زیاد بکرێ کە سەقامگیربوونی ڕژێمە سیاسییەکەی بوارێکی نایابی بۆ بزووتنەوەی ڕۆحی وەبەرهەمهێنان خۆش کرد. ئاشکرایە کە پیاوە کاردارەکانی ڕۆژئاوا دوانەکەوتن لەوەی درک بەمە بکەن. هاووڵاتی فەرەنسی کە ساڵی ١٨٥٠ هاتبوو دەسماڵی ئاورشمین لە بۆرسا بەرهەم بهێنێ تەنیا یەکێکە لەو ئەوروپاییە زۆرانەی کە هاتبوون لە هەمان سەردەمدا لە خاکی خەونانی عوسمانیدا بەدوای سەروەت و ساماندا بگەڕێن.

بەتەک ئەم دەستپێشخەرییە کەسیانەدا، دەبین دەستپێشخەری گرووپی دارایی و بانکی گەورەش هەن.چەند لەم دامەزراوانە بوونیان تەنیا بەو ئیمکانیاتە نوێیە بوو کە لە ئیمپراتۆریا دا لە بەردەستدا بوو، بەتایبەت دوای جەنگی قرم. بەمە بەڕووێکی تایبەتی، حاڵەتی بانکی

سوڵتانیی عوسمانی بوو، کە دامەزراوەیەکی فەرەنسی –ئینگلیزی بوو و ساڵی ١٨٦٣ دوای زۆر میحنەت ڕۆڵی بانکی دەوڵەتیی عوسمانی دەبینی. هەروەک ئەمە حاڵەتی زۆر دامەزراوەی دیکەش بوو کە ناوەکانیان مانای خۆیان هەیە: کۆمپانیای گشتی ئیمپراتۆریای عوسمانی (١٨٦٤)، بانکی پێشینەپێدانی گشتیی عوسمانی (١٨٦٩)، بانکی کۆنستانتینۆپل (١٨٧٢)، لقی کۆمپانیای گشتیی، کۆمپانیای عوسمانی بۆ گۆڕینەوە و کۆمپانیای پشک و کاغەزی دارایی (١٨٧٢)، بانکی نەمساوی–عوسمانی (١٨٧١)، بانکی نەمساوی – تورکی (١٨٧١). ئەم دامەزراوانە و زۆر لە دامەزراوەکانی دیکە ئەرکی یەکەمیان بریتیبوو لە پێدانی دەوڵەتی عوسمانی بەو پارەیەی پێویستی بوو. بەڵام هەر زوو بایەخیان بەپارەپێدانی کۆمپانیاگەلی هەمەچشنە دەدا کە هەموویان بەنزیکەیی سەر بەکەرتی هاتووچۆ و کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانییەکان بوون.

یەکەمین گەورە پلان کە سەرمایەداری ئەورووپی هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنیبوو شەمەندەفەر بوو. لەم بوارەدا سەرەتایەکان سادە بوون بەڵام مژدەبەخشیش بوون: هێڵی ئاسنەڕێی عوسمانی لە ئەزمیر بۆ ئایدن سەر بەخاوەند شکۆی سوڵتان بوو کە ساڵی ١٨٦٦ کرایەوە و بەسەرمایەی ئینگلیزی دروست کرا و درێژییەکی ١٣٠ کیلۆمەتر بوو. خزمەتی ناوچەکانی ناوەخۆی ئەزمیری دەکرد، توانای هێڵی ئاسنەڕێکەی لە گواستنەوەی کاڵا بۆ بەندەری هەناردنەکە دیاری دەکرد، هەرچی هێڵی ئاسنەڕێی لە ئەزمیر بۆ قەسەبە بوو کە تێکڕایی درێژییەکەی ١٦٩ کیلۆمەتر بوو و لە هەمان ساڵ خرایە کار و درێژبوونەوەکانی تا ئالاشەهیر (١٨٧٢) درێژ دەبووەوە کە ئەوانیش لە



ژێر کۆنترۆڵی سەرمایەداری بەریتانی دابوون. لە کەرتێکی دیکەی ئەو ناوچانەی کە کەوتبووە ئەودیو زەریای ئیجە ڕۆڵێکی هاوشێوەی ڕۆڵی هێڵی ئەزمیر–ئایدنی دەگێڕا.، دواجار کۆمپانیای سوڵتانی بۆ هێڵی ئاسنەڕێ لە تورکیای ئەورووپی «کە دواتر دەبێتە کۆمپانیای وەبەرهێنانی ئاسنە ڕێی ڕۆژهەڵاتی» ساڵی ١٨٦٩ لەسەر دەستی گرووپێکی دارایی کە لە سەرمایەی بەلجیکی، فەرەنسی و نەمساوی پێک دێ دەبینین لە کۆتاییی دەورانی عەبدولعەزیز هێڵێک بەڕێوە دەبەن کە درێژییەکەی سەد کیلۆمەترێک دەبێ و بەشی یەکەمی تۆڕەکە ئەرکەکەی بەستنەوەی تورکیا بوو بەشارە سەرەکییەکانی ئەورووپا.

بەڵام سەرمایەی گەورە تەنیا بایەخ بەئاسنەڕێ نادات. پرۆژەکان لەگەشەسەندن ناکەون و هەندێکیان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. لە ساڵی ١٨٥٨ کۆنت ئێدمۆند دو پێرتیوس، کۆمپانیایەک دروست دەکات بۆ دروستکردنی ڕێگەیەکی خۆشکراو لە نێوان بەیرووت و دیمەشق بەدوای ئەوە بەچەند ساڵێکی کەم لە ساڵی ١٨٦٢ەوە بەکارهێنەرانی ئەم ڕێگەیە دەیانتوانی هەر ١١٢ کیلۆمەتری دووریی نێوان ئەم دوو شارە بەکاتێکی پێوانەیی کە لە ١٢ سەعات زیاتر نەبوو ببڕن. لە دەوروبەری هەمان سەردەمدا پرۆژەی دیکە دەستیان کرد بەوەی بەلای ئەو کێشانەدا بشکێنەوە کە لە سۆنگەی گەشەکردنی هاتوچۆی زەریاوانییدا دروست دەبوون. ساڵی ١٨٦٧ کۆمەڵەی شۆستە بەندەرییەکانی سمیرنا ئاماژەی دەستپێکردنی ئەو ئاڕاستەیە بوو کە لە ناو ئیمپراتۆریا بۆ وەدیهێنانی زنجیرەیەکی تەواو لە کاری تایبەت بە دەربەندەکان کە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم هەر درێژەی هەبوو. کۆمپانیای کۆلاس و میشێل، کە بارەگە سەرەکییەکان لە

پاریس بوو، لە لای خـۆیەوە لە سـەرەتای سـاڵەکـانی ١٨٦٠ ئـەرکی دروستکردنی سەدان فاری(*) لە چەندین کەناری عوسمانی بەئەستۆ گرتبوو.

لە بواری خـزمـەتگوزاری گشـتـیدا دەسـتـپـێشـخـەری لە هـەمـووان گرینگتر ئەو دەستپێشخەرییە بوو کە بانکی عوسمانی لە ساڵی ١٨٦٩ بۆ بەشداریکردن لە پارەپێدانیی کۆمپانیای ترامـوای کۆنستانتینۆپل گرتیەبەر، کەمێک دواتر دەبینین کۆمپانیای ئاو لە هەمان شار بەچاودێری چەند بانکێکی فەرەنسی کرایەوە. ئەمە تەنیا سەرەتا بوو. دوای ئەوە بەچەند دە ساڵێکی کەم دەبینین لە شارە گەورەکانی ئیمپراتۆریا ئیمتیازاتی لەم شێوەیە دەبینین.

بێ گومان شتی گرینک بەنیسبەت هەموو ئەم پرۆژانە بەردەستخستنی دەستمایە بوو لە دوای وەبەرهەمێنانەکانیاندا. تاقە پرۆژە کە دەکران ئەو پرۆژانە بوون کە قازانجیان هەبوو. سەمایەداری گەورەی ئەوروپی بەرژەوەندی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە بەرچاو نەبوو مەگەر زۆر بەلاوەکی نەبێ. ڕاستیەکەی، ئەم ئیمپراتۆریایە لە دیدی گرووپە پارەدارەکان جگە لە پارچە کێکێکی کۆلۆلۆنی گەورە کە دەوڵەتە گەورەکان کێبەرکێیان لەسەر دەکرد زیاتر نەبوو. پارچەیەکی ئاوها گەورە کە هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە بەتەنیا بیماشێتەوە. ناوچەی نفووزەکان بەڕاستی دەستیان پێ کرد: عێراق، میسر، نیمچە دوورگەی عەرەب، لەوانەشە فەلەستین بۆ ئەنگلستان، سووریا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و بەتایبەتیش تونس بۆ لیبیا. لە کەناری زەریای ڕەش، ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات بۆ

(*) فار: منارەی ڕێگەنیشاندەر لەناو زەریادا. وەرگێڕ



ڕووسیا کە لەگەڵ ئەمساش بالقان دابەش دەکەن...

بابیعالی درکی بەمەترسییەکە کردبوو – ئەمەش بەقەد ئەوەی کە تەنگژەکان لە ماوەی دیاریکراودا دەتەقینەوە و نەدەوەستان لەوەی لەرزۆکیی ئەو ڕەوشەی تێ بگەین کە ئیمپراتۆریا تێی کەوتبوو – بەڵام وا خۆی نیشان دەدا کە نایزانێ. ئەمەش چونکە ئیمپراتۆریا سەرقاڵی ستراتیژییەکی گەشەپێدان بوو کە پشتی بەئازادی ئابووری دەبەست، پێویستی بەئەوروپا بوو و بیری لەوە نەدەکردەوە پشتی تێ بکات. ئیمپراتۆریا پێویستی بەبەرهەم و زانیاری و سەرمایەی ئەوروپا هەبوو. هەروەک پێویستی بەبازاڕەکانیشی هەبوو. ئەورووپا ئەوهێندە پێویست بوو بۆ ئەو تا ئەو ڕادەیەی کە ئامادە بوو، ئەگەر پێویستی کرد نرخێکی گران لە بەرامبەر ئەو کۆمەگییە بدا کە پێشکێشی دەکات.

## ژیانەوەی میللەتەکان

ڕزگارکردنی ئیمپراتۆریا: بۆ گەیشتن بەمە بابیعالی گرەوی لەسەر کرانەوەی– ئابووری و سیاسیی و ئایدلۆجی– دەکرد بەسەر ڕۆژئاوا. بەڵام هێشتا لە یارییەکەدا کاغەزێکی گەورەی دیکەی بەدەستەوە بوو: کاغەزی یەکیەتی برایەتی هەموو گەلانی ئیمپراتۆریای لە ژێر چەتری سوڵتاندا.

بۆ دابینکردنی ئەم یەکێتییە کە بەبێ ئەوە ئاشتی مەدەنی بوونی نابێ پیاوانی تەنزیمات زیاتر لەوە هێمای میهرەبانیان دەدایە کەمینە نەتەوەکان. بەگوێرەی مەرسوومی گوڵخانەی سوڵتانیی، وادەیان بەهەموو ڕەعیەتەکانی ئیمپراتۆریادا کە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و

ئاینیان، ئاسایشێکی تەواو بۆ ژیان، کەرامەت و سەروەت و سامان و ڕێزگرتن لە مافی شەرعییان دابین بکەن، هەروەک ئەوەی وادەی ئەوەشیان پێدان کە سیستمی باجدان چاک بکەن کە بەئاڕاستەی یەکسانیی بڕوات. پاشان فرمانی چاکسازی کە ساڵی ١٨٥٦ لە ژێر گوشاری دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئیمپراتۆریا لە دوای جەنگی قرم دەرچوو، هەنگاوێکی دوورتری بڕی لەسەر ڕێگەی ملدان بەوەی ئازادی پەرستن و یەکسانیی لەگەڵ موسڵمانەکان لە بەرامبەر قەزا و بواری باجدا بەکەمینە نەتەوەییەکان بدەن و ئیمکانیەتی ئەوەیان بۆ برەخسێنن کە هەموو بەرپرسیاریەتییە ئیدارییەکان بەئەستۆ بگرن و بەئازادی پەی بەهەبوونی پارێزدارێتی تەقلیدی خۆیان بکەن بەتایبەت لە بارەی ڕێکخستنی ناوەخۆی کۆمیۆنیەتەکاندا.

ئەم ملدانانە کە بەڕەزامەندییەکی زۆرەوە لە لایەن نا موسڵمانەکان پێشوازی لێوە کرا هەڵبەت چەکێکی دووسەرە بوو. بەدڵنیاییەوە لە ڕووی بنەڕەتییەوە شێوازێکی گردبوونەوەی هەبوو و لەم ڕووەوە تەنیا بەشداری لە برایەتی دانیشتوانە ڕەعیەتەکاندا دەکرد. بەڵام حکوومەتی عوسمانی بەو جۆرەی لەو لای دیکەوە لێگەرا کۆمیۆنیتەکان مافی ڕاییکردنی کاروباری ناوەخۆیی خۆیان هەبێ، بەحوکمی ئەوە ڕێگەی ئەوەشیان پێ دەدا کە لە ناو خۆیاندا لە ناو ستاتووێکی تایبەتیی دابخرێن. ئەمە یەکێک لە دیارترین پارادۆکسی تەنزیمات بوو. یەکیەتی ئیدیالی و برایەتی کە چاکسازەکان بەرگرییەکی زۆریان لێ دەکرد لە لایەن هەمووان پێشوازی لێوە کرا، بەڵام ئەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتەوە: هەستانەوەی "نەتەوە" هەمەچەشنەکانی ئیمپراتۆریا «زاراوەی عوسمانی "میللەت" کە بەکار



دێ بە واتەی چەمکی کۆمیۆنیتەی ئاینی دەگرێتەوە»، لە ژێر تاسیری دووسەرەی ئەو دۆکترینە وەرگیراوانەی ناسیۆنالیزمی ئەورووپی و پرەنسیپی تایبەتیی عوسمانی " لێیبەگەڕێن با بیکات" لە بواری ئیدارەکردنی کاروباری کۆمیۆنیتەکاندا.

ئەرمەنییەکان کە لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەم دەستیان بەپرۆسێکی بەهێزی بووژاندنەوەی ئابووری و کولتووری کردبوو پێشقەرەوڵ بوون لەوانەی لەو قازانجە تێگەیشتن کە دەشێ لە لایەنی نیازی چاکی حکوومەت سوودی لێوە ببینن. نیشانەیەکی مێژوویی هەیە: لە ساڵی ١٨٥٠ دەبینین ئەوانەی کە مسیۆنێرە بەریتانی و ئەمریکاییەکان توانییان لەناو ئەرمەنییەکاندا بیان کەن بەپرۆتستانت – ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس لە تەواوی ئیمپراتۆریادا – لە لایەن بابیعالییەوە هەقی پێکەوەنانی کۆمیۆنیتەی سەربەخۆیان وەرگرت بەناوی "میللەتی پرۆتستانت" کە ئەسقەفێک بەڕێوەی دەبردن و ئەنجوومەنێکی ئاینی یاریدەی دەدان، بەڵام کۆمیتەیەکی لاییکیشیان هەبوو کە ئیدارەی کاروباری دنیایی میللەتی نوێی پێ سپێردرابوو. ئەمە نموونەیەک بوو کە ئەرمەنە گریگۆرییەکان کە لە ڕووی ژمارەوە زۆر زۆرتر بوون لە ئیمپراتۆریا چاویان لێ کردن بۆ زیندووکردنەوەی کۆمیۆنیتەی خۆیان. هەوڵدانە یەکەمینەکان لەو ئاڕاستەیەدا هەتا پێش جاڕدانی "تەنزیمات"یش هەر هەبوون، لە ژێر تاسیری چەند بەگزادەیەکی ڕووناکبیر کە بەپەرۆش بوون بۆ بەعەلمانیکردنی ئیدارەی کۆمیۆنیتە کە بەتەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی پیاوە ئاینییەکاندا بوو. سەرکەوتنی ئەم کۆششانە چرکەساتی دیاریکراوی دیکە لە مێژووی ئەرمەنییەکاندا دروست دەکات.

پەسندکردنی حکوومەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٦٣ لەسەر لایحەی کۆمیۆنیتە لەگەڵ ڕۆحی تەنزیماتدا دەڕۆیشت بەڕێوە.

ئەم " لایحەیەی نەتەوەی ئەرمەن" هیچێکی وا زۆری لە وەزعیەتی کۆمیۆنیتە لە ناو ئیمپراتۆریا نەگۆڕی. لە بنەواندا هەر تەنیا بۆ دووپاتکردنەوەی ئیمتیازاتی وەرگیراو دەچێ، بەتایبەت لە بواری ئیدارەی ناوەخۆدا، بەڵام لەسەر شێوەی لایحەی نەتەوەی پرۆتستانتی، داوای دامەزراندنی ئەنجوومەنێک دەکات لە سەد و چل ئەندام کە زۆربەیان مەدەنی بن و ئەم ئەنجوومەنە دوو ئەنجوومەنی دیکە هەڵدەبژێرێ، یەکیان ئاینی کە بەرپرسە لە کاروباری ڕۆحانی و ئەوەی دیکەیان لە کاروباری دنیایی، بایەخ بە کاروباری ئابووری و پەروەردە دەدات. ئەم نوێخوازییە وا دیارە ئەنجامەکانی زۆر ترسناک بوون. ڕاستییەکەی ئەنجوومەن بەدنەدانی توخمە زیاتر ڕادیکالەکانی دوا نەکەوت لەوەی ببێتە پەرلەمانێکی ڕاستەقینەی کۆمیۆنیتە و لە ڕێگەی پەیرەوکردنی هەڵوێستێکی تا دەهات زیاتر تێکدەرانە، تا گەیشتە ئەوەی بەبێ فڕوفێڵ داوای سەربەخۆیی ئەو ویلایەتانە بکەن کە ئەرمەنییەکانی تێدا نیشتەجێن. لە لایەنی خۆیەوە پاتریارک – بەتایبەتیی میگیردیتش خریمیان، کە ساڵی ١٨٦٩ هەڵبژێردرا و جێگرەوەکەی نرکس ڤاریابیدیان – بەپشتبەستن بەم بنەوانە شێواوە دوودڵ نەبوون لەوەی سنووری ڕۆڵی ئاینی خۆیان بپسێنن، بۆ ئەوەی ببنە داخوازیکاری نەتەوەیی کە ئەنجوومەن گەلاڵەی کردبوو.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، میللەتی جوولەکە بە دابڕانێکی زەمەنی کورت، هەمان ئەو پەرەسەندنەی کۆمیۆنیتەیی ئەرمەنی بەخۆیەوە بینی. لێرەشدا، کارەکان بەهەوڵدان و هێرش بردنێک دەستی پێ کرد



کە دەستەبژێرە لیبرالەکان دژی توخمە کۆنسێرڤاتۆرەکان بەڕێوەیان دەبرد کە سووربوون لەسەر ئەوەی هیچ شتێک لە سیستمی جێگیردا نەگۆڕن. لێرەشدا جارێکی دیکە لە دواجادا لایحەیەک ئامادە کرا و خرایە بەردەم حکوومەت بۆ متمانەپێدانی. ئەم لایحەیە کە ساڵی ١٨٦٥ دەرچوو، زۆر بەلایحەی ئەرمەنە گریگۆرەکان دەچوو. بەجیاوازی ئەوەی کە هەمان شوێنکاری سیاسیی نەبوو. جوولەکەکان لەسەر شێوەی دوورگەیەکی چکۆڵە لە سەرتاپای ئیمپراتۆریای عوسمانی دا پەرت و بڵاو بوون و ئەوسا ئاسان نەبوو داوای نیشتمانێکی نەتەوەیی بکەن، هەموو ئەوەی داوایان دەکرد چاککردنی وەزعی مادی و کولتووریان بوو. ئەم لایحە نوێیە بەکەمکردنەوەی ڕۆڵی حاخامەکان کە زۆربەی جار بەرامبەر بە بیروڕای نوێ سارد بوون بەشداری لەمەدا کرد و مافی چاوگێڕانەوەی بۆ بەگزادە عەلمانییەکان نەک هەر بەسەر کاروباری دارایی کۆمیۆنیتە، بگرە هەروا بەسەر هەموو دامەزراوەکان پێ بەخشرا کە لە لایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵ کرابوو: قوتابخانە، نەخۆشخانە، کۆمەڵە خێرخوازییەکان... هتد.

لەگەڵ یۆنانییەکان هێشتا سیمایەکی دیکەی بەخۆیەوە گرت. لە ناو ڕیزی نەتەوە ئۆرتۆدۆکسەکان، بێ گومان وەک لە ناو ڕیزی جوولەکە و ئەرمەنەکان، گرووپێکی نوێخواز هەر هەبوون کە لە پێناو عەلمانیکردنی دامەزراوەیی کۆمیۆنیتەکان کاریان دەکرد. دەبینین هەرا و لەناویاندا حەماسەتبازی ڕەوتی هێلینیزمیش هەبوو کە ئامادەبوون دنەی جووڵانەوەیەکی هاوشێوەی ئەو بزووتنەوەیە بدەن کە بوو بەهۆی چالاککردنی کۆمیۆنیتەی ئەرمەن. کەچی پاتریارک خۆی وا دیار دەخست کە زۆر کەم کراوە بوو بگرە دژی هەموو ئەم ئاشووبانەش

بوو، بێ گومان چونکە بەرژەوەندییەکان کە لە ئارادابوون بێشومار بوون، بەتایبەتی بەرژەوەندی دارایی: پیاوانی ئاینی ئۆرتۆدۆکس، لە سایەی باج و باجاتی کەنیسە و ئەو مولّکانەی کە هەیانبوو، سەرچاوەیەکی بەرچاویان هەبوو و بەچاوێکی خراپ سەیری ئەو لایەنانەیان دەکرد کە دەیانەویست دەست لە کاروباریان وەربدەن.

دووبارە دارشتەوەی دامەزراوەیی کۆمیۆنیتەکان وێرای هەمووشتێک دەبوو ببێ، بەڵام دیارە بەکراوەیی دەبێ. زنجیرەیەک لەو لایحانەی لە نێوان ١٨٦٠ و ١٨٦٢رێکخران داودەزگەگەلێکیان دەخستە کار کە عەلمانییەکان تێیدا نائامادە نەبوون، بەڵام دەسەڵاتێکی گەورەیان تێیاندا نەبوو: ئەنجوومەنێک تەنیا بەبۆنەی هەڵبژاردنی پاتریارک کۆدەبووەوە، کوڕی قەشەکان بەرپرس بوون لەو مەسەلانەی کە پێوەندییان بەئاقیدە و دیسپلینی کنێسەییەوە هەبوو، ئەنجوومەنێکی تێکەڵاو بواری کارەکەی کاروباری دارایی و پەروەردە و کاری خێر و دادپەروەری بوو. لەم ئەنجوومەنەی دوایی عەلمانییەکان زۆرینە بوون. کەچی بڕیارە گرینگەکان نەدەکرا تەنیا ئەگەر بە ڕەزامەندی کوڕی قەشەکان نەبێ وەربگیرێن.

بەکورتی چاکسازییەک بۆ هیچ کە بە نزیکەیی دەسەڵاتەکانی وەکو خۆی دەهێشتەوە بەبێ گۆڕان. بەڵام ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەمەی دوایی هیچ پەرێشانییەکی نەبوو. ڕاستییەکەی، کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس لەوەتەی چەند دەساڵێک دەبوو، خۆی لە بەرامبەر تەنگژەیەکی زۆر ترسناک دەبینییەوە: وەدیارکەوتنی خواستی جیاوازی لە نێوان پیاوانی ئاینی بولگار و ڕۆمانەکان کە، پێکەوە حەزیان دەکرد لە ژێر دەسەڵاتی یۆنانی ڕزگاریان ببێ – ئەم دەسەڵاتە



برێتییە لە دوورخستنەوەی کولتووری و زمانەوانی، هەروەها لە چەوساندنەوەی ئابووری – و پێکەوەنانی کەنیسەی سەربەخۆ کە ئەگەر پێویستیشی کرد بتوانێ بەشداری بکات لە بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی کە لە قەڵەمڕۆیەکانی بالقانی ئیمپراتۆری دا وا بەدیار دەکەون.

لە ڕۆمانیا بەرەو کۆتایی سەدە، بەڕۆمانیکردنێکی کنێسە، بەڕاستی پرۆسێسێکی زۆر بەرەو پێشەوە چووبوو و هەر زوو پاتریارک تەنیا ئەوەی لەبەردەمدا مایەوە تەسلیمی وەزعەکە ببێ «هەرچەندە دانپیانانی ڕەسمیی بەکڵێسایەکی سەربەخۆی ڕۆمانی تەنیا لە ساڵی ١٨٨٥دا بوو». لە بەرامبەردا ڕەوشی ویلایەتەکان کە بولگاریەکانی تێدا دەژیان زیاتر ئاڵۆز بوو. داکۆکیکارانی ڕەوشی هەنوکەیی و ئەوانەی داوای دروستکردنی کڵێسایەکی سەربەخۆیان دەکرد چوونە ناو جەنگێکی تەواوی هەڵوێست وەرگرتن. سەرسەختانە شەڕیان لەسەر قوبەی هەموو زەنگێک، هەموو قوتابخانەیەک دەکرد. کەچی لایەنگیرانی دروستکردنی کەنیسەی نەتەوەیی بولگار دواجار مەسەلەکەیان بردەوە. لە ساڵی ١٨٦٠، دابڕان لە نێوان کەنیسەی بولگاری لە ئەستەمبۆڵ و پاتریارک تەکانێکی بەهێزی بەجیابوونەوەدا. دان پیانان بەئەمری واقیع دوای چەند ساڵێک بوو: لە ساڵی ١٨٧٠ وێرای ئەو ئەنەتێمانەی(*) کە پاتریارک دەری دەکردن، حکوومەتی عوسمانی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی ئەسقەفییێکی بولگاری سەربەخۆ دروست بکات.

دروستکردنی ئەم کەنیسە سەربەخۆیە بەتووندی گەواهی – لەسەر

(*) ئەنەتێم: لەعنەت، ئەو حەراماتانەی کە نێسە دەریدەکات. وەرگێڕ

شێوەی پێکەوەنانی نەتەوەی پرۆتستانی پێش بیست ساڵێک دەدا – لەسەر ئەو ڕەوتی هەڵوەشاندنەوەیە دەدا کە لە لایەن میللەتەکان لە سبەینێی جاردانی تەنزیمات نیشان درا. بەرزبوونەوەی کۆمیۆنیتەی چکۆڵەی وەک ئاسووری و کلدانییەکان بۆ ئاستی "نەتەوەکان" لە هەمان سەردەمدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان دیاردە.

دروستکردنی ئەم گرووپە کۆمیۆنیتە سەربەخۆیانە و هاوشان هەڵکشانی ڕەوتی ناسیۆنالیزمەکان زۆر بەخراپی لەگەڵ ئەو کۆششانە دەرۆیشت کە بابیعالی لە پێناو سەقامگیرکردنی پێکەوە ژیانی ئاشتی نێوان ڕەگەز و ئاینەکان دەیدا. بەڵام بەڕەچاوکردنی هەموو شتەکان، شیاو ئەوەیە دان بەوەدا بنرێ کە ڕیفۆرمخوازە عوسمانییەکان هیچیان نەچنییەوە ئەوە نەبێ کە چاندیان. هیچ جێگەی سەرسووڕمان نییە کە ژەمێکی دیاریکراو لە ئازادی و کرانەوە بەسەر بیروباوەری پێشکەوتنخوازی ڕێگەی لە بەردەم هێرشی دووبارە بووە کردەوە بۆ سەر ئاسایشی جێگیر بوو.

## پیاوە نەخۆشەکە

خولانەوە لە ناو بازنەیەکی بۆشدا: چاکسازییەکان زەوینەیەکی گونجاویان دروست کرد بۆ دەرچوونی داخوازییەکان. بەڵام ئەوە پێویست بوو دەست بەچاکسازی بکرێ بۆ ئەوەی هەڵبدرێ ئەو مەترسیانەی کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لێ دەکرد دوور بخرێنەوە. بێگومان ئیمپراتۆریا کە خۆی بە دیلی گێژاوێکی ئاوها بزانێ دەبێ زۆر نەخۆش بێ. ڕەوشەکە زۆر جێگەی نیگەرانی بوو بەقەد ئەوەی کە ئەوانەی بانگاشەی ئەوەیان دەکرد پەرۆش بوون



لەسەر پاراستنی، دەوڵەتە گەورەکانی یەکگرتووی ئەوروپی بەدەگمەن سووربوون لەسەر ڕزگارکردنی. ئەو ڕستە مێژووییەی کە تسار، نیکۆلای یەکەم لە ساڵی ١٨٣٣ بەسێر هامیلتۆن سیمۆری باڵیۆزی ئەنگلستانی گوت لە کاتی ئاهەنگێک کە دۆقی گەورە هێلین ئامادەی کردبوو لەم بارەیەوە ئاڵۆزییەکی تەواو بەرچاوی تێدایە: " ئێمە بەرپرسین لە [...] پیاوێکی نەخۆش؟ بە ڕاشکاوییەوە پێت دەڵێم بەدبەختییەکی گەورە دەبێ ئەگەر لە ڕۆژێک لەم ڕۆژانە لە دەستمان دەربچێ، بەتایبەت پێش ئەوەی ئەوەمان بۆ ڕێک بکەوێ کە هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرینە بەر".

مەترسییەکان لێرەوە بوون و زۆربوون، هەر لەگەڵ دەستپێکی دەورانی عەبدولمەجید: جەنگێک لەگەڵ میسر لەسەروبەندا بوو، ئاگرێکی خامۆش لە لوبنان، ئاستەنگ لە کرێت، ڕەوشێکی پەشۆکاو لە بالقان. چاپەمەنی ئەوروپی ناونیشانێکی شیاو بڵاو دەکاتەوە کە بۆ چەند ماوەیەکی ڕێک و پێک: تەنگژەی ڕۆژهەڵات. بەڵام وشەی "تەنگژە" دەبێ لە ڕاستیدا بەشێوەی کۆ تێبگەی، چونکە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەبێ هیچ گومانێک لە هەموو لایەکەوە تەنگژە قاویان دابوو.

## ڕۆژهەڵات لە ناو تەنگژەدا

بەنیسبەت سوڵتانی نوێ، شتەکان بەکارەسات دەستیان پێ کرد: دەوروبەری ناوەڕاستی تەممووزی ١٨٣٩ دوای چەند هەفتەیەکی کەم لە سەرکەوتنی تێکشکێنەری میسرییەکان بەسەر هێزەکانی مەحموودی دووەم لە نیزیپ، ئەحمەد پاشا فەوزی، ئەمیرالی بەرزی کەشتیگەلی عوسمانی هەموو پاپۆڕەکانی دەداتە دەست محەمەد عەلی

له ترسی ئەوەی نەوکەونە دەست ڕووس، هاوپەیمانی نە ویستراوی بابیعالی. لە ئەستەمبۆڵ ترس بڵاو دەبێتەوە. کەوابوو چۆن دەکرێ بەبێ کەشتی بەر لە میسر بگرین؟ ئەی ئەبێ میسر تا کوێ بڕوات؟ هیچ کەس ئەوەی لە بیرناچێ کە هێزەکانی ئیبراهیم پاشا لە ساڵی ١٨٣٣ گەیشتنە کوتاهییە، تەنیا دەوروبەری چەند سەد کیلۆمەترێک دوور لە پایتەختی عوسمانی. حکوومەت شێتگیربوو، بەپەلەداوان ئەوەی خستەڕوو کە میسر بەپشتاوپشت بداتە محەمەد عەلی، بەڵام ئەوانەی حوکمڕانی قاهیرە دەکەن ئەمە قبووڵ ناکەن: ئەوان هەروەها سووریا و کیلیکیا شیان دەویست وەک چۆن داوای لادانی سەدری ئەعزەم، خەسرەو پاشا دەکەن. گرژی بارودۆخەکە بەرز دەبووەوە و بەڕاستی لە ئاسۆوە پێشبینی جەنگێکی نوێ دەکرا.

هەڵبەت مەسەلەکە زۆر ترسناک بوو بەشێوەیەک نەدەکرا لێ بگەڕدرێ ئیمپراتۆریای عوسمانی و میسر بەخۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. هەموو هاوسەنگییەکانی هێز لە زەریای سپی ناوەڕاست لەسەر ئەنجامی تەنگژەکە وەستابوو. دیبلۆماسیەتی ئەورووپی کە لە لایەن مستەفا ڕەشید، باڵیۆزی بابیعالی لە لەندەن دنە درابوو، هەر زوو بینی کە دەبێ بجوولێ بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندی نزیک و لە هەمان کاتدا ناکۆکەکانی دەوڵەتە گەورەکاندا بگونجێ.

سازشەکان ماوەی زیاتر لە دوو ساڵیان خایاند کە، بەشێوەیەکی تایبەتی بەکێبەرکێی نێوان فرانسا و ئەنگلستان دەناسرێتەوە. یەکەمیان کە وای دەبینی کە دەست بەسەرداگرتنی میسر بەسەر سووریا ڕێگەی پێ دەدا نفووزی فرانسا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات



زیاد بکات، بۆیە پەنای بۆ هاوپشتیی محەمەد عەلی دەبرد. ئەنگلستان بە پێچەوانەوە کە پەیماننامەیەکی بازرگانی پڕ قازانجی لەگەڵ بابیعالیدا مۆر کردبوو، پشتگیری لە هەڵوێستی عوسمانی دەکرد، چونکە پشتی بەحکوومەتی ئەستەمبۆڵ دەبەست بۆ یارمەتیدانی لە پووچەڵکردنەوەی پیلانگێڕیەکانی فەرەنسی. هەروەها دەوڵەتی دیکە هەستی بەوە کرد کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندی بەتەنگژەکە هەبوو: ڕووسیا بوو. بەڵام ئەمەی دوایی لە بنەواندا بایەخی بەوەزعیەتی بەندەرەکان دەدا. بۆ ئەوەی قەڵەمڕۆیەکانی جنووبی بخاتە دەرەوەی بازنەی مەترسی ئەوا هیوادەخوازێ کەوا دەردەنیل و بۆسفۆر لە دوارۆژدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە رووی پاپۆڕە جەنگییەکان دابخرێن، وەک چۆن بەتەواوی لە پەیماننامەی هونکار ئەکەلەسی ساڵی ١٨٣٣دا هاتووە.

ئەوە ئەنگلستان بوو کە بۆ ئەم مەبەستە هاوپەیمان بوو لەگەڵ ڕووسیا، نەمسا و پروسیا لە دواین جار دەبوو کێشەکە بباتەوە. پەیماننامەی مۆرکراو لە لەندەن لە ١٣ی تەمموزی ١٨٤١ بووە هۆی ئەوەی سووریا بگەڕێتەوە بۆ سوڵتان و میسر بەشێوەیەکی پشتاوپشت لە بەرانبەر دانی خەزینەیەکی ساڵانەی چوار ملیۆن پیاستەر و دانپیانانی تەواو رووکەش بەسەروەری عوسمانی، بدرێتە محەمەد عەلی. لە هەمان ڕۆژدا، تێکستێکی دیکە بەناوی ڕێککەوتننامەی دەربەندەکان لەبەر ڕازیکردنی دڵی ڕووس و بەشێوەیەکی هاوتەریب، گەرەنتی یەکپارچەیی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات بەڵام بەشێوەیەکی پڕ بەهەڵەبەری پێویست: لە تێکستەکەدا هاتووە کە دەوڵەتە گەورەکان دەیانەوێ "بەڵگەیەکی

ئاشکرا لەسەر ئەو ڕیزەی کە بۆ حورمەتی مافی سوڵتانی هەیانە" پێشکێش بکەن و "ئارەزووی دڵسۆزانەیان لە سەقامگیرکردنی سەلامەتی ئیمپراتۆریاکەی" دەرببڕن. ئەمانە وشە گەلێکی جوان بوون. مەبەست لەوەدا پاداشت دانەوەی ڕەوتاری باشی سوڵتان بوو، بەتایبەت لە بەرامبەر دەرکردنی مەرسوومی سوڵتانیی گولخانە. بۆ گەیشتن بۆ ئەمە دەبوو زۆر کۆنگرە و پرۆتۆکۆل مۆر بکرێن. بەڕوویێکی تایبەتی هاوپەیمانەکانی ئیمپراتۆر ناچاربوون بەیرووت بۆمباران بکەن "سێپتامبەری ١٨٤٠" و سوپایەکی چکۆڵە داببەزێننە لوبنان "ئۆکتۆبەر" و بەرەبەرە شارە سەرەکییەکانی کەنار زەریا داگیر بکەن، بچن گەمارۆی ئەسکەندەرییە بدەن "نۆڤەمبەر" و لێشاوێک وادە و هەڕەشە و گوڕەشە بۆ محەمەد عەلی بنێرن.

ئەو دوو پەیماننامەیەی کە لە لەندەن مۆر کران پرسی میسر یان چارەسەرکرد و وەک چۆن بەشێوەیەکی کاتی مەسەلەی دەربەندەکانیشیان چارەسەر کرد. بەڵام بەهیچ شێوەیەک کۆتاییەکیان بۆ تەنگژەی ڕۆژهەڵات دانەنا. ئەم تەنگژەیە وەکو دڕندەی ئەفسانەیی هەرچەند مرۆ هەست بەوە بکات مردووە سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە. ئێستەش سەرەکانی دڕندە ئەفسانەییەکە ناویان کرێت، لوبنان و ڕۆمانیایە.

لە کرێت پاشاگەردانی بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٨٢١ەوە بەبێ وچان پشێوی تێدا دەگەڕا. بەنیسبەت دانیشتوانە مەسیحییەکانی دوورگەکە، ئەوانەی کە پروپاگەندەی هێلینیزمی دەیسووڕاندن و ئەو دزەکردنە عەسکەرییانەی کە لە کێشوەرەوە دەهاتن پشتگیرییان دەکات، ئەوەی ئەوان دەیخوازن پێوەستبوونیانە بەشانشینی نوێی



یۆنان بێ گومان ئەوە لێرەوەیە کە عوسمانییەکان بەهیچ شێوەیەک ئەم بەرنامەیان قبووڵ نەبوو و هەرکات ڕەوشەکە پێویستی کردبێ پەنایان بۆ داپلۆسین بردووە. بەدرێژاییی دە ساڵان، لە ساڵی ١٨٣٠ بۆ ١٨٤٠ دەبینین دوورگەکە کە خراوەتە ژێر سایەی محەمە عەلی کە بەم جۆرە برێک ئارامی بەخۆوە بیننیووە، بەڵام دوای ڕۆیشتنی میسرییەکان دەبینین دەورەی دۆزەخیی کوشتارگەکان کە لەشکرکێشی تەمێکردنی بە دوادا دەهات و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەدیار دەکەوتەوە. بابیعالییش هەڵوێستێکی توووند وەردەگرێ، لەگەڵ هەوڵدانی بۆ ئەوەی ژمارەیەک چاکسازی بە قازانجی مەسیحییەکان بکات. بەڵام ئەم کۆششانە بێ سوود بوون و نیگەرانییەکان بەرزدەبوونەوە و بوون بە یاخیبوونی گەورەی ساڵی ١٨٦٦.

تەنگژەی لوبنان یەکێک لە شوێنکارەکانی ناکۆکی نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و میسر بوو. لە کاتی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن هێزەکانی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی، هەر بەڕاستی کاتێکی دیاریکراو بوو کە ناوچەکە پشێوی لە نێوان توخمە هەمەچەشنەکانی دانیشتوان بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتیی لە نێوان مارۆنییەکان و دروزەکان. میسرییەکان دوودڵ نەبوون لەوەی یاری بەم ناکۆیانە بکەن بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان. هەر زوو پارتێکی خۆیان هەبوو کە لە بنەواندا لە مارۆنییەکان پێکهاتبوو و هەرچی دروزەکان بوون بەشێوەیەکی بەرفراوان دایانە پاڵ ئۆردووی ئەوانەی لایەنگیری سوڵتان بوون. ئینگلیز و فەرەنسییەکان کە، لە نزیکەوە چاودێری هەموو شتێکیان دەکرد کە لەم بەشەی دنیادا ڕوو دەدا، ئەوانیش هاتنە ناو یارییەکە، بەشێوەیەک یەکەمیان بەلای

دروزەکاندا دەشکایەوە، لە کاتێکدا کە دووەمیان بەکارتی مارۆنییەکان یاری دەکرد. ئەم کۆگەی بارووتە دەشیا بەبچووکترین تروسکە بتەقێتەوە. چاوەڕوانی هێندە درێژەی نەکێشا. ساڵی ١٨٤٠ ساڵێکی سەخت بوو، بەوە دەناسرێتەوە کە ئەنگلۆ – عوسمانییەکان – لەگەڵ کەژاوەی پیلانگێرەکان – دابەزین و هێزەکانی میسر کشانەوە. ئەمە بۆنی گەردەلوولی لێ دەهات. ئەم گەردەلوولە لە ساڵی ١٨٤١ لەگەڵ بەمەسیحیبوونی بەشیری سێیەم، میری نوێی لوبنان بۆ مەسیحییەت گڕ دەگرێ. ئەم بەمەسیحیبوونە دروزەکان دەترسێنێ بەوەی مەسیحییەکان نفووزی خۆیان دەخەنە سەر تەواوی دەزگایەکانی دەسەلات کە ئەمە دەبێتە سۆنگەی پێکداهەڵپڕژانی خوێناوی نەک هەر تەنیا هەردوو خەنیم، بگرە ئۆرتۆدۆکس و موسڵمانە سونییەکانیش دێنە ناوەوە. لەو ساتەوە ئامێری ترسناکی زەبروزەنگی نێو کۆمیۆنیتەکان دەسووڕێ.

حکوومەتی عوسمانی پێنج ساڵی پێویست بۆ ئەوەی ئاشتی بگێڕێتەوە. دوای هەوڵدانی زۆر، دواجار لە ساڵی ١٨٤١ دەگەنە ڕێکەوتنێک. ئەم ڕێکەوتنامەیە کە موستەفا ڕەشید پاشا بەڕەزامەندی دەوڵەتە گەورەکان دای ڕشتبوو، وای دەبینێ دوو سنجاق دروست بکرێ، یەکێکیان دروزی و ئەوی دیکەشیان مارۆنی لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی عوسمانی و لە هەمان کاتدا زنجیرەیەکی تەواو دامەزراوەی تێکەڵاو دروست بکرێ کە ئەرکی هەمەچشنەیان پێ بسپێردرێ لەوانە کۆکردنەوەی باج و ئیدارەکردنی دادوەری.

گەرچی ئەو ئاشتییە کە بەم شێوەیە گەڕێنرایەوە ئاشتییەکی لەرزۆک بوو. لە ساڵی ١٨٦٠ بەدەستی کۆمیۆنیتەکان کە بەپیلانگێری فرانسا و ئەنگلستان شەڕیان دەکرد بەجۆرێکی دیکە لوبنان نوقمی



ناو ئاگر و ئاسن بووەوە. ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٤١ تەنیا جۆرە پرۆڤەیەکی گشتیی بوو. ئەمجارەیان بەشوێن ئەو پشێویەی کە لە باکوری وڵات سەریهەڵدا، بەجۆرێک مارۆنییەکان داوای چاکسازی کشتوکاڵییان دەکرد، چەندین قەتڵ و عامی بەکۆمەڵ ڕوویان دا: کوشتنی لە نێوان ٦٠٠٠ و ١٠٠٠٠ ئینسان، وێرانکردنی سەدان گوند، تێکدانی ٥٠٠ کەنیسە و ٣٠ قوتابخانە و ٤٠ دێرە، بەدەگمەن بەیرووت لە گێژاو ڕزگاری دەبوو. بۆ تۆڵەکردنەوە لەو سوکایەتییەی کە موسڵمانەکان لەوێ پێیان دەکرا، هەر زوو دەوری دیمەشق هات تا گڕ بگرێ. نزیکەی ٢٠٠٠ ئینسان لەو شارەدا لەناوچوون بەتایبەتی لە ناو مەسیحییەکاندا.

دەوڵەتە گەورەکان کە لە نزیکەوە چاوەدێری پەرەسەندنی تەنگژەکەیان دەکرد، دواجار هاتنە ناوەوە. سیناریۆیەکە هەر هەمان ئەو سیناریۆیە بوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە لەگەڵ میسر پراکیتیکیان کرد. یەکەم جار ناردنی کەشتیی جەنگیی بۆ بەندەری بەیرووت. پاشان دابەزین – ئەم جارەیان لە لایەن هێزەکانی فرنساوە، دواجار بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیی لە ئەستەمبوڵ کە نوێنەرانی ئەنگلستان، فرانسا، پروسیا، نەمسا، ئیتاڵی و ڕووسیای کۆ کردەوە. بەنیسبەت فرانسا ئەمە ڕووداوێکی دیار بوو لە سیاسەتی فراوانخوازانەی لە ڕۆژهەلاتی نزیکدا. کۆنفرەنسەکە لە واقیعدا بۆ لوبنان – کە بەڕاستی بۆ ناوچە چیاییەکان کەم کرابووەوە – سەربەخۆییەکی ئیداری و قەزایی و دارایی تەواوی پێ بەخشی، حوکمڕانی ناوچەکەشی بۆ فەرمانکارەیەکی کاتۆلیکی ڕاسپارد کە بابیعالی دای دەمەزرێنێ، بەلام لە ژێر چاودێری دەوڵەتە گەورەکان دەبێ. بەم ڕێککەوتننامەیە کە لە ٩ی حوزەیرانی ١٨٦١ مۆر کرا،

ئیمپراتۆریای عوسمانی ویلایەتێک زەرەر دەکات و فرانساش "عەمیل"ێک دەباتەوە.

تەنگژەی لوبنان بەعەمەلی بیست ساڵ درێژەی کێشا لەگەڵ چەند قۆناغێکی هێمندا. لە کاتێک ئەم تەنگژە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریای تاریک دەکرد، سوڵتان لە قەڵەمڕۆ ئەوروپاییەکانی خۆی لە ناو ئاستەنگێکی زۆردا دەبینییەوە. لێرە، لە ساڵانی ١٨٤٠دا، ڕەوشی ڕۆمانیا لە هەمووان زۆرتر نیشانەی نیگەرانی بوو. ڕۆمانیایەک کە لە ساڵی ١٨٢٩ تا ١٨٣٤ لە ژێر داگیرکردنی ڕووسیادا بوو و ئێستەش وێرای ویسایەی دوانەی لایەنی ڕووسیا و ئیمپراتۆریای عوسمانی، لەسەر ڕێگەی هەستانەوەی نەتەویی.

شتەکان بەپشێوییەکی کولتووری دەستیان پێ کرد: قوتابخانە دروست کرا، ڕۆژنامە دەرکران، بنەوانی مێژوونووسیی نەتەوەیی دانرا. پاشا میرەکان ئەوانەی حوکمی ڤالاشیا و مۆلداڤیایان دەکرد چەند هەنگاوێکی دوودڵیان نا لەسەر ڕێگەی یەکخستنی ویلایەتە ڕۆمانییەکان لە دوارۆژدا. دواجار هاندەری دوایی لە ساڵی ١٨٤٨ دێ لەو بایەی یاخیبوونە کە ئەورووپای گرتبووەوە. شۆڕش لە پاریس هەڵدەگیرسێ، لە بەرلین، لە ڕۆما، ڤیەننا، پراغ و بۆدابێست هەڵدەگیرسێ. هەروەها لە بلاچ و ئیسلاز و لە بۆخارست. لە ٢١ی حوزەیران، ئەنجوومەنێک کە نوێنەرایەتی هەموو چینەکانی کۆمەڵی دەکرد بڕیارێکی دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی دەرەبەگی و وادەی دەرکردنی دەستوور و ڕاگەیاندنی یەکیەتی سەربەخۆی ڕۆمانیای ڕاگەیاند.

هەردوو هێزە پارێزگاریکەرەکە، سوڵتان و تسار بەتووندی دژی



وەستان. لە نیوەی هاوینی ١٨٤٨ سوپای عوسمانی و سوپای ڕووسی دەچنە ناو ویلایەتە ڕۆمانییەکان و هەموو کۆانۆیەکی بەرگری یەک لە دوای یەک تێک دەدەن. ڤالاش کە بەڕووێکی تایبەتی ڕووس داگیریان کردبوو، داپلۆسینەوەیەکی بێوینە لە دڵڕەقیدا بەخۆیەوە بینی. پاککردنەوەیەکی گەورە کە سوپای هەنگاریا لە ترانسیلڤانی بەشداری تێدا کرد دوای چەند مانگێک مەسەلەی ڕۆمانیای بەشێوەیەکی کاتیی چارەسەر کرد. لە ئایاری ١٨٤٩ ڕێککەوتننامەی بالتە – لیمانی شکستی شۆڕش ڕادەگەیەنێ و دووپاتەی ویسایەی ڕووسی– عوسمانی دەکاتەوە بەسەر ڕۆمانیا کە لەوساوە لە چەندین ئیمتیازاتی خۆی بێبەش بوو.

بەڵام چۆن دەکرێ خەیاڵی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و ڕووسیدا بکرێ، هەتا ئەگەر کارەکە پێوەندی بەڕێککەوتن هەبێ بۆ دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لەو ویلایەتانەی کە ملکەیان دەکەن؟ هەردوو دەوڵەت زۆری نەبرد پشتیان لەیەک کرد و گەیشتنە ڕادەی دابڕان. بیانووەکان چی بوون؟ بابیعالی ڕەتی کردەوە شۆڕشگێڕە هەنگاری، ڤالاشی، پۆلەندییە پەناهەندەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ڕادەستی ڕووسیان بکاتەوە. وا دیار بوو مەسەلەکە گەلێک ترسناک بوو بەشێوەیەک فرانسا و ئەنگلستان خەریک بوو کەشتیگەلەکانیان ساز دەکرد وەک خۆ ئامادەکردن بۆ پەلە بەهاناوەچوونی سوڵتان لە کاتی پەلاماری ڕووسدا. چوار ساڵ پێش جەنگی قرم، کاروانی پێکداهەڵپرژانێکی گەورە هێشتا هەر لە ئارادا بوو.

## جەنگی قرم

لە ساڵی ١٨٤٩ دەبوو شەر ڕوو بدا، چونکە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە تسار بەترسناکی دەزانین تورکیا داڵدەی دابوون. لە ساڵی ١٨٥٣، پێکداهەڵپرژان ڕوو دەدا چونکە باوکە کاتۆلیکەکان کە لە خاکی پیرۆز جێنشین بوون لەگەڵ پیاوە ئاینیە ئۆرتۆدۆکسەکان ڕێککنەکەوتن لەبارەی موڵکداریەتی برێک لە شوێنە پیرۆزەکان بەتایبەت لەبارەی کڵێسەی کریسمس لە بێت لحم.

لە سەرەتا چیرۆکێکی سادەی کلیلەکان بوو. لاتینییەکان داوای گێڕانەوەی یەکێک لە "مافە مێژووییەکان" یان دەکرد: ئازادی چوونە ناو کڵێسەی بێت لحم و بەردەستخستنی یەکێک لە کلیلەکانی دەرگەکردنەوەی سەرەکی پەرستگە. بەڵام پاتریارکی ئۆرتۆدۆکس هیچ ئاستەنگییەکی لەوەدا نەدەبینییەوە کە فرمانێکی سوڵتانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم دان بەکەنیەی یۆنانی دەنێ بۆ پاسەوانی بینایەکە. کەوایە مەسەلەکە هەر مەسەلەی کێشمەکێشە و هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە: ئەوە چەند سەدەیەکە پیاوە ئاینییە مەسیحییە هەمەچەشنەکان کە لە خاکی پیرۆزدا لە کێشەدا بوون لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو پەرستگەیە کە یادەوەری مەسیحی پێوەیە: ئەوە چەند سەدەیەکە کە دەسەڵاتکارانی عوسمانی هەوڵدەدەن چارەسەرێک بدۆزنەوە – کە زۆربەی جار ئەوەی ڕاستی بێ، ئاڵۆزە – کە بتوانێ هەموو لایەک ڕازی بکات.

هەڵبەت ئەم جارەیان دیبلۆماسی ئەورووپی دەست بەسەر کێشەکەدا دەگرێ، چونکە بەنیسبەت هەردوو دەوڵەتی مەزنی فرانسا و ڕووسیا کێشەکە لە ساتە وەختێکی گونجاودا هاتووە. لە فرانسا حکوومەتی



شازادە – سەرۆک لویی ناپۆلیۆن بۆناپارت بایەخ بەپرسی شوێنە پیرۆزەکان دەدا چونکە لە سیاسەتی ناوەخۆی خۆیدا پێویستیەتی بۆ بەردەستخستنی هاوپشتیی کاتۆلیکەکان و دەزانێ بەدیارکەوتنی وەکو پارێزەری لاتینییەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ تەنیا هاوسۆزی حزبی ئەکلیرکی بۆ خۆی ڕابکێشێ. هەرچی نیکۆلای یەکەمی ڕووسیا بوو بەپێچەوانەوە ئەوەی بەلایەوە گرینگ بوو بەهێزکردنی وێنەکەی بوو وەکو پارێزەری کەنیسەکانی ئۆرتۆدۆکسی، ئەم وێنەیە کە هەرچی زیاترە پێوەی پێوەست بوو بەو پێیەی بەڕاستی ڕێگەی پێداوە زیاتر لە دوو جاران دەست لە کاروباری ئیمپراتۆریای عوسمانی وەربدا.

یارییەکە ئەو هێندە ترسناک بوو و ئەو هێندە مەترسی تێدا بوو بەشێوەیەک فرانسا وێرای ئەوەی لە نوێوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کوڕی گەورە کلێسە(*)یە لە سەرەتادا دوودڵ بوو لەوەی بچێتە ناوییەوە. لە کۆتاییی ساڵی ١٨٥٠، هەڵبەت ژێنێرال ئۆپیک، باڵیۆزی کۆماری "فرانسا" بڕیار دەدا بەکۆششێک هەڵبستێ لای بابیعالی، داوا دەکات ئەو مافانە بۆ لاتینییەکان بگێڕێتەوە کە لە ڕێگەی ئیمتیازات و فرمانی هەمەچەشنە پێیان بەخشراون. بەنیسبەت حکوومەتی عوسمانی دەیویست فرانسا ڕازی بکات بەڵام پەرۆشی ئەوەشی بوو کە نارەزایی ڕووسیا نەوروژێنێ، لێرەوەیە ئەم داوایە تەواو لە ڕووداماو بووکە بەجۆرێک هەڵسوکەوتی کرد وەک ئەوەی هەموو حکوومەتەکان لە کێشەیەکی ئاوا ئاوها هەڵسوکەوت دەکەن، کارەکە نابڕێتەوە و بەجێی دەهێڵی و دۆسیەکە حەواڵەی لێژنەیەکی تایبەت دەکات. بەڵام فرانسا و ڕووسیا ئەوهێندە لە نزیکەوە چاودێری

(*) Fille annêe de l'Eglise

مەسەلەکەیان دەکرد بەشێوەیەک هیچ چارەسەرێک نەبوو جگە لە پەلەکردن لە بڕیار وەرگرتن. ئەم بڕیارە نموونەیەکی نموونەییە لە هەڵسوکەوتی عوسمانی لە ڕووی کێشەگەلێکی ئاوها: بەم شێوەیە لە ٢١ی ئاداری ١٨٥٢ فرمانێک دەرچوو کە بەشێوەیەکی تایبەتی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەوا سێ کلیلی کڵێسەی بێت لەحم دەدرێتە دەست لاتینییەکان، بەڵام ئەمانەی دوایی تەنیا هەقی چوونە ژوورەوەی ناو پەرستگەکەیان هەیە نەک چاودێریکردنی خزمەتگوزاری ئاینی تێیدا. لە لایەکی دیکەوە، هەموو کۆمیۆنیتە مەسیحییەکان دەتوانن بەئازادی بچنە سەر گۆری مریەم بەڵام بەشێوەیەکی نۆرەیی و بەگوێرەی خشتەگەلێک کە لە پێشدا دادەنرێ. دواجار هەرچی تایبەتە بەشوێنە پیرۆزەکانی دیکە لە خاکی پیرۆز، ڕەوشی هەنووکەیی وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

ڕووسەکان تووشی واق ورمان بوون. مافەکانی کڵێسەی ئۆرتۆدۆکس بەرەو ڕووی گاڵتەجاری دەبێتەوە. دوای چەند مانگێکی کەم نیکۆلای یەکەم گفتوگۆ بەناوبانگەکەی لە بارەی "پیاوە نەخۆشەکە" لەگەڵ باڵیۆزی ئەنگلستان لە سان پێترسبۆرگ دەست پێ دەکات. ئەو پێی وایە کاتی ئەوە هاتووە مەسەلەی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی هەمیشەیی چارەسەر بکرێ. ئیمپراتۆریای عوسمانی دەمێکە بەڕاستی نوقمی ناو ئاستەنگی ناوخۆ بووە. لە فرانسا وا دیار بوو ناپۆلیۆنی سێیەم لە بنەواندا سەرقاڵە بەپتەوکردنی ئیمپراتۆریاکەی کە جاڕی بۆ داوە. هەرچی نەمسایە ئەوا بەتوندی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی ١٨٤٨ هەژاندوویەتی، وا پێ دەچێ بیەوێ بێ لایەنی هەڵبژێرێ. کەواتە بۆچی سوود لەو دەرفەتە





وەرنەگرین بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنێک بەسەر دواندا؟ ئەنگلستان دەتوانێ دەست بەسەر میسر و کرێتدا بگرێ، لە کاتێکدا ڕووسیا پارێزگاری بەسەر مۆلداڤیا، ڤالاشیا، سربیا و بولگارستان دادەنێ و ئەستەمبۆڵیش دەبێتە بەندەرێکی ئازاد.

ئەم پێشنیازانە لە لەندەن هیچ دەنگدانەوەیەکیان نەبوو. تسار ئەم بێدەنگییەی بەڕازیبوونێکی تاکتیکی لێکدایەوە. لەوەبەدوا دەتوانێ بچێتە پێشەوە.

ئاداری ١٨٥٣ یاوەرەکەی ژێنێرال، شازادە مینشیکۆف، لە ناو ئاژاوەیەکی پڕ هەرا و زەنا گەیشتە پایتەختی عوسمانی، چەند داخوازینامەیەکی پێ بوو کە زیاد لە پێویست بوون: نەک هەر داوای چارەسەرکردنی مەسەلەی شوێنە پیروزەکانی دەکرد کە بەشێوەیەک کە گونجاو بێ بۆ ڕووسیا، بگرە هەروەها داوای مۆرکردنی پەیماننامەیەکی دەکرد کە کنێسەی ئۆرتۆدۆکس بەڕەسمیی بخاتە ژێر پاراستنی ئیمپراتۆریای ڕووسی. لە بەرامبەر ئەم تەنازولاتانەدا، سوڵتان دەتوانێ پشت بەهاوپەیمانیی ببەستێ لەگەڵ تسار.

لەوەبەدوا، ڕیتمی تەنگژەکە خێراتر دەبوو. لە ٤ی ئایار، فرمانێک لە لایەن بابیعالییەوە لە بارەی شوێنە پیرۆزەکان دەرچوو بۆ سەقامگیرکردنی ئەو هەنگاوهەڵگرتنانەی کە ساڵی ڕابوردوو نران. لە ٥ی ئایار، مینشیکۆف ئاگەدارینامەیەکی دەداتە حکوومەتی عوسمانی و داوای لێدەکات لە ماوەی پێنج ڕۆژدا گوێڕایەڵی داخوازینامەکانی ڕووس بێ. لە ٩ی ئایار، باڵیۆزی ئەنگلستان لە ئەستەمبوڵ، سێر ستراتفۆرد ڕەدکلیف، یەکێک لە باشترین شارەزایەکانی کاروباری ڕۆژهەڵات، چووە لای سوڵتان و وادەی پێدا کەوا کەشتیگەلی بەریتانی

کۆمەگی پێ دەکەن. ئەمە وەڵامی لەندەن بوو لە بارەی ئەو پێشنیازە لە خشتبەرانەی کە نیکۆلای یەکەم بەچەند مانگێک پێشتر پێشکێش لەندەنی کردبوو. نیگەران لە بزووتنەوەکانی ڕووسی کە بەشێوەیەکی ترسناک هەڕەشەی لە بەرژەوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی لەندەن دەکرد لە ڕۆژهەڵات، ئەنگلستان بڕیاری دا ئەمجارەیان پشتگیری فرانسا بکات و بەتایبەتیش ڕێگە لە بەردەم تسار بگرێ. لە ١٠ی ئایار، سوڵتان پەیمان دەدا ئاینی ئۆرتۆدۆکس بپارێزێ و ڕێز لە پارێزدارێتییەکەی بگرێ، بەڵام ڕەتی کردەوە هیچ پێوەندییەک لەگەڵ ڕووسیا ببەستێ. لە چەند ڕۆژی داهاتوو، تۆنەکە هەر زیاد دەبوو. لە کۆتاییی مانگ، مینشیکۆف دواجار بڕیاری دا ئەستەمبوڵ بەجێبهێڵێ، دوای ئەوەی ئاگەدارینامەیکی نوێی لە لایەن تسارەوە بۆ هات.

شتەکان دەکرا لەو ئاستەدا ڕابوەستێ، بەڵام نیکۆلای یەکەم کە "لەسەر گۆنای هەستی بەپێنج پەنجەی سوڵتان دەکرد"، شتێکی دیکە بڕیار دەدا. لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٨٥٣ نیازی خۆی ڕاگەیاند بۆ داگیرکردنی ئەمارەتە ڕۆمانییەکان هەر بۆ زەمانەتی ئەوەی دەتوانێ بەشێوەیەکی کارا پارێزگاری لە ئۆرتۆدۆکسەکان بکات. بەم شێوەیە ڕێچکەی جەنگ کراوە دەبێ.

لە ناو جەرگەی هەوەڵین ئۆپیراسیۆنە عەسکەرییەکان، هێشتا نێوانگیری هەر هەبوو، بەڵام بێ سوود بوو. تسار چاوتێبڕینی گەورەی هەبوو و دەیەویست سوود لە دەرفەتەکە وەربگرێ بۆ وەدیهێنانی. تسار نەیدەویست درک بەوە بکات کە ئیمپراتۆریای عوسمانی دەتوانێ پشت بەکۆمەگی فرانسا و بەریتانیای فەخیمە ببەستێ، ئەم



دوو دەوڵەتەی کە سووربوون لەسەر ئەوەی هەموو شتێک بکەن بۆ بەرگە گرتن لە فراوانخوازی ڕووسی لە ڕۆژهەڵات.

ڕاستە کۆمەگی فەرەنسی – بەریتانی بەخۆڕایی نییە. دەوڵەتە گەورە هاوپەیمانەکان ئامادەن یەکپارچەیی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەربەخۆیی سوڵتان زامن بکەن، بەڵام لە بەرامبەردا داوا دەکەن حکوومەتی عوسمانی پەیمان بدا کەوا چاکسازییە یەکسانیخوازەکان جێبەجێ بکات. ئەمە لە ١٢ی ئاداری ١٨٥٤ لەگەڵ مۆرکردنی پەیماننامەی کۆنستانتینۆپل دەکرێ، چەند ڕۆژێک دواتر، فرانسا و بەریتانیای فەخیمە دەیانتوانی جاڕی جەنگ بدەن بۆ سەر تسار کە سوپاکەی لە دانوب پەڕیبووەوە.

لە بالقان ئەوە هێزەکانی عوسمانی بوو کە دەبوو بەشێوەیەکی سەرەکی قورسایی کارە جەنگییەکان هەڵبگرین. لە سایەی کۆمەگی وەحداتەکانی هاوپەیمانەکان دەیتوانی خۆی دەربکات. بەرەو کۆتاییی هاوین، لایەنی ڕووسی تێکشکا. بەڵام ئینگلیزەکان بەهیچ شێوەیەک نیازی ئەوەیان نەبوو بەم سەرکەوتنە زەمینییە دەستبەردار بن، ئەوەی ئەوان دەیانوویست برێتیبوو لە تێکشکاندنی هێزی زەریاوانی ڕووسی و بۆ گەیشتن بەمە سووربوون لەسەر ئەوەی جەنگ بگوازنەوە بۆ قرم کە بەشێوەیەکی تایبەتی گەورە دەبۆی سیپاستۆپۆلی لێ بوو.

سیپتامبەری ١٨٥٤ سێپتامبەری ١٨٥٥: نزیکەی ساڵێک شەری قورس پێویست بوو بۆ تێکشکاندنی بەرگری سەرسەختانەی ڕووس. لە سەرتادا نزیکەی ٦٠٠٠٠ پیاو – ٣٠٠٠٠ فەرەنسی، ٢١٠٠٠ ئینگلیز، ٦٠٠٠ عوسمانی – لەبەردەم سیباستۆپۆل لە شەڕ دابوون: لە بەهاری ١٨٥٥ بوون بە ,١٤٠٠٠٠ لە سایەی پەیامنێرەکانی جەنگ و

فۆتۆگرافیا کە تازە لە ڕۆژنامەکان دەستی پێ کردبوو، ڕای گشتی ئەوروپی دەیتوانی هەنگاو بەهەنگاو بەترسێکی زۆرەوە تەماشای ئۆپیراسیۆنەکان بکات. ناوی شەڕە گەورەکان و بەهەمان شێوە ئیماژی کوشتارگەکان. خەڵەندی ئەلما، بالاکلاڤا، ئەنکیرمان، مەلەکۆف، تراکتیر لەناو یادەوەرییەکاندا دەچەسپین. شەڕێکی مۆدێرن بوو کە بەخێلی نە لە ئیمکانیات و نە ژمارەی قوربانییەکان ناکرێ. لە تاقە هێرش بۆ سەر بورجی مەلەکۆف (٨ ی سێپتامبەری ١٨٥٥) هاوپەیمانەکانی ١٠٠٠٠ پیاو و ڕووسەکان ١٣٠٠٠ یان لە دەست دا. ڕاستە ئەمە دوایین کۆششی جەنگی نەبوو. بگرە دەیان هەزار سەربازی دیکە پێش ئەوە لە جەنگەکان و لە ژێر گوشاری ئێسکەنەرمە، ڕەشەگرانەتا و کۆلێرادا مردوون.

دەست بەسەرداگرتنی سیباستۆپۆل لە ١٠ سێپتامبەری ١٨٥٥ کۆتایی بەجەنگ هێنا. دەبێ ئێستە ئاشتی بکەن و هەوڵ بدەن جارێکی دیکە بگەنە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ پرسی ڕۆژهەڵات. بەڵام ئاشتیش وەکو جەنگ بەخۆڕایی نییە. سوڵتان دەبێ تەنازولات بدا و دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتیی چاودێری ئەو وادەیە بکات کە لە ساڵی ١٨٥٤ دای تایبەت بەپراکتیزەکردنی زنجیرەیەکی نوێ چاکسازی.

کۆنگرەی ئاشتی دەبوو لە پاریس لە ٢٥ی ڤیڤرییەی ١٨٥٦ بەڕێوەبچێ. پێش چەند ڕۆژێک لەم وادەیە، بابیعالی دەوڵەتە گەورەکان لە مەرسوومێکی سوڵتانی «خەتی هومایۆنی» ئاگادار دەکاتەوە کە دەبێتە نیشانەیەکی بنەڕەتی لە مێژووی تەنزیماتدا. ئەم تێکستە لە خەتی شەریفی ١٨٣٩ زۆر وردتر و بەشێوەیەکی زۆر وردتر



ئامادەکراوە. دەموودەست بۆ کۆمیۆنیتە نا موسڵمانەکان ڕێز لە پارێزدارییێتی تەقلیدیان، لە ئازادی پەرستنیان و مافی بەڕێوەبردنی موڵکەکانیان دەگرێ بەبێ هیچ ئاستەنگێک. چۆن بێ گومان ئەمە بەڕەی لە ژێر پێیی ئەوانە کێشایەوە کە دەیانویست پێش ئەم ماوەیە بەچەند ساڵێک، بەبیانووی مەسەلەی شوێنە پیرۆزەکان پارێزگاری خۆیان بەسەر مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنن. لەم ماوەیەدا ئەم مەرسوومە نوێبوونەوەیەکی گرینگی هێنایە ناوەوە: لەوساوە هەموو پیاوە ئاینییەکانی هەموو کۆمیۆنیتەکان مانگانەی دیاریکراو لە کۆمیۆنیتەکەیان وەردەگرن بەشێوەیەک کە دوور بێ لەو قاچاندنەوە زۆرەی کە ڕەعیەتەکانیان بەدەستییەوە دەناڵێنن. لە لایەکی دیکەوە تێکستەکە باسی زنجیرەیەک چاکسازی دەکات.، هەموو ڕەعیەتەکانی ئیمپراتۆریا بەبێ جیاوازی یەکسانن لە بەرامبەر باج، قەزا، پەروەردە.، دەتوانن بچنە هەمان وەزیفە و هەمان قوتابخانە.، یەکسانی لە مافدا یەکسانی لە ئەرکدا دەستەبەر دەکات. هەموو پابەندی یاسای سەربازگیری دەبن، تەنیا ئەگەر لە ڕێگەی بەدەل دان ببەخشرێن، بۆ ئەوەی دەرفەت لەبەردەم هەموو کۆمیۆنیتەیەک برخسێنرێ بۆ ئەوەی خۆیان بنوێنن، دووبارە هەیکەلی ئیداری ویلایەتەکان ڕێک دەخرێتەوە.، لە دواڕۆژدا، دەوڵەت بودجەی ساڵانەی دەبێ و چاودێری بەسەر چاکبوونی ئیدارەی دارایی گشتیدا دەکات.، هەروەها پێوەست دەبێ بۆ پیادەکردنی کارەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.، ڕێگە بەدامەزراندنی بانک و کۆمپانیای دارایی دیکە دەدات.، هەوڵ دەدا دژایەتی گەندەڵی و دزی بکات،... هتد.

بەڕوویێکی گشتی، پرۆگرامێکی تەواوی ڕیفۆرم کە هەندێکیان

لەوەتەی ماوەیەکی درێژە کاریان تێدا دەکرێ و هەروەها هەندێکی دیکەیان بەشێوەیەکی ویستراو ئازایانە دەکرێن ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە پەرەئەستاندنی دوارۆژی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. لە پاریس، دەوڵەتە گەورەکان بەخۆشنوودییەوە "نرخی مەزنی ئەم ڕاگەیاندنە" تۆمار دەکەن. ئەوەی زیاتر جێگەی ڕەزامەندی بوو، مەرسوومی ١٨٥٦ هەر تەنیا بەهێنانە ناوی ژمارەیەکی دیاریکراو لە چاکسازی ناوەخۆ، کە ئەمە بناغەیەک دادەنێ بۆ دەستێوەردانی زۆری نفووزی ڕۆژئاوا لە ناو ئیمپراتۆریادا.

نیازی چاکی بابیعالی ئەو هێندە ئاشکرا بوو کە چەند هەوتوویەک بەس بوو بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتننامەیەک. سەرباری ئەوەش، هەموو لایەنە ئامادەبووەکان بەپەلە بوون بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە. ڕووسیا بەشپرزەیی لە جەنگەکە هاتبووە دەرەوە. لە فرانسا، ناپۆلیۆنی سێیەم دانی بەوەدا نا کە " چوار پەنجەی دەستی دەدا" بۆ گەیشتنی خێرا بەڕێککەوتننامەیەک. هەرچی ئەنگلستان بوو کە بەرپرسیارەتی سەرەڕۆی قرم هەڵدەگرێ، دەستی کرد بەوەی تێ بگات کە دەکرا ئەو جەنگە نەکرێ و دەیەویست بەبێ دواکەوتن لاپەڕەکە هەڵبداتەوە.

پەیماننامەی پاریس کە لە ٣٠ی ئاداری ١٨٥٦ مۆر کرا لە ڕوواڵەتدا وا دیاربوو کە هاوپشتی سوڵتانە، بەڵام ئەگەر کەسێک کەمێک شارەزای کردنەوەی کۆدی زمانی دیبلۆماتی بێ، هەتا بەئاشکرا ئارەزووی دەوڵەتە گەورەکانی بۆ دەردەکەوێ بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ئیمپراتۆریادا. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەتیی بەسەر مادەی ٧دا پیادە دەبێ کە بەشکۆمەندییەکی شیاو سەربەخۆیی



و یەکپارچەیی خاکەکەی زامن دەکات: " لایەنە پەیمانبەستووە بەرزەکان، ئارەزوو دەکەن کەوا بابیعالی بەشدار پێ بکەن لە ئاکارەکانی یەکگرتووی ئەورووپیی کە بەگوێرەی یاسایەکی گشتیی لە نێوان دەوڵەتە ئەوروپاییەکان دامەزراوە، هەر لایەک لە لای خۆیەوە پەیمان دەدا ڕێز لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عوسمانی بگرێ، بەشێوەیەکی هاوبەش گەرەنتی ئەم پەیماننامەیە بکات بەوەی چاوەدێرییەکی توندی ئەم ئیلتیزامە یا هەموو ئەو ڕووداوانە بکات کە لە ئەنجامدا ببێتە هەڕەشە بۆی، مەسەلەیەکە جێگەی بایەخی ئەوروپا دەبێ" لێرەوە ئەمە شێوازێکە وەک هەر شێوازێکی دیکە بۆ ئەوەی بوترێ کە دەوڵەتە گەورەکان بۆ خۆیان لە هەموو ڕەوشێکدا مافی خۆیان پاراستووە کە پێیان وابێ پێویست بێ بچنە ناویەوە. هەرچی ماددەکانی ١٠ تا ١٤– ەن کە دووپاتەی ڕێککەوتننامەکە دەکات لەبارەی دەربەندەکان و ڕێگە بەکەشتیگەلی جەنگیی نادا، بەکەشتیگەلی دەوڵەتە گەورەکانیشەوە کە لە ناو زەریای ڕەش دان، بەناو ئەم زەریایەدا بڕۆن. ئەمە بەهەمان شێوە کۆتێکی بێ وێنە دەخاتە سەر سەروەری عوسمانی. بۆ هەمان ئەنجام مادەکانی ١٥ تا ١٩ پێ لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی دانوب و ڕێژگەکانی دادەگرێ لە ژێر چاوەدێری لێژنەیەک کە دەوڵەتە گەورەکان دەست نیشانی دەکەن. بەگوێرەی مادەکانی ٢٠ تا ٢٧ ئیمپراتۆریای عوسمانی سەروەری خۆی بەسەر ئەمارەتەکانی ڕۆمانی وەردەگرێتەوە، بەڵام دەبێ خۆی ڕابهێنێ لەگەڵ زنجیرەیەکی تەواو کۆت و بەند و ڕازی بێ بەوەی لێژنەیەکی ئەوروپی پێشنیازەکانی لەبارەی ڕێکخستنی دوارۆژیی پێشکێش بکات. بەهەمان ئاراستەدا، دواجار هەردوو مادەی ٢٨ و ٢٩

داوا دەکەن کەوا " ئەمارەتی سربیا بەردەوام سەر بەبابیعالی دەبێ" بەڵام " ماف و پارێزدارییێتییەکەی لە ئێستە بەدواوە دەخرێنە ژێر گەرەنتی کۆلەکتیڤی دەوڵەتە گەورە پەیمانبەستووەکان".

سەبارەت بەئیمپراتۆریای عوسمانی، وێرای هەموو شتێک بەسەرکەوتنێکی دادەنا. بەڵام سەرکەوتنێکی زۆر گران. ڕاستە سوڵتان هیچ زیانێکی هەرێمی نەبوو کە ئاخی بۆ هەڵبکێشێ. زیاد لەوەش پەیماننامەی پاریس لە ویلایەتە ڕۆمانییەکان هەموارکردنێکی سنووری پێ بەخشی کە بەشداری دەکات لەوەی ڕووسیا لە ڕێژگەکانی دانوب دوور بخاتەوە. بەڵام ئاشکرایە کە بەشداربوون لە "سوودەکانی یەکگرتووی ئەوروپی" بەخۆڕایی نییە. لە ئایاری ١٨٥٣ سوڵتان ئاگەدارینامەی شازادە مینشیکۆفی ڕەت کردەوە بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسی ویسایەی رووسی ڕزگار بکات. ئێستە، لە ژێر ویسایەیەکدایە کە بەهەمان شێوە ترسناک، ئەگەرچی بەڕواڵەت زیاتر میهرەبانانەی ئەوروپی خۆی نیشان دەدا.

## هەڵپاچینی ئاشتی

لە پاریس دەوڵەتە گەورەکان تموعی ئەوەیان هەبوو چارەسەرێکی کۆتایی بۆ مەسەلەی ڕۆژهەلات بدۆزنەوە. بەڵام ئەم چارەسەرە کۆتاییە، لە ڕاستیدا تەواو کاتیی بوو. ئەو ڕێککەوتنەی کە لەسەری ڕێککەوتن تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بەیەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەبەست کە یەکگرتووی ئەوروپی گەرەنتی کردبوو. بەڵام هەرزوو دەرکەوت کە ئەوروپا ئامادە نییە ئیلتیزام بەقسەکانی خۆیەوە بکات. هەر زووش دەرکەوت کە چەمکی "یەکگرتوو" بۆ خۆی وەهمێکە



کە بابیعالی نابێ بەهیچ کلۆجێ پشتی پێ ببەستێ. لە کۆتاییی سالانی ١٨٥٠ەوە پرۆسیسی تەبایی ئەوروپی کە ڕێگەی بەمۆرکردنی پەیماننامەی پاریس دا ، دەستی کرد بەلێکهەڵوەشانەوە. هاوپەیمانیی نوێ لە ئاسۆوە خۆی بەدیار دەخست.- بەتایبەتی لێک نزیکبوونەوەی نێوان نەمسا، ئەڵمانیا و ڕووسیا کە ساڵی ١٨٧٢ەوە بووە بەهۆی دروستکردنی کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆریایەکە - هەرگیز بۆ ئەوە نەبوو کە ڕەوشی هەنووکەیی لە ڕۆژهەلاتدا بپارێزێ.

ئیمارەتە ڕۆمانییەکان هەوڵێن بوو کە دەستیان کرد بەهەڵپاچینی بەرەبەرەیی ئەوەی لە پاریس بەسەرپێ خرابوو. لێرەدا پەیماننامەکە پێ لەسەر مانەوەی هەردوو هەرێمی بەرچاوی مۆلداڤیا و ڤالاشیا دەکات کە هەریەکەیان میر و دامەزراوەی تایبەتیی خۆی هەبێ. لە ساڵی ١٨٥٧ەوە بەدنەدانی لێژنەی ئەوروپی کە ڕاسپێردرابوو بنەوانی ڕێکخستنێکی نوێ لە هەردوو ئیمارەتدا دابرێژێ، هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانانی مۆلداڤی و ڤالاشی دوودڵ نەبوون لەوەی دەنگی خۆیان بۆ یەکگرتن بەرز بکەنەوە کە، دەموودەست بەشداربوون لە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی هاوبەشدا. سەرەتای ساڵی ١٨٥٩، هەڵبژاردنی یەک پیاو، کۆلۆنێل ئەلیکساندەر چوزا بۆ هەردوو ئیمارەت، پێشیلکارییەکی زیادە بوو بۆ ئەحکامەکانی پەیماننامەی پاریس. بێ گومان بابیعالی بەپاڵپشتی نەمسا دژی یەکگگرتنی ئەم دوو ئیمارەتە بوو، هەربەزوویی ناڕەزایی خۆی دەربڕی. بەڵام دواجار لە ژێر گوشاری فرانسا ناچاربوو ئەمری واقیع قبووڵ بکات. لە ساڵی ١٨٦١ کۆتاییەکە بوو: فرمانێکی ئیمپراتۆریانە لە ٢ی دیسەمبەر، بەکاتیی یەکێتی مۆلداڤیا و ڤالاش قبووڵ دەکات لە ژێر

چاوەدێری کۆزان هەروەک پێ لەسەر پێکەوە گرێدانی هەردوو ئەنجوومەنی هەردوو ئیمارات دەکات و تاکە حکوومەتێک دادەمەزرێ کە پایتەختەکەی بۆخارست دەبێ. هیچ کەس لەمەدا گومانی نییە کە ئەمە یەکەمین قۆناغی کاریگەر بوو لەسەر ڕێگەی سەربەخۆیی ڕۆمانیا.

گورزێکی دیکەی گورچگبڕ بۆ ئەحکامەکانی پەیماننامەی پاریس: سەربەخۆیی زیادەبووی سربیا بوو. ڕاستییەکەی، سربیا هەر لەوەتەی پەیماننامەی ئەدرەنە (١٨٢٩)ەوە سەربەخۆییێکی گەورەی هەیە بوونی عوسمانی لەوێدا هەر بەنەبوو دادەنرێ. کەچی کۆنگرەی ئاشتی وای دەبینێ کەوا سوڵتان چەند ئۆردوویێکی تێدا بهێڵێتەوە و ئەمارەت هەر لە ژێر سەروەری ئیمپراتۆریادا بمێنێتەوە. لەگەڵ گەیشتنی میشێل ئۆبرینۆڤیتیش بۆ دەسەڵات (١٨٦٠– ١٨٦٨)، سربیا دوا نەکەوت لەوەی کۆشش بکات بۆ ڕزگاربوون لەم ویسایە لاوازەیە. لە ساڵی ١٨٦١ەوە، سربیا سوپایەکی چکۆڵە بۆ خۆی پێکەوە دەنێ و کار دەکات بۆ دامەزراندنی یەکێتی فیدراڵی کرواتی–سربی– بۆلگاری و خەونی بەدامەزراندنی: پەروەردەیەکی گشتی، سیستمێکی نوێی باجەوە دەبینی و لەو لای دیکە هاوئاهەنگیی بیروڕایەکان، ڕایەڵەیەکی هاوپەیمانیی لەگەڵ نەتەوە هاوسێیەکان «مۆنتینیگرۆ، یۆنان، ڕۆمانیا و بولگارستان». لە ساڵی ١٨٦٧ ڕوداوێک ڕوو دەدات کە بۆ خۆی کەم گرینگە، بەڵام ڕەهەندێکی ڕەمزی هەیە: لە ئەنجامی پێکداهەڵپڕژان لەگەڵ دانیشتوانە سربییەکان، دوایین ئۆردووی عوسمانی وڵات بەجێ دەهێڵن. تاقە ملکەچکردنی شێوەیی ڕووت کە دەبوو سربیا پێشکێش بەئیمپراتۆریای بکات ئەوەبوو کە ئاڵای عوسمانی لەسەر قەڵای



بەلگراد بەتەک ئاڵای سربیا بمێنێتەوە. لە ڕووی یاساییەوە، سربیا هەر سەر بەسوڵتان دەبێ، بەڵام لە ڕووی کردەنییەوە سەربەخۆ دەبێ.

سەربەخۆخوازی بەرەبەرە بڵاو دەبووەوە. بەرەو کۆتاییی ساڵانی ١٨٥٠ هەر بەڕاستی و لە ژێر پڕۆپاگەندەی ناسیۆنالیستی سربیدا، دەبنین بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا – کە بەزۆری موسڵمانن– و مۆنتینیگرۆ کار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە ویسایەی عوسمانی. لە بۆسنیا، دەبنین یاخیبوونە ناوەخۆییەکان بەزۆری بەرفراوانبوونێکی دیاریکراویان هەبوو کە زۆر بەئاسانی لە لایەن حاکمی ویلایەت، عومەر لوتفی پاشا (١٨٦٠–١٨٦١) و جێگرەوەکەی عوسمانە شەل (١٨٦١– ١٨٦٩) دادەمرکێنرایەوە، ئەم حاکمانە دەرفەتیان دەهێنا سەرباری سەرکەوتنیان ئەو چاکسازیانەی کە حکوومەتی ئەستەمبۆڵ لە هەرێمەکەدا پێی باش بوو بخەنە ناوچەکەوە. هەرچی ویلایەتی مۆنتینیگرۆ بوو داپڵۆسینەوەی قورستر بوو. میرە قەشەکەی، دانیلۆ، بەڕاستی بەرپرسە لە یاخیبوونێکی گەورە (١٨٥٣) کە بەدنەدانی ڕووس بەڕێوە چوو. ساڵی ١٨٥٧ دوای ئەوەی بێ هیوا هەوڵی ئەوەی دا تێکستێک لە پەیماننامەی پاریسدا سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ ڕابگەیەنێ، لە نوێوە ڕاپەڕی و لە یەک لایەنە پردەکانی لەگەڵ سوڵتاندا بڕی. کاردانەوەی عوسمانی توند بوو: داپڵۆسینەوەیەکی عەسکەری چالاک کە ئەنجامەکەی تێکەڵاوێک بوو لە ڕازیبوون و ناڕازیبوون لە لایەن دەستێوەردانی دەوڵەتە گەورەکان سەپێنرابوو، بریتیبوو لە بەکارخستنی ئۆتۆنۆمییەک بۆ مۆنتینیگرۆ لە ژێر چاودێری کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتیی (٨ ی نۆڤەمبەری ١٨٥٨). لەگەڵ ئەوەشدا دۆسیەکە داناخرێ. کوشتنی دانیلۆ لە ساڵی ١٨٦٠ و هاتنە

سەرکاری نیکۆلا پیترۆڤیتشی کوڕی برای بۆ دەسەڵات، دووبارە یاخیبوونیان جووڵاندەوە، ئەمجارەیان بەتەکانێکی بەهێزی ناسیۆنالیزمی سلاڤی لە هەرزەگۆڤینیا. وەک لە ساڵی ١٨٥٧، بابیعالی دوا نەکەوت لە دەستێوەردان و لەیەک کاتدا هێز بۆسەر مۆنتینیگرۆ و دژ بەیاخیبووەکانی هەرزەگۆڤینیا دەنێرێ، بەڵام سەرلەنوێ، بەرەو ڕووی دەستێوەردانی ئەوروپا دەبێتەوە کە ئەوە دەسەپێنن کە ڕەوشەکە بگەڕێتەوە ڕەوشی پێش خۆی، لە بەرامبەردا وادەیەک لە لایەنی دانیشتوانی مۆنتینیگرۆ بەوەی چی تر یارمەتی هەرزە گۆڤینیا نەدەن «ڕێکەوتننامەی سکوتاری، مۆرکراو لە ٣١ی ئابی ١٨٦٢»

ئەمجارەیان وا پێ دەچوو ڕێککەوتنامەکە هەمیشەیی بێ، بەڵام هەر تەنیا چەند ساڵێکی پێویست بوو تاوەکو ناوچەکە سەرلەنوێ نوقمی ناو ئاگر و ئاسن ببێتەوە. ئایا ئاشتی لەم ماوەیەدا بەرقەرار بوو؟ هەرگیز. ئیمپراتۆریا بەرەو ڕووی تەنگژەیەکی گەورەتر دەبووەوە: یاخیبوونی کریتییەکان.

ئەم تەنگژەیە لە ئایاری ١٨٥٦ دەست پێ کرد وەختایەک گرۆیەکی دانیشتوانە مەسیحییەکانی دوورگەکە داوای سوککردنی باجەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی دەستەکانی قەزاییان کرد. حکوومەتی عوسمانی لە ترسی ئەوەی نەوەکا ڕاپەڕینێکی چەکداری سەرتاپاگیر بەرپا ببێ، دەستی کرد بەناردنی هێزی سەربازی بۆ چاوەدێریکردنی ناوچەکە بەئامانجی پاراستنی موسڵمانەکان لە ئەگەری قەتڵ و عام. ئەم تروسکەیە بوو کە ئاگری بەبارووتەکەوە نا. هەر دەمودەست یۆنانییەکان خۆیان ساز و تەدارەک کرد. بەهەزاران خۆبەخش



بەکێشوەرەوە هاتن و گرووپی جەنگاوەریان پێکەوەنا. کارەکان زۆر بەخراپی گەشەیان دەسەند. لە ٢٣ی سێپتامبەر، ئەنجوومەنی سفاکیای میللی ڕای گەیاند کە " یەکیەتی کریت لەگەڵ یۆنانی دایک جیا نابێەوە و بۆ هەتاهەتایە". کەمێک دواتر، وەحەداتی عوسمانی بەتەک ئەو هێزانەی کە خدێوی میسر ناردبوونی دابەزین. والییەکی نوێ، عومەر پاشا داپلۆسینێکی وەحشیگەرانەی ڕێک خست. یۆنانییەکان کە پێش ئەو ماوەیە بەچەند ساڵێک چاودێری ئەوەیان کردبوو کە لە ویلایەتەکانی بەلقان ڕووی دا، گرەویان لەسەر دەستێوەردانی خێرای دەوڵەتە گەورەکان دەکرد. بەڵام تووشی بێ هیوایی بوون. ڕاستییەکەی ڕەوشەکە هەر هەمان ڕەوشی سەروبەندی کۆنگرەی پاریس نەبوو. ڕووسیا بەدەست ئاوەڕۆی کێشەی شوێنە پیرۆزەکان مارانگەز بووبوو و سەرقاڵی کێشەکانی ناوەخۆی خۆی بوو، گەلێک کەمتر لە پێشوو بایەخی بەپاراسنی ئۆرتۆدۆکسەکان دەدا. سەرباری ئەوەش، ڕووسیا بەتایبەتیی چاوی بڕیبووە سەر دانیشتوانە سلاڤەکانی بالقان. بەریتانیای فەخیمە و نەمسا دەترسان بەلای یۆناندا بشکێنەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکا تەنگژەیەکی گەورە بەرپا ببێ. تەنیا ناپۆلیۆنی سێیەم ویستی بەئاشکرا کۆمەگی یاخیبوونەکە بکات، بەڵام هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو. لەم هەلومەرجەدا، یاخیبووەکان جگە لە چەکدانان هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نەمایەوە.

بەنیسبەت بابیعالی کە هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی وێنەکەی چاک بکات، ئەمە ئەو دەرفەتە بوو بۆ ئەوەی چاکسازییەکی نموونەیی بخاتە بەرچاوی ئەوروپا. مەرسوومێک بەمێژووی ١٠ی ژانڤیەی ١٨٦٨

پێ لەسەر دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی قەزایی و ئیداری هەڵبژێردراو و ئەنجوومەنێکی گشتیی دادەگرێ کە لە سەرجەم نایابەکانی قەزاکە پێک هاتبێ، بەشێکی یەکسان لە بەشی موسڵمانەکان بەمەسیحییەکان ببەخشێ لە هەموو ئەو دامەزراوە نوێیانەی کە دادەمەزرێن، هەڵوەشاندنەوە یان سووکردنەوەی باجە هەمەچەشنەکان و دانانی زمانی یۆنانی یەکسان لەگەڵ زمانی تورکی وەکو زمانی ڕەسمیی دوورگەکە. ئەم هەنگاوهەڵگرتنانە هەموویان گیران بەبێ ئەوەی پێویستیان بەدەستتێوەردانی یەکگرتووی ئەوروپی هەبێ، تەنیا مەگەر ئەمە لە پێناو پێشکێشکردنی داخوازیگەلێکی گشتیی بێ بۆ بابیعالی. دەوڵەتە گەورەکان تا سەرەتای ساڵی ١٨٦٩ دوای هەوڵدانێکی نوێی یاخیبوون لە کرێت، نەجووڵانەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەکا جەنگ لە نێوان ئیمپراتۆریا و یۆناندا هەڵبگیرسێ. بەڵام ئەو کۆنگرەیەی کە لە پاریس لە ژانڤیە بەدەستپێشخەری ناپۆلیۆنی سێیەم بەسترا، هیچ شتێکی نوێ نەبوو پێشنیازی بکات. لەم ماوەیەدا ئەم مەرسوومە عوسمانییە کە ژەمێکی دیاریکراو ئۆتۆنۆمی بەدوورگەکە دەبەخشی ئەوروپاییەکانی رازی دەکرد.

ئەنجامی تەنگژەی کرێت کە بەقازانجی سوڵتان شکایەوە وا دیاربوو دیاردەی بۆ ئەوە دەکرد کە بابیعالی لە دواجار جلەوی چاکسازییەکانی بەدەستەوەیە و لە وەزعێکدایە دەتوانێ لە سایەی ئەو هەنگاو هەڵگرتنانەی کە بەشێوەیەکی ژیرانە پراتیکیان دەکات، پرۆسیسی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی ڕابگرێ. بەڵام کارەکە هەر ئاوا ئاسان نەبوو. لە واقیعدا لە کاتێکدا لە کرێت ژیان ـبەشێوەیەکی کاتیی– دەگەڕایەوە سەر ڕێرەوی ئاسایی خۆی،



دەبنین تەنگژەیەکی دیکە بەڕاستی خەریکە لە بالقان بتەقێتەوە. ئەو تەنگژەیەی کاتێک کە دەتەقێتەوە ڕێگەکە بۆ کارتێکردنی گەورە دەکاتەوە و نرخەکەی عەرشی عەبدولعەزیز خۆی دەبێ.

لە سەرتادا یاخیبوونێکی سادەی گوندنشینەکان لە هەرزەگۆڤینیا هەڵگیرسا دژ بەو باجگرانەی کە داوای دانەوەی تەواوی مافدارێتییەکانیان دەکرد، وێڕای ئەو ئاستەنگیانەی کە بەهۆی بەرووبوومی کارەستباری ساڵی ١٨٧٤ هاتبووە ئاراوە. بەڵام کارەکان بەزوویی فراوانتر دەبوون: سەربڕینی موسڵمانەکان، قەتڵ و عامی پێچەوانە، هێنانی چەک و چۆڵ لە مۆنتینیگرۆ و ئیمپراتۆریای نەمساوی، ڕێکخستنی هێزێکی فرەی یاخیبووەکان. لە دەوروبەری ناوەڕاستی هاوینی ساڵی ١٨٧٥، نەک تەنیا هەرزەگۆڤینیا هەموو خۆی ئامادە دەکرد بۆ جەنگ، بگرە بۆسنیا و مۆنتینیگرۆش.

ئەوروپا لەوە دەترسا کە ئاگرەکە بەخێرایی سەرتاپای بەلقان بگرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەوەش نیگەران بوو کە ئیمپراتۆریای عوسمانی نوقمی ناو تەنگژەیەکی دارایی بێ پێشینە ببێتەوە. بۆیە دوا نەکەوت لەوەی دەست بخاتەوە ناویەوە. لە ناوەڕاستی – ئاب، ڕاوێژ لە نێوان دەوڵەتە گەورەکان دوو هێندە بوو. لووتکەی ئەم خرۆشانە بەستنی کۆنگرەیەک بوو لە بەرلین لە دوادواییەکەی نۆڤەمبەر، کە سەرۆک وەزیرانی کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆریایەکە، بسمارک، گۆرتشاکۆف و کۆنت ئەندراسی کۆ کردەوە. کۆنت ئەندراسی نوێنەری نەمسا –بولگاریا، دەوڵەتی لە هەمووان ڕاستەوخۆ بایەخ پێدراوتر بەڕەوشی بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا، ئەرکی ئەوەی پێ دەسپێردرێ ئەنجامەکانی کۆنگرەکە بداتە بابیعالی و یاداشتنامەکە بەمێژووی ٣٠

ی نۆڤەمبەری ١٨٧٥ داوا دەکات ئیلیتزامی باج لەو ویلایەتانەی کە تووشی یاخیبوون بوون هەڵبەوەشێنرێتەوە و ئازادییەکی تەواو بدرێتە پەرستن و دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئیداری تێکەڵاو و هەنگاو هەڵگرتنی ڕێ و شوێن بەقازانجی جووتیاران ئەوانەی حەزدەکەن زەوی لەو گەورە موڵکدارانە بکڕنەوە کە کاریان بۆ دەکەن.

لە ئەستەمبوڵ کاتێک یادشاتنامەکە لە لایەن تەواوی دەوڵەتە گەورەکان تەسلیم دەکەن، بابیعالی بێ ئاگەیی خۆی ڕادەگەیەنێ و پەیمان دەدا چاکسازییە داواکراوەکان (١٣ ڤیڤریەی ١٨٧٦) جێبەجێ بکات. بەڵام چۆن دەکرێ شۆڕشێک کە بەتوندی هاوسۆزی گەلانی سلاڤ و کۆمەگی شاراوەی لە لایەن ئەوروپاوە لێ دەکرێ و سیمای هێرشێکی خاچپەرستانەی دژ بەعوسمانییەکانی وەرگرتبێ، بوەستێنرێ؟ بابیعالی گوتی تاقە چارە "چاکسازییەکان"ە. بەڵام واقیع بەتەواوی شتێکی دیکەیە: داپلۆسین. لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ هێزە عوسمانییەکان لە ژێر سەرکردایەتی ئەحمەد موختار پاشا دەستیان کرد بەپاککردنەوەیەکی سیستماتیکی ناوچەکە، ئەمە بووە هۆی کۆچی هەزاران پەناهەندەی مەسیحی بۆ مۆنتینیگرۆ و سربیا و نەمسا . لە ئەوروپا ڕۆژنامەکان باسی هەواڵی کارە وەحشییەکانیان دەکرد، ئەوە تۆقین بوو. هەرزوو ئەم تۆقینە تا دەهات زیاتر دەبوو.

لە واقیعدا لە نیسان ڕاپەرین لە بولگاریاش لە هەرێمی بلوڤدیڤ و بازارچیک دەست پێ کرد. سیناریۆکە هەمان سیناریۆکەی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا بوو. ئەو داپلۆسینەی کە بەکۆمەگی چەرکەس و میلیشیا غەیرە نیزامییەکان (باش- بوزوک) دەیکەن دەبێتە قەتل و




عام هەر هیچ نەبێ لە ڕوانینی ئەوروپاوە..

لە بەرامبەر دەستەپاچەبوونی ئیمپراتۆریا لە چارەسەرکردنی تەنگژەکە بەشێوازێکی ئاشتییانە، دەوڵەتە گەورەکان بۆ ئەوە دەچن سەرلەنوێ بێنە ناوەوە. لە ١٣ی ئایاری ١٨٧٦ بەبۆنەی سەردانیی تساری ڕووسیا بۆ بەرلین، کۆنگرەیەکی وەزیرانی "کۆمەڵە" دەبەسترێ ئەو داوایانە نوێدەکاتەوە کە بەر لە چەند مانگێک لە لایەن ئەندراسییەوە پێشکێش کرا لەگەڵ داوای ئەوەی کە سەرباری ئەوە سانسۆرێکی نێودەوڵەتیی دابنرێ بۆ جێبەجێکردنی پراکتیکردنی چاکسازییەکان. بەڵام ئەمجارەیان لەرەی دیبلۆماسی ئەورووپی بەشێوەیەکی ئاشکرا زیاتر هەڕەشە ئامێزتر بوو: ئەگەر ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەو چاکسازیانە بەجێ نەهێنێ کە وادەی پێدابوون، ئەوا نەمسا بەشێکی بۆسنیا داگیر دەکات لە کاتێک ڕووسیا بۆ بیسارابیای خواروو هەڵدەکشێ، هەروەها لە کاتی پێویستیشدا دەوڵەتە گەورەکان هەقی ئەوەیان هەیە هێز بەکار بهێنن بۆ فەرزکردنی ڕوانینی خۆیان.

هەڵبەت هەر تەنیا ئەوروپا بەتەنیا نیگەران نەبوو. نیگەرانی لە ئەستەمووڵ یشدا هەبوو. ڕۆژنانە ئەوروپاییەکان لە چارەنووسی دانیشتوانە مەسیحییەکان نیگەران بوون. لە تورکیا، ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتیی نیگەرانی دەوروژاند پرسی قوربانیانی موسڵمانان و دەستێوەردانە لاگیرییەکەی دەوڵەتە گەورەکان بوو بەقازانجی "بکەری قەتڵ و عامەکان" دەبوو بەهۆی وروژاندنی ڕەتکردنەوەیەکی گشتی. دەنگۆی سەیرو سەمەرە بڵاو دەبوونەوە: داخۆ سەدری ئەعزەم، نەدیم پاشا کە وەڵامی هەموو داخوازینامەکانی

ئەجناتیڤی باڵیۆزی تسار لە لای بابیعالی دایەوە بۆ ئەوە ناچێ وڵات تەسلیم بەهێزەکانی ڕووسیا بکات. دانیشتوان تۆقیووبوون. مەسیحییەکان بەلای کەمییەوە ئەوانەی ئیمکانیاتی هەڵاتنیان هەبوو، کۆششیان بوو پایتەختی عوسمانی بەجێبهێڵن.

لە ١١ی ئایاری ١٨٧٦ مزگەوتە گەورەکان و گۆڕەپانە گشتییەکانی ئەستەمبۆڵ جمەیان دەهات لەو خۆپیشاندەرانەی کە ئیدانەی ترسنۆکی حکوومەتییان دەکرد و بەوە تاوانباریان دەکرد کە بێ توانان لە دانانی ڕادەیەک بۆ ئەو قەتڵ و عامەی دژ بەموسڵمانەکان دەکرێ. بەگوێرەی ترادسیۆنێکی سەقامگرتوو، سۆفتەکان، قوتابیانی قوتابخانە ئاینییەکان ئەوان سەرۆکایەتی بزووتنەوەکەیان دەکرد. کاروانی خۆپیشادەرەکان بەرەو بابیعالی دەرۆیشت بۆ داواکردنی لە کارخستنی وەزیرەکان. ئاپۆڕەکە بەشێوەیەکی تایبەتی داوای بەرکارخستنی شێخولئیسلام، حەسەن فەهمی ئەفەندی و نەدیم پاشایان دەکرد کە تۆمەتبار بوون بەنەرمی نواندن و ڕووسیخوازی.

لە بەرامبەر ئەم ئاشووبانەدا، سەرەتا ویستی بەرگری بکا. تەنیا بەوەندە دەستبەردار بوو واز لە شەیخولئیسلام بهێنێ. بەڵام لە ١٢ی ئایار، لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی خرۆشانی خۆپیشاندەرەکان، ناچار بوو دەستەبەرداری سەدری ئەعزەمەکەشی بێ.

وەزارەتی نوێ کە لە لایەن ڕوشدی پاسا سەرۆکایەتی دەکرا، دوو کەسایەتی زۆر ناسراوی تێدا بوو بەمەیلی لیبرالیخوازەکان: مەدحەت پاشا کە تا ئەو دەم وەزیری بێ وەزارەت بوو و، حوسێن عەونی پاشا، کە سوڵتان وەزارەتی جەنگی پێدا بوو. دەموودەست پێوەندی نێوان ئەم دوو پاڵەوانەی سات – ئەوانەی کە دانیشتوان بەدوو کەسی



تاقانەیان دادەنان کە بتوانن بەشێوەیەکی شەرەفپارێز تەنگژەی بەلقان چارەسەر بکەن – و عەبدولعەزیز بەشێوەیەکی ویستراو تێکچوو بوو. "ئێوە ئەو پایانە بۆ ئەوە دەگرن چونکە گەل داوای لێ کردوون. با بزانین ئێستا دەتوانن بەڕاستی چی بکەن.". هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیرە نوێیەکانی، سوڵتان پەرۆشی ئەوە بوو لە نارەزایی خۆی ئاگەداریان بکاتەوە. چی ڕوو دەدا ئەگەر سوڵتان دوای ئەوەی هێمنی دەگەڕێتەوە پێی وابێ بەرپرسیارن لە یاخیبوونی سوفتەکان، لێیان هەڵەگەڕێتەوە و بەتووڕەیی خۆی ڕەدوویان دەنێ؟ هەر زوو گومان و نیگەرانی کەوتە ناو وەزیرەکان. ئەوان بۆ ئەوە لەو پایەدان تا خزمەتی سوڵتان بکەن. بەبێ ئەوەی هەرگیز لە دەست برێک لە درۆدۆنگی لە بەرامبەر بەسوڵتان ڕزگاریان ببێ.

وا دیار بوو حوسێن عەونی پاشا یەکەمین بوو بۆ بەرگیری لە ئەگەری تۆڵەیەک، کە بیرۆکەی لە تەخت هێنانەخوارەوەی عەبدولعەزیزی بەمێشکدا هات. کارەکەش دەکرا بکرێ. لە ماوەی پازدە ساڵانی دەورانی خۆی سوڵتان بەدەگمەن بایەخی پیدابوو: سوڵتان وڵاتی خستە ژێر باری خەرجی دیراسەنەکراو و بەرەو ڕووی ئیفلاسبوونێکی ڕاستی برد.، زۆر جار هەوڵیداوە بەدوای ئەوەدا بگەرێ لە بریتی سیتمی لیبرالی تەنزیمات دەسەڵاتێکی کەسیی بەمیتۆدی ملهورانە جێگیر بکات.، ئەو سۆنگەی ئەوەبوو کە لە ناو سەرتاپای وڵاتدا رەوشێکی ترسناک گەشە بکات کە خۆی بێتوانا بینییەوە لەوەی دەستیان بەسەردا بگرێ. لە ڕابووردوودا، زۆر سوڵتانی دیکە بۆ هۆگەلی زۆر لەوە نەرمتر لەسەر تەخت هێنراونەتە خوارەوە.

له بەرامبەر پرۆژەیەکی ئاوهادا مەدحەت دوودڵ بوو چونکە ئەو هیوای دەخواست کە بتوانێ دەرکردنی دەستووریک لە عەبدولعەزیز وەربگرێ. بۆیە ئەو ناچێتە پاڵ ڕای حوسێن عەونی تەنیا دوای ئەوە نەبێ کە درک بەوە بکات ئەمە مەحاڵە. وەزیرەکانی دیکە هەمان ڕێچکەیان گرت، ئەمە بەئاسانییەکی زۆروە، شێخولئیسلام فەتوایەکی دەرکرد کە هیچ شتێک نییە لە ڕوانگەی یاسای ئاینەوە دژی لەسەر تەخت هێنانە خوارەوەی سوڵتان بێ.

لە ٢٩ی ئایاری ١٨٧٦ حوسێن عەونی پاشا، سوپا دەجولێنێ بۆ گەمارۆدانی کۆشکی دۆڵەمەباخچە کە سوڵتانی تێدا بوو، لە کاتێکدا هێزی زەریاوانی هەموو پێوەندیک لەگەڵ دەرەوە لە ڕێگەی زەریاوە دەبڕێ. لە هەمان ڕۆژدا، کوڕە گەورەی عەبدولمەجید، شازادە موراد، کە وەزیرەکان تا ڕادەیک گوشاریان بۆ هێنا بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێ بۆ ئەوەی سوێندی وەلا بخوات. دەورانی عەبدولعەزیز _یەکێک لە دەورانە زۆر ناکۆک و زۆر کراوەکان بوو لە گۆڕانکارییەکانی مێژووی عوسمانی بوو– کۆتاییی هات. دوای کەمتر لە هەفتەیەک، سوڵتانی لەسەر تەخت لادراو بەمردوویی دەدۆزنەوە، دەمارەکانی کراوە، لە ژوورێکی خۆی لە کۆشکی فەرعییە لە ئۆرتاکۆی، کە حکوومەت دوای لەسەر تەخت لابردنی نشینگەیەکەی بۆ دانابوو. ئایا خۆی کوشت، یان کوژرا؟

## تەنگژەی بالقان

وا دیار بوو موڕادی پێنجەم، پیاوێکی زیرەک، ڕووناکبیر، کراوە بەسەر بیر و ڕای لیبرالیزم، حوکمڕانی نموونەیی بوو بۆ تەنزیمات. بەڵام هەتا پێش گەیشتنی بۆ عەرش بەوە دەناسرایەوە کە زیاد لە



پێویست دەمارگیر بوو. لەگەڵ ئەو بەرپرسیارییە نوێیەی کە دەبوو هەڵیبگرێ، هەر زوو نەخۆشی تەواو باڵی بەسەر هۆشیارییەکەیدا کێشا. لەم ڕەوشە دراماتیکییەدا کە ئیمپراتۆریا پێی دا تێپەڕ دەبوو، نەخۆشی عەقلیی کە سوڵتان بەدەستییەوە دەینالاند، مەترسییەکی زێدەبار بوو بۆ سەر وڵات. لە ٣١ ی ئابی ١٨٧٦ وەزیرەکان جارێکی دیکە ویستیان بیهێننە خوارەوە. یەکێک لە برایەکانی شوێنی موڕادی پێنجەمی گرتەوە، کە ئەویش وەک خۆی پیاوێکی زیرەک بوو و وەکو ئەویش لیبرال بوو، ئەو پیاوە عەبدولحەمیدی دووەم بوو. لە ١ی سێپتامبەر دەورانی حوکڕانییەکی سی و سێ ساڵەی کردەوە.

دەورانی موڕادی پێنجەم تەنیا ماوەی سێ مانگ بوو، بەڵام ماوەیەکی پڕ لە جوولە بوو، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەوە دەناسرایەوە کە تەنگژەی بالقان تووندتر بوو.

ڕاستییەکەی ئەو گێژاوە سیاسییەی کە گۆڕینی سوڵتان نایەوە هەرگیز نەبوونە هۆی چاککردنی ڕەوشی ویلایەتە ئەورووپییەکانی ئیمپراتۆریا. بەپێچەوانەوە، شۆڕشگێرەکان بەسوودوەرگرتن لەم ڕەوشە نائارامە کردەی خۆیان پەرەپێدا. لە بولگارستان و هەرزەگۆڤینیا و بۆسنیا، بزووتنەوەکانی شۆڕش هەر زیاتر دەبوون و تەحەدای داپڵۆسینی عوسمانییان دەکرد. بەڵام هەر زوو بابیعالی خۆی لە بەرامبەر تەنگژەیەکی گەلێک زۆر ترسناک تر بینییەوە: بۆ پاڵپشتی برایانی هاوڕەگەز و هاو ئایین یان، سربیا و مۆنتینیگرۆ ئەوانیش دەستیان کرد بەوەی بچنە ناو کۆڕی جەنگەوە. لە ٢٦ ی ئایار و بەدنەدانی ڕووسەکان هەردوو ئیمارات هاوپەیمانێتییێکیان بەست بەوەی کە لە کاتی سەرکەوتن بەسەر عوسمانییەکاندا

هەرێمەکەیان دابەش بکەن. دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم، میری سربیا و میلان داوای لە بابیعالی کرد بیکا بەسەرۆکی بۆسنیا و لە هەمان دەرفەتدا داوای کرد هەرزەگۆڤینیا بخرێتە سەر مۆنتینیگرۆ. لە ٢ی تەمموز لە بەرانبەر ڕەتکردنەوەی تووڕەی ئەستەمبوڵ، ئەمە بانگەوازی ڕەسمی جەنگ بوو.

جارێکی دیکە دیبلۆماسیەتی ئەوروپی ویستی تەنگژەکە بەگوێرەی ڕوانینەکانی خۆی چارەسەر بکات. بەڵام لەوەتەی یاداشتنامەکەی ئەندراسەوە ڕەوشەکە گۆڕا بوو. وەختایەک تسار ئەلیکساندەری دووەم و ئیمپراتۆری نەمسا فرانسوا جۆزیف لە ٨ ی تەمموز لە ڕایخستات لە بۆهیمیا کۆبوونەوە. ئەوەی تەوەرەی گفتوگۆیەکان بوو دابەشکردنی بالقان بوو بۆ چەند ناوچەیەکی نفووز لەوەی هەنگاوی تایبەت بێ بۆ دووبارە چەسپاندنەوەی ئاشتی. نەمسا بۆ خۆی ویصایەی بەسەر سربیا هەڵگرت و دەیویست لە ڕووی هەرێمایەتییەوە لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا پەل بهاوێ. ڕووسیا داوای پاراستنی بولگارستانی بۆ خۆی دەکرد و دەیەویست دەست بەسەر بیساریبیا و ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتدا بگرێ. ئەمارەتی بولگارستانی دواڕۆژ و ڕۆمیلیا و ئەلبانیا سەربەخۆ دەبن.، یۆنان دەتوانێ بۆ تیسالی و ئیبرە هەڵبکشێ. دواجار ئەستەمبۆڵ، پایتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەبێتە شارێکی سەربەخۆ وەک هەنگاوی یەکەم بەر لەوەی بەڕووسیاوە بلکێنرێ کە ڕووس چەند سەدەیەک بوو نەخشەیان بۆ ئەم پرۆژەیە کێشابوو.

بەرنامەیەکی بەرفراوان بوو. ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا بوو شەڕ بوو و ئەوەش تا ئەوکاتە بەلقانەکان بەڕووێکی تایبەتی لە پارێزگارە



ئیمپراتۆرەکانیان بەدەستیان خستبوو هەر تەنیا کۆمەگییەکی زارەکی بوو. ڕاستە چەند سەد خۆبەخشێکی ڕووس چوونە پاڵ سوپای سربیا و ئەمەی دوایی ئەفسەرێک لە ئەفسەرانی تسار، تشیرنایڤی کردە سەرکردەیان. بەڵام ئەمە زۆر کەم بوو بەبەراورد بەو یەکە زل و زەلامانەی کە عوسمانییەکان توانیبوویان جۆشیان بدەن. بەرەو کۆتاییی ئاب، عوسمان پاشا، یەکێک لە باشترین ژێنێراڵە عوسمانییەکان لە بەردەم ئەلیکسناتر، سەرکەوتنێکی گرینگ بەسەر سربییەکان بەدەست دەهێنێ. ئەم سەرکەوتنە نەک هەر تەنیا بەلقانەکان، بگرە ئەو دەوڵەتانەیش کە یاریدەدەیان دەدان وا لێ کرد چاو بەهەڵویستەکانیان دا بخشێننەوە.

هەڵبەت دەبوو جەنگ دەست پێ بکاتەوە، دوای چەند هەفتەیەک لە گەیشتنی عەبدولحەمید بۆ عەرش، عوسمانییەکان سەرلەنوێ ی عوسمانییەکان باڵادەستیی عەسکەریی خۆیان سەلماندەوە، دەوڵەتەکان بڕیاریان دا بەهەموو توانایەکیانەوە بخزێننە ناو کێشەکە. لە ٣١ی ئۆکتۆبەر ١٨٧٦ باڵیۆزی ڕووسیا، کۆنت ئەجنایف ڕاسپێردرابوو کە بچێ ئۆلتیماتیۆمێکی کورت بداتە بابیعالی: ئەگەر لە ماوەی چل و هەسشت کاتژمێری داهاتوو ئیمپراتۆریای عوسمانی ئاگربەست لەگەڵ سربیا و مۆنتینیگرۆ نەبەستێ، ئەوا ڕووسیا ئەو ئەنجامانە هەڵدەبژێرێ کە خۆیان فەرز دەکەن. لە ئەستەمبۆڵ خۆیان بەدەست ئۆلتیماتیۆمەکە دا و لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەر دەستکرا بەبەرەڵاکردنی ئەو هێزە عوسمانیانەی کە لە هەڵمەتەکەدا بەشدار بوون. بەڵام دەوڵەتە گەورەکان هەرگیز بەم نیازە چاکە نیشاندانە دەستبەردار نەبوون. ئەوان بیریان لە دابەشکردنی لاشەی

عوسمانی دەکردەوە بەپەلە داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتییان کرد. ئەم داوایە هەڕەشە و گوڕەشەشی لەپشتەوە بوو. دزرایلی لە خوانێکدا ڕای گەیاند کە " ئەنگلستان لە جەنگ ناترسێ" خۆ " ئەگەر پێویستیشی کرد دەتوانێ بیست ساڵ شەڕ بکات. کەشتیگەلی بەریتانی بۆ دەردەنیل دەنێرێ".

کۆنفەرەنسی داواکراو لە ٢٣ی دیسامبەری ١٨٧٦ لە ئەستەمبۆڵ لە ژێر سەرکردایەتی وەزیری کاروباری هەندەرانی عوسمانی، سەفوەت پاشا، و وەفدەکانی ڕووسیا، ئەنگلستان، فرانسا، نەمسا، ئەڵمانیا و ئیتالیا کۆبوونەوە. بێ گومان بابیعالی دەیزانی لەوە بەدوا چی چاوەڕوانی دەکات: پێشنیازی سەربەخۆیی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا و هەروەها پێکەونانی بولگارستانێکی گەورە لە ژێر نفووزی ڕووسی، جارێکی دیکە بەنیسبەت ئەو بەزیانێکی هەرێمی و کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی کۆتایی دێ. بەڵام لە بەرامبەر داخوازییە نوێیەکانی یەکگرتووی ئەوروپی، مەدحەت پاشا کە بوو بەسەرۆک وەزیرانی عەبدولحەمید پێشبینی دوایین مەتەرێزی کردبوو: جاڕدانی دەستوورنامەیەک.

گۆڕانێکی کتوپڕ بوو، لەو ساتەی کە نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکان کۆبوونەوە بۆ یەکەم جار تۆپ کەوتە کار. سەرۆکی کۆنفرانسەکە، سەفوەت پاشا لە وتەیەکی کورت بۆ نوێنەرەکان ڕایگەیاند کە " سوڵتان لە بەخشندەیی خۆیدا، سیستمی حوکمێکی نوێی بەگەلەکەی بەخشی و ئیدی کۆنفرانس لەم هەلومەرجەدا چی تر پێویست نییە. باڵیۆزی ڕووسیا بەساردی وەڵامی دایەوە " با بچینە سەر خشتەی کارەکان" بەڵام ئەوە ڕێگەی لەوە نەگرت کە ئەم دەستپێشخەرییە لە



ناکاوەی عوسمانی چالاکانە دەرهاویشتەکانی گفتوگۆیەکە دەستکاری بکات.

ڕاستییەکەی ئەو دەستوورەی کە مەدحەت پاشا و پیاوەکانی دەوروبەری دایان ڕشتبوو، ترۆپکی پرۆسێسێکی چاکسازی درێژخایەنی بەردەوام بوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی لەوەتەی مەرسوومی گولخانە و ژمارەیەکی زۆر بیانووەکانی لە دەوڵەتە گەورەکان سەندەوە کە داوای دووبارە چاوپێداخشانەوەیەکی پرسی ڕۆژهەڵاتیان دەکرد. لەو ساتەوە، وا دیاربوو کە دەوڵەتی عوسمانی سیستمێکی حوکمڕانی تەواو هاوشێوەی سیستمە نوێیەکانی حوکمڕانییەکانی نەتەوە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوای هەیە. دەوڵەت ئەنجوومەنێکی ئەعیانی هەیە کە سوڵتان ئەندامەکانی بەدرێژاییی ژیان دیاری دەکات – کە گەرەنتی دەدات دژ بەلابردنی زوڵم و زۆر– ، ئەنجوومەنێکی هەیە لەو نایبانە پێک دێ کە خەڵک هەڵیان دەبژێرێ، دەزگایەکی ڕاپەڕاندن کە لە سترەکتوورەکەیدا زۆر لە وەزارەتێکی ئەوروپی دەچێ. ڕاستە سوڵتان، کەسایەتییەکی پیرۆزی هەیە، بەشێکی گەورەی دەسەڵاتە تەقلیدیەکەی پاراستبوو و لە بەرامبەر هیچ کەسێک بەرپرسیار نابێ لە کارەکانی، ئەویش وەزیرەکانی دادەمەزرێنێ یان لایان دەبات و ئەویش پەرلەمان دادەمەزرێنێ و هەڵی دەوەشێنێتەوە، ئەویش یاسایەکان دەردەکات و سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان دەکات و بەیاننامەکان مۆر دەکات و جاڕی جەنگ دەدا یان پەیماننامەی ئاشتی مۆر دەکات. بەڵام نایبەکان لە بەرامبەردا، دەنگ لەسەر یاسایەکان دەدەن، بەتایبەت لەسەر بودجە، ئەمە دەسەڵاتێکە ڕێگەیان پێ دەدا کۆنترۆڵی هەموو کارە باجگیریی و

داراییەکانی دەوڵەت بکەن. سەرباری ئەوەش، دەستوور هەموو گەرەنتییەک بۆ ڕەعیەتە عوسمانییەکان دابین دەکات کە لە مەرسوومی ١٨٣٩ و ١٨٥٦دا هاتوون: ڕێزگرتن لە ئازادییە کەسییەکان، یەکسانی لە ماف و ئەرکدا، ئازادی وەئەستۆگرتنی هەموو وەزیفە گشتییەکان، بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە... هتد.

بێ گومان ئەوە بەرێکەوت نەبوو کە سیستمی نوێ لە هەمان ڕۆژی کۆنفەرانسی ئەستەمبۆڵ ڕاگەیەندرا. سوڵتان و وەزیرەکانی دەیانەویست جۆرێک بەشۆکی سایکۆلۆجی دروست بکەن. بەتایبەت هیوا خوازبوون بەخۆبەستنەوەیان بەدەستوور هەموو داوایەکانی دەوڵەتە گەورەکان بەتاڵ بکەنەوە. وازهێنان لە بۆسنیا و مۆنتینیگرۆ؟ مەحال بوو، چونکە دەستوور ڕای دەگەینێ کە ئیمپراتۆریا دەستی لێ نادرێ. پێدانی ئیمتیازاتی تایبەت بەمەسیحییەکان؟ مەحاڵ بوو. چونکە دەستوور یەکسانی بۆ هەموو ڕەعیەتەکانی عوسمانی ڕادەگەیەنێ. دامەزراندنی دادگەی تایبەت بەنا موسڵمانەکان؟ مەحاڵ بوو. چونکە دەستوور پێ لەسەر بوونی سیستمێکی قەزایی مەدەنی دادەگرێ کە بەسەر هەموو پێکهاتەکانی دانیشتوان دەچەسپێ. دروستکردنی دەزگایەکی نێودەوڵەتیی بۆ وردبوونەوە لە پیادەکردنی چاکسازییەکان مەحاڵە، چونکە دەستوور ڕێگە بەشتی ئاوها نادا

لە ڕۆژەکانی دوای ئاخوران و بخورانی کتوپڕی ٢٣ ی دیسامبەر، مفاوەزەکان بەردەوام بوون، بەڵام ئەستەم و دووورودرێژ و بێسوود بوون. وەفدی دەوڵەتە گەورەکان بەچەندین داخوازی و پڕۆژەوە هاتبوون کە لە ناو جانتاکەیان بوو. هەموو داوا و هەموو پێشنیازێک بەرەو ڕووی هەمان وەڵام دەبووەوە: حکوومەتی عوسمانی ئەو



چاکسازییانە جێبەجێ دەکات کە لە دەستوور دا هاتوون، لە دواجار دەبوایە مل بۆ ئەمری واقیع کەچ بکرێ و چاکتر وایە ددان بەشکستی کۆنفرەنسەکەدا بنرێ و جیا ببنەوە. ٢٠ی ژانڤیەی ١٨٧٧ مانگێک لە ناو سازش دا بەفیرۆ چوو.

ئەم بڵاوەپێکردنەی کۆنفرەنس بەبێ ئەوەی بەهیچ ئاکامێک بگات ئەنجامێکی تایبەتی لێوە پەیدا بوو. ڕاستییەکەی عەبدولحەمید چۆن مەدحەت پاشای بەبەرپرسی سەرنەکەوتنی مفاوەزاتەکان دەزانی، بڕیار دەدا لە دەستپێکی مانگی ڤیڤریە لە سەدارەتی عوزما لابدات و وەک چۆن دەستوور ڕێگە بەمە دەدا و دووریشی بخاتەوە بۆ تاراوگە. ڕاستییەکەی سەرنەکەوتنی کۆنفەرەنسی تاقە هۆ نەبوو بۆ ئەم لادانە کتوپڕەی مەدحەت پاشا. لە ماوەی مانگە یەکەمەکانی دەورانەکەیدا، سوڵتان زۆر سکاڵانامەی دیکەی لە دژی وەزیرەکەی لا کەڵەکە بووبووەوە. ئایا مەدحەت پاشا پێوەندی زۆر توندی بەعوسمانییە گەنجەکانەوە نەبوو؟ ئایا هۆی ئەوە نەبوو کە مەدحەت پاشا ئەو هێندە خۆشەویستی بۆ مەسیحییەکان هەبوو تا ئەو ڕادەیەی دەرگەی ئەکادیمیای عەسکەری بۆ کردنەوە.؟ ئایا دانیشتوان و هێشتا سەرباز و چاودێرە بێگانەکان مەیلی ئەوەیان نەبوو کە هەموو ئەوانەی لە ئیمپراتۆریا ڕوو دەدەن بۆ ئەو بگێڕنەوە؟

مەدحەت پایتەختی عوسمانی بەجێ هێشت بەبێ ئەوەی بەشداری لە یەکەم نمایشی واقیعی شۆڕشی دامەزراوەیی بکات کە ئەو باوکی بوو: کۆبوونەوەی پەرلەمان. لەگەڵ ئەوەشدا کارەکان زۆر بەخێرایی دەرۆیشتن. دوای ئەو هەڵبژاردنەی بەخێرایی ڕێکخران بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون بۆ دەوڵەتە گەورەکان بسەلمێنن کەوا ئیمپراتۆریا

بەڕاستی مەبەستیەتی ئەو دەستوورە بۆ خۆی پراکتیک بکات، ئەندام پەرلەمانەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەعیان لە هەرا و و زەنایەکی گەورەدا لە ١٩ ی ئاداری ١٨٧٧ەوە دەستیان بەکارەکانیان کرد.

هەر دەمودەست پرسێک بەشێوەیەکی بەرفراوان بەسەر گفتوگۆیەکاندا زاڵ بوو: مەترسی بەرەو ڕووبوونەوەی عەسکەری لەگەڵ ڕووسیا. ڕاستییەکەی جەنگێکی ڕووسی– تورکی تا دەهات شیمانەی زیاتر دەبوو، وێڕای ئەوی کە دواجار پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ سربیا، ١ ی ئاداری ١٨٧٧ مۆر کردبوو. تسار بەرەبەرە توانی دەوڵەتە گەورەکان ڕازی بکات بەوەی هەڵوێستێکی توند بەرەو ڕووی ئیمپراتۆریا بگرنە بەر و گەرەنتی ئەوەی وەرگرت لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ چاویان دەپۆشن و لە ١٥ی ژانڤیە لە بۆدابست لەگەڵ نەمسا لەسەر بنەوانی گفتوگۆکەیان لە رایخستات، ڕێککەوتننامەیەکی لەسەر دابەشدانی بالقان مۆر کرد. بەرەو کۆتاییی ئادار، ڕووسیا ژێنێرال ئەجناتیڤی ڕاسپارد گەشتێکی ڕوونکردنەوەیی بەرەو پایتەختەکانی ئەوروپا بکات. لە نیسان ڕۆمانیا ڕازی بوو لەسەر ئەوەی هێزەکانی ڕووسیا بەناو خاکەکەی تێپەڕ ببێ. بەبێ هیچ گومانێک، پەتەکە خەریک بوو تەسک دەبووەوە.

ڕووسیا لە نیسانی ١٨٧٧ جاری جەنگیدا. دۆزینەوەی بیانوو بۆ جەنگ سەخت نەبوو. پێش ئەوە بەچەند ڕۆژێک ڕەتی کردبووەوە کە ڕازی بێ لەسەر دوایین ڕێوشوێنی دەوڵەتە گەورەکان کە بەگوێرەی پرۆتۆکۆلێک کە لە ٣١ ی ئادار لە لەندەن مۆر کرابوو داوا دەکات کە ئیمپراتۆریا لە بەرامبەر هەمووو داواکانیان ملکەچ بکات. دەمودەست وەڵامی حکوومەتی عوسمانی زانرا، ئەلیکساندەری دووەم فەرمانی



بەهێزەکانی دا بچنە پێشەوە.

لە سەرەتادا ئەمە زیاتر بەجەنگێکی کتوپڕ دەچوو. پەلاماری ڕووسیا لەسەر دوو بەرە بوو بڵاوبوون، لە ڕۆژئاوا ئەرکەکەی بریتیبوو لە تێپەڕبوونی بالقان و گەیشتن بۆ ئەستەمبۆڵ و دەربەندەکان بەزووترین کات. لە ڕۆژهەڵات، تسار دەیویست دەست بەسەر ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتدا بگرێ. بەرەو نیوەی حوزەیران، بەڕاستی بەشێک لەم بەرنامەیە هاتە دی: لە ئەوروپا، سوپای ڕووسیا باکووری بولگارستانی گرت و بەرەو صوفیا و ئەدرنە ڕۆیشت، لە ئاسیا دەستی بەسەر ئەردەهان (١٨ ی ئایاری ١٨٧٧) و بایەزید (٢٠ ی حوزەیران) دا گرت. بەڵام عوسمانییەکان لەوە دوا نەکەوتن کە خۆیان بگرنەوە. جەنگ شەش مانگی دیکەش درێژەی کێشا.

لە بەرەی ڕۆژهەڵات، ئەحمەد موختار پاشا بەرگری ڕێک دەخست و حەماسەتی ڕووسی دەشکاند و جوامێرانە بەرگری لە قارس دەکرد.، لە بولگارستان، سولێمان پاشا لە شیبکا دوژمنی ڕاگرت و عوسمان پاشا لە بەرامبەر پلیڤنی ڕای گرتن. تا پایز، هێزەکانی تسار ئەو هێندە هێزی ئەوەیان نەبوو ئەم هەموو بەربەستە یەک لە دوا یەکە ببڕن، لە ١٤ی نۆڤەمبەر، موختار پاشا ناچار بوو بڕیار بدا واز لە قارس بهێنێ، لە ١٠ ی دیسامبەر، عوسمان پاشا دوای ئەوەی بەدرێژەی پێنج مانگ بەرگری لە هێرشەکانی ڕووس کرد، ناچار بوو پلیڤنی بەدەستەوە بدا لە ڕۆژی دواتر سولێمان پاشا دوایینیان بوو کە خۆی بەدەستەوە دا. سربیا و مۆنتینیگرۆ ئەم دەرفەتەیان قۆزتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە ناو شەڕەکە و بەرەیەکی نوێیان لە مەکدۆنیا و لەسەر سنووری ئەلبانیا کردەوە. بۆ سوپای ڕووسی ئەوەی مابووەوە

تەواوی بکەن تەنیا گەشتێک بوو. لە ٣ی ژانڤیە، سوپا گەیشتە سۆفیا، لە ١٦ گەیشتە پلوڤیدرۆڤ و لە ٢٠ گەیشتە ئەدرەنە. دە ڕۆژ دواتر وەحدە بەراییەکان گەیشتنە نزیک رۆدستوو، شارۆچکەیەک لە دووری تەنیا سەد کیلۆمەتر لە ئەستەمبۆڵ.

لە بەرامبەر بەرفراوانی کارەساتەکە، بابیعالی بڕیار دەدات لە ٣١ ی ژانڤیە لە ئەدرەنە ئاگربەس مۆر بکات. بەڵام جەنگ کۆتایی نەهات، ڕووسەکان ئیدی دەتوانن گەمارۆی پایتەختی عوسمانی بدەن ئەگەر داوایەکانیان جێبەجێ نەکەن. لە پایتەخت شلەژان بوو. دانیشتوان ترس دایان دەگرێ، حکوومەت وا پێ دەچوو شەل و گۆد بووبێ. پەرلەمان یاخی دەبێ.

ئەم هێرشەی پەرلەمانتارەکان کە لە بەردەوام زیاد دەبوو – نایبەکان ڕەخنە لە حکوومەت دەگرن، ئەتکی بێ توانایی ئەفسەرەکان دەکەن، گاڵتە بەشێوازی بەڕێوەچوونی ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکان دەکەن– هەر زوو تەنگژەیەک لە ناو تەنگژەیەکی دیکە دەکاتەوە. ڕاستییەکەی، سوڵتان لە ١٣ی ڤیڤریەی ١٨٧٨ لەگەڵ لێژنەی پەرلەمان کۆ دەبێتەوە بۆ ڕاوێژپێکردنیان لەسەر ئەو وەڵامەی کە دەبێ بیدەنەوە لە بەرامبەر پێشکێشکردنی بەریتانی بەوەی کەشتیگەل بیهێننە زەریای مەرمەرە بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی ئەستەمبۆڵ. سەرەتا گفتوگۆیەکان بەبێ کێشە بەرێوە چوون، بەڵام لە ناکاو یەکێک لە نایبەکان، ئەحمەد ناجی ئەفەندی، سەرۆکی دەستەی پیشەگەرانی دروستکردنی ناوپۆشکاریی وای دەبینی دەرفەتە کە قسە بکات: "دەبوو کۆبوونەوەی ئاوها بەئامادەبوونی مەولانا سوڵتان لە پێشدا بکرابووایە. چرکەساتی گونجار تێپەر بوو. ئێستا کارەکە بەو جێگەیە



گەیشتووە کە گەیشتوویەتێ، کەوابێ ڕاوێژکردنی ئێمە چ سوودێکی هەیە؟". ئەمە وایکرد عەبدولحەمید لە کەوڵی خۆی بچێتە دەرەوە: وەڵامی ئەم چەپەڵە بدەرەوە" بەسەرۆک وەزیرانەکەی، سەعید پاشای گوت: "بگرە لێژنە بیروڕایەکیان هەبێ." وەزیر بەووردوریژی لەبارەی هۆکارەکانی جەنگ و ئیدارەی ئۆپیراسیۆنەکان دوا. بەڵام قسەکارەکە هەرگیز ڕازی نەبوو و بۆ سبەینەکەی، دەزانن کەوا سوڵتان بەپشت بەستن بەو مافەی کە دەستوور پێدابوو، بریاری داوە پەرلەمان هەڵبوەشێنرێتەوە.

ئەمە کۆتایی قۆناغی مەشرووتەی یەکەم بوو. کەمتر لە ساڵێک ژیا. لە کاتێکدا کە هەڵبژێردراوەکان بەبێدەنگی بڵاوەیان لێ کرد، ئیمپراتۆریا بەبێ ئەوەی بزانێ، سێ دەیەی ساڵ نوقمی ناو ئۆتۆکراتی دەبێ.

بێ گومان ئەمە گۆڕانێکی بنچینەیی بوو لە پەرەسەندنی دەوڵەتی عوسمانی لە دەورانی تەنزیماتەوە. دەستوور هات بۆ ئەوەی تاج بکاتە سەر بینایەک کە نزیکەی چل ساڵی پێویست بوو بۆ دروستکردنی بۆ ئەوەی بەرد لە دوای بەرد بنیات بنرێ. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەم بنیاتە هەرگیز نارِوخێ. بەڵام لەوە بەدوا سیمایەکی سەیروسەمەرەی بینایەک دەبەخشێ کە لە بیر کرابێ بانەکەی بگیرێ. لەم ساتەدا هەڵبەت دەگمەن بوون ئەوانەی کە گرینگییەکی گەورەیان بەوە دا کە ڕووی دا. جەنگ لەگەڵ ڕووسیا بەپێویستی پێویستییەکان مایەوە.

ڕاستییەکەی ڕەوشەکە ئەو هێندە ترسناک بوو کە ئیمپراتۆریا عوسمانی جگە لە قبووڵکردنی مەرجەکانی تسار هیچ چارێکی دیکەی

نەبوو. ڕووس داوای سەربەخۆیی ڕۆمانیا و مۆنتینیگرۆ و سربیایان دەکرد. دەیانەویست هەروەها ئەمارەتێکی بولگاری سەربەخۆ دروست بکەن کە لە زەریای ڕەش بۆ زەریای ئیجە و چیایەکانی ئەلبانیا درێژ ببێتەوە. داوایان دەکرد چاکسازی لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا، هەروەها لە ئیپر و تیسالیسی بکرێ. لە ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئیمپراتۆریا چاوەڕوان بوون هەموو هەنگاوێکی پێویست بگردرێتە بەر بۆ چاککردنی ڕەوشی ئەرمەنییەکان و گەرەنتی لە بەرەو ڕووبوونەوەی کورد و چەرکەسەکان. دواجار لەبارەی قەرەبووکردنەوەی جەنگ، دوای بەشێکی گەورەی دوبرودجار، دوورگەکانی دانوب و لە ئەنادۆلی ڕۆژهەڵات داوای ویلایەتەکانی قارس، ئەردەهان، باتۆم و ئەردەهانیان دەکرد، هەروەک داوای بڕی ٤٠٠ ملیۆن رۆبلیان دەکرد. لەسەر ئەم بنەوانانە گفتوگۆی ئاشتی لە سان ستیفانۆ لە "پشیلکۆی" لە دەوروبەری ئەستەمبوڵ لە ٣ ی ئادار دەستی پێ کرد. عوسمانییەکان ئەو پرۆژەیەی پێشکێشیان کرابوو بێ ئەوەی بتوانن بچوکترین شتی لێ کەم بکەنەوە ئیمزایان کرد.

بەڵام ئەگەر سوڵتان ئەم مەرجانە قەبووڵ دەکات، ئەوروپا هەرگیز ئامادە نییە لێ بگەرێ ئەمە بڕوات. ڕاستە لە بەرامبەر جەنگ چاوی نوقاند. بەڵام لە ئێستەدا کە تسار بەتەنیا چارەنووسی ڕۆژهەڵات دیاری دەکات، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو مافانەی تێپەڕاندووە کە لە ڕێککەوتنامەکانی پێش جەنگدا دانیان پێدا نراوە، ئەوا ئەوروپا زۆر بەتوندی سوورە لەسەر ئەوەی ڕێگەی لێ بگرێ. دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەت ئەنگلستان و نەمسا ئەم ئەمری واقیعەی کە لە سان ستیفانۆ بووە قبووڵ ناکەن. هەتاوەکو بەر لە مۆرکردنی پەیماننامەکە،





بەریتانیای فەخیمە کەشتیگەلی خۆی ناردبوو تا لە پێش ئەستەمبۆڵ لەنگەر بگرن بۆ نیشاندانی هاوپشتی خۆی بۆ حکوومەتی عوسمانی. نەمسا هێشتا زۆر زیاتر هەرەشەکارتر بوو: داوای کرد دەستەوجێ تەعدیلێکی خێرای پەیماننامەکە بکرێ و بۆ نیشاندانی هەڵوێستی بەشێوەیەکی تەواو، سوپاکەی کۆ کردەوە و ڕای گەیاند ئامادەیە شەڕی ڕووسیا بکات. ڕاستییەکەی ئەوە هەر تەنیا گەورە بڕیاردەرەکانی یەککگرتووی ئەوروپی نەبوو کە ناڕازی بوون. بەلقانەکان ئەوانیش هەستیان بەناڕەزاییەکی قووڵ دەکرد، نە سربیا کە لە هەرزەگۆڤینیا و بۆسنیا، نە ڕۆمانیا کە ڕووسەکان بیساریای لێ زەوت کردبوو و نە یۆنان کە خەونیان بەبەرفراوانبوون دەبینی لە مەکدۆنیا یا تیسالیا، ئامادە نەبوون ڕێککەوتننامەکی سان ستیفانۆ قبووڵ بکەن.

لە بەرانبەر ئەم هەموو ناڕازایبوونە و بەتایبەت هەڕەشەی نەمسا بۆ جەنگ، ئەلیکساندەری دووەم دوا نەکەوت لەوەی پێشنیازی بسمارک بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی ئاشتی لە بەرلین قبووڵ بکات بەئامانجی دووبارە چاوپێداخشاندنەوە بەسەرجەم دۆسەیەکانی ڕۆژهەڵات. ئەمجارەیان کارەکان بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی کەمێک بەشێوەیەکی چاکتر بەڕێوە دەچوون. ڕاستییەکەی سوڵتان، بەر لە چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرە، بەدەستبلاوی نرخی پشتگیری کردنی ئینگلیزی دا بەوەی دوورگەی قوبرس «ڕێککەوتننامەی ئەستەمبۆڵ بەمێژووی ٤ ی حوزەیرانی ١٨٧٨» بۆ جێ هێشت.

کۆنگرەی بەرلین کە لە ١٣ ی تەمموز مۆر کرا، چەند بەندێکی

ڕێککەوتننامەی سان ستیفانۆی گرتەوە خۆی و هەندێکی جیکەشی هەمووار کرد. سەربەخۆیی ڕۆمانیا، سربیا و مۆنتینیگرۆ بەیەکجاری ددانی پێدا نرا. بەڵام بولگارستانی گەورە کە تسار چاوی تێ بڕیوو بۆ چەند پارچەیەک دابەش کرا: لە باکوور ئیمارەتێکی سەربەخۆی لێ پێک دێ کە پایتەختەکەی سۆفیایە.، لە باشوور، "ڕۆمیلیای ڕۆژهەڵات" دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی و عەسکەری ڕاستەوخۆی سوڵتان بەڵام سەربەخۆییەکی ئیداری دەبێ. دوبرجا دەبێتە هی ڕۆمانیا «لە بەرانبەردا بیسارابیا بۆ ڕووسیا جێ هێڵدرا». نیش و پیرۆ بوون بەهی سربیا. لە کاتێکدا مەکدۆنیا گەڕایەوە بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی. بولگارستانێکی گەورە، بەپێچەوانەی خواستەکانی میلان ئۆبرینۆفیش دروست نابێ: بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا بەناو عوسمانیی دەبن بەڵام نەمسا داگیری دەکات و بەڕێوەی دەبات. یۆنان ئەویش هاتبووە بەرلین و دانی خۆی تیژ کردبووەوە، دەبێ بۆ ماوەیەکی کاتی هەر بەوادەپێدان دەستبەردار ببێ. لە ئەنادۆلی ڕۆژهەڵات، ڕووسیا ئەردەهان، قارس و باتۆم گلدەداتەوە بەڵام داوای لێ دەکرێ ئەلاشگەرد و بایەزید بداتەوە ئیمپراتۆریای عوسمانی. هەروەک لە سان ستیفانۆ، گەرەنتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان بەتایبەت ئەرمەن باس کرابوو بەشێوەیەک کە زمانی مادەی ٦١ کە، ئەم مەسەلەیەی پێ چارەسەر کراوە، زمانێکی زۆر ئاڵۆزە بەشێوەیەک دەرگە بەڕووی زۆر لێکدانەوە دەکاتەوە. دواجار تەنازولێکی گرینگ لەوەدابوو کە بڕی قەرەبووکردنەوەی جەنگ کە دەبوو ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ ڕووسیای بیبژێرێ، کەم کرایەوە.

بەسەر یەکەوە ئەم ڕێککەوتننامە نوێیە بەبێ هیچ گومانێک



حەماسەتی پان سلاڤی ڕووسەکان و سێربەکانی شکاند. لە جیاتی یەکەی هەرێمی گەورە کە سان پێترسبۆرگ و بەلگراد خەونیان پێوە دەبینی، دیبلۆماسییەکانی دەوڵەتە گەورەکان یەک مۆزایکی ئەمارات و ناوچەی سەربەخۆیان دروست کرد کە دەشێ یەک لە دوای یەک بدرێن. بەقەدەر ئەوەی کە دابەشکردنی هەرێمیی کە کۆنگرە پێی لەسەر داگرت مونافەسەی دەنایەوە، بەڵام ئەوە دەوڵەتی عوسمانی بوو کە وێرای هەموو شتێک هەقی"حسابی" لە هەمووان زیاتر دەدات. لە بەرلین بەشی گەورەی خاکە بەلقانیەکەیی و دوورگەی قوبرس و "سێ ویلایەتەکەی" ئەنادۆلی ڕۆژهەڵات لە دەست دەدا. هەروەها سەرچاوەی دارایی گرینگ لەدەست دەدا. دواجار دانیشتوانێک لە دەست دەدا کە لە ناویان دا لە هەمووان پیشەسازیکارتر و لە هەموویان ئاوەدانتری ئیمپراتۆریا بوو. ئەوەی لە بەرانبەردا دەهێنێتەوە جگە لە وادەی پووچ: کە نوێکردنەوەیەکی تەموومژاوی مادەکانی پەیماننامەی پاریس بوو لە بارەی گەرەنتی دەوڵەتە گەورەکان بۆ یەکێتی خاکەکەی هیچی تر نەبوو.

***

بۆ ڕەعیەتەکانی عەبدولحەمیدی دووەم، ساڵی ١٨٧٨ نیشانەیەکی ڕەشە وەک زۆر ساڵی دیکە کە لەوەتەی ئیمپراتۆریای عوسمانی ساڵی ١٨٣٩ ڕێگەی تەنزیماتی گرتووەتە بەر. بەڵام ئایا ئەنجامی چل ساڵ لە چاکسازی هەر تەنیا تەنگژەی ناوەخۆیی و دەرەکی و لە دەستدانی هەرێمی و کۆیلەگەری ئابووری و ملکەچیی زیاتر بۆ سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەندە بەسە چاو بەیەکێک لەو ئەلبوومە فۆتۆگرافیانەدا بخشێنین کە گەڕۆکەکان

ئەوانەی بۆیان هەڵکەوتووە گەشتی هونەری و کولتووری بەناو ڕۆژهەڵاتدا بکەن لە دەستپێکی دەورانی عەبدولحەمید لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئیمپراتۆریادا گرتوویانە. تێمی "ڕەنگاوڕەنگ" شوێنکی گرینگ دەگرێ: ئەو پیرەمێردانەی کە جلێکی تەقلیدیان لەبەر کردووە، ژنانی پەردەپۆش بەدانتێلی تەنک، ئاهەنگی گوندیانە... بەڵام دەکرێ پیاوانێک ببینرێن کە جلوبەرگی ئەوروپاییان لەبەرە و چاوەڕوانی تراموا دەکەن. ئێستگەی شەمەندەفەر، بەندەری لەنگەر گرتنی کەشتی پاپۆری، ئەپارتومانی گشتیی بەشکۆ و تەواو ڕازاوە و بەتێری نەخشێنراو. نەخشێکی نوێی شارەستانی لە دروستکردن دابوو، ئۆردوو، کۆشک و سالۆن و شانۆ، قوتابخانە و بانک و ماڵی لە بەرد دروستکراو.. بێ گومان ئەمەش بەرهەمی تەنزیماتە بەڵام کارەکە هەر تەنیا بەوەندە ناوەستێ. لە چل ساڵی تەنگژە وەڵامی، چل ساڵ بەرهەڵدابوونی ئابووری، گەشەی کولتووری، سکۆلاریزاسیۆن و مۆدێرنیزەکردنی داموودەزگایەکان، پێشکەوتن لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەداتەوە. بەتەک پرسی ڕۆژهەڵات، وەڵامگەلێک هەیە کە ڕۆژهەڵات هەوڵ دەدا وەڵامیان بداتەوە.

-تەواو-




# پاشکۆ

## لیستی سوڵتانەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی

عوسمانی یەکەم، دەوروبەری ١٢٨٠– دەوروبەری ١٣٢٤
ئۆرخان، غازی، دەوروبەری ١٣٢٤– دەوروبەری ١٣٦٢
مورادی یەکەم، خواوەندگار، دەوروبەری ١٣٦٢– ١٣٨٩
بایەزیدی یەکەم، یلدرم ١٣٨٩– ١٤٠٢
محەمەدی یەکەم، چەلەبی ١٤١٣– ١٤٢١
مورادی دووەم، خۆجا ١٤٢١–١٤٤٤ ، ١٤٤٦– ١٤٥١
محەمەدی دووەم، فاتیح ١٤٤٤–١٤٤٦، ١٤٥١–١٤٨١
بایەزیدی دووەم، وەلی ١٤٨١–١٥١٢
سەلیمی یەکەم، یاوز ١٥١٢–١٥٢٠
سلێمانی یەکەم، قانوونی (سولێمانی نایاب)١٥٢٠–١٥٦٦
سەلیمی دووەم، سەرخۆش ١٥٦٦–١٥٧٤
مورادی سێیەم ١٥٧٤–١٥٩٥
محەمەدی سێیەم، عەدلی ١٥٩٥–١٦٠٣
ئەحمەدی یەکەم، بەختی ١٦٠٣–١٦١٧
مستەفای یەکەم، دەلی ١٦١٧–١٦١٨، ١٦٢٢–١٦٢٣
عوسمانی دووەم، گەنج ١٦١٨–١٦٢٢
مورادی چوارەم، غازی ١٦٢٣–١٦٤٠
ئیبراهیمی یەکەم، دەلی ١٦٤٠–١٦٤٨
محەمەدی چوارەم، اوجی ١٦٤٨–١٦٨٧
سلێمانی دووەم ١٦٨٧–١٦٩١

ئەحمەدی دووەم ١٦٩١–١٦٩٥
موستەفای دووەم، غازی ١٦٩٥–١٧٠٣
ئەحمەدی سێیەم ١٧٠٣–١٧٣٠
مەحموودی یەکەم، قەمبوور ١٧٣٠–١٧٥٤
عوسمانی سێیەم ١٧٥٤–١٧٥٧
موستەفای سێیەم ١٧٥٤–١٧٧٤
عەبدولحەمیدی یەکەم ١٧٧٤–١٧٨٩
سەلیمی سێیەم، جیهاندار ١٧٨٩–١٨٠٧
موستەفای چوارەم ١٨٠٧–١٨٠٨
مەحموودی دووەم، عەدلی ١٨٠٨–١٨٣٩
عەبدولەجیدی یەکەم، غازی ١٨٣٩–١٨٦١
عەبدولعەزیز ١٨٦١–١٨٧٦
محەمەد مورادی پێنجەم ١٨٧٦
عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦–١٩٠٩
محەمەدی شەشەم، وەحیددین ١٩١٨–١٩٢٢
عەبدولەجیدی دووەم (تەنیا خەلیفە) ١٩٢١–١٩٢٤






پارچەپارچەبوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی
(کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم)

## سەرچاوەکان


ANCEL (J.), Manuel historique de la Question d'Orient, Paris, 1923.

BACQUÉ-GRAMMONT(J.-L)-et DUMONT (P.),

Economie et sociétés dans l'Empire ottoman (fin du XVIIIe - début du xxe siècle) Paris, 1983.

BATU (H.) et BACQUÉ-GRAMMONT (J.-L), L'Empire ottoman, la République de Turquie et la France, Istanbul, 1986.

BERKES (N.), The Development of Secularism in Turkey, Montréal, 1964.

BRAUDE (B.) et LEWIS (R) , Christians and Jews in the Ottoman Empire, 2 vol, New York, 1982.

ÇELIK (Z.), The Remaking of Istanbul; Portrait of an Ottoman City in the Nineteenth Century, Seattle et Londres, 1982.

DAVISON (R.F.), Reform in the Ottoman Empire, 1856-1876, New York, 1973. FINDLEY (C.V.) Bureaucratie Reform in the Ottoman Empire The Sublime Porte, 1789-1922, Princeton, 1980.

ISSAWI (C.), The Economie History of the Middle East, 1800-1914, Chicago, 1966

ISSAWI (C.), The Economie History of Turkey, 1800-1914, Chicago, 1980.

KARAL(E.z.) Osmanlï Tarihi, Nizam-i Cedit ve Tanzimat Devirleri, 1789-1856 (Histoire ottomane Les époques de l'ordre nouveau et des Tanzîmât,17891856), 3e éd., Ankara, 1970.

KARAL (E.z.), Osmanlï Tarihi, Islahat Fermanï Devri, 1856-1861 (Histoire ottomane L'époque de la charte de réforme, 1856-1861), An-





kara, 1954.KARAL (E.z.), Osmanlï Tarihi, Islahat Fermanï Devri, 1861-1876 (Histoire ottomane. L'époque de la charte de rforme, 1861-1876), Ankara, 1956.

KARAL (E.z.), Osmanlï Tarihi. Birinci Mesrutiyet ve Istibdat Devirleri, 1876-1907 (Histoire ottomane. Les époques de la première Constitution et de l'autocratie, 1876-1907), Ankara, 1962.

KARPAT (K.H.), Ottoman Population, 1830-1914, Demographic and Social Characteristics, Madson, 1985.

LEWIS (R), The Emergence of Modern Turkey, 2e éd, Oxford, 1968, trad franç., Islam et laïcite . La Naissance de la Turquie moderne, Paris, 1988.

MARDIN (S.), The Genesis of Young Ottoman Thought, Princeton, 1962

SHAW (S.J) et SHAW (E.K.), Histary of the Ottoman Empire and Modern Turkey vol. II, The Rise of Modern Turkey, Cambridge, 1977

Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Türkiye Ansiklopedisi (Encyclopédie de la Turquie des Tanzîmât à la République), 6 vol., Istanbul, 1984-1985.

# ئیندێکسی ناو و شوێن

## ئیندێکسی ناو


ئا

ئەحمەد جەودەت پاشا: ٤٩، ٧٤

ئەحمەد پاشا فەوزی: ١٠٢

ئەلکساندر ئیزمیریدێ: ٣٥

ئیبراهیم ئەدهەم: ٣٦

ئیمپراتۆریای عوسمانی: ٥، ١٦، ٢٦، ٣٠، ٣٧، ٦١، ٧٠، ٨٦، ١١٠

ئیبراهیم شینازی: ٢٥–٢٨، ٣٣

ئەحمەد مونیف پاشا: ٨١

ئۆلیبش: ٨٨

ئیدمۆند دو پێرتیوس: ٩٢

ئیبراهیم پاشا: ١٠٣، ١٠٦

ئەحمەد موختار پاشا: ١٢٩، ١٤٢

ب

بەشیری سێیەم: ١٠٧

پ

پۆل دۆمۆن:٣، ٧

پیەر لۆتی: ١٢

ج

جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققیی: ٦

جەمیل بەگ: ٣٦

جەودەت پاشا: ٥٢

ح

حەسەن فەهمی ئەفەندی: ١٣١

حوسێن عەونی پاشا: ١٣١، ١٣٢، ١٣٣

خ

خەسرەو پاشا: ١٠٣

د

دانیێل دیفۆ: ٢٥

دزرایلی: ١٣٧

ر

ڕەئووف بەگ: ٣٦

ڕۆبینسۆن کرۆزۆ: ٢٥

ڕۆسۆ: ٣٧





ز

زیاو پاشا: ٢٥–٢٨، ٣١–٣٣

ژ

ژان ڤیرتۆس: ٣٥

ژێرار دو نێرڤال: ٨١

س

سەردەمی تەنزیمات: ١، ٣، ٦، ٧، ١٠، ١٢، ١٣، ١٦، ٢٣، ٢٤، ٢٧–٢٨، ٣٣–٣٥، ٤٠، ٤١، ٤٥، ٥٩، ٨١، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٩٦–٩٧

سوڵتان عەبولحەمیدی یەکەم: ١١–١٤، ٢٠، ٢٤، ٣٤

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم: ٦، ١١–١٢، ١٥، ٢٢، ٣٢، ٣٣، ٣٩، ٤١، ٥١، ٥٥، ٥٨، ٨١، ١٤٤، ١٤٨، ١٤٩

سوڵتان عەبدولعەزیز: ١١، ١٤، ٢٢، ٢٧، ٣٧، ٤٢، ٦٢، ٦٨، ٦٩، ٨٦، ٩٢، ١٢٨، ١٣٣

سوڵتان مەحموودی دووەم: ١١، ١٤، ١٦، ٢٠، ٣٧، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٥٤، ٥٦، ٦٠

سوڵتان مورادی پێنجەم: ١١، ١٥، ١٣٣، ١٣٤

سوڵتان سەلیمی سێیەم: ١١

سوڵتان بایەزیدی دووەم: ١٧

سوڵتان عەبدولمەجید: ٥٩، ٨٦

ستراتفۆرد ڕەدکلیف: ١١٤

سەفوەت پاشا: ١٣٧

سەعید پاشا: ١٤٤

ش

شیللەر: ٢٤

ع

عەلی پاشا (سەدری ئەعزەم): ١٩–٢٢، ٣٢، ٤٩، ٥٦

عەبدولرەحمان حیلمی ئەفەندی: ٣٦

عیززەت پاشا: ٣٦

عەلی سواوی: ٣١، ٣٢

عومەر لوتفی پاشا: ١٢٤

عومەر پاشا: ١٢٦

عوسمان پاشا: ١٣٦، ١٤٢

ف

فێنیلۆن: ٢٥–٢٦

ق

قرم (جەنگی): ٢٠، ٥٤، ٦٣، ٧٥، ٨٩، ٩٠، ٩٥، ١١١

ڤ

ڤیکتۆر هۆگۆ: ٢٤– ٢٦

ڤیکتۆر درویی: ٥٤

ڤۆلتێر: ٢٦، ٣٧

ک

کاربۆناری (کۆمەڵە): ٣١

ل

لویی ناپۆلیۆن بۆناپارت: ١١٢

لویی ئیمیابل: ٣٥

م

مۆلێر: ٢٤

مونیف پاشا: ٢٥–٢٦

موستەفا فازیل: ٣١، ٣٦

موستەفا ڕەشید پاشا: ١٧–١٩، ٢١، ٢٢، ٦٤، ٦٦، ٨٣، ١٠٣، ١٠٧

محەمەد ئەمین پاشا: ١٨–١٩

محەمەد فوئاد پاشا: ١٨، ٢٠، ٢٢، ٦٦

مەدحەت پاشا: ٢١–٢٢، ١٣٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٠

محەمەد ڕەمزی ئەفەندی: ٣٦

محەمەد عەلی پاشا ( خدێوی میسر): ٥٩، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦

میگیردیتش خریمیان: ٩٧

ن

نێرسیس دادیان: ٣٥

نامیق کەماڵ: ٢٧–٣٠، ٣٢–٣٣

ناپۆلیۆنی سێیەم: ٣٠، ١١٣، ١٢٦

نیکۆلای یەکەم (تسار): ١٠٢، ١١٣، ١١٥

نەدیم پاشا: ١٣٠

هـ

هامیلتۆن سیمۆری: ١٠٢

هیلمۆت ڤۆن مۆلتکە: ٨٣

هونکار ئەکەلەسی: ١٠٤



## ئیندێکسی شوێن

ئا

ئایدن: ٩١، ٩٢

ئالاشەهیر: ٩١

ئەستەمووڵ: ٣٥، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٧، ٦٥، ٦٧، ٧١، ٧٦، ٧٧، ٧٠، ٨٠–٨٤، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٤، ١١٤، ١١٥، ١٢٤، ١٢٩، ١٣١، ١٣٥، ١٣٧، ١٣٩، ١٤٣، ١٤٦

ئەنادۆڵ: ٦١، ٧٢، ٧٣، ٩٣

ئەدنە:٧٢–٧٣

ئەنگلستان: ٧٧، ٨٥، ٨٩، ٩٣، ١٠٣، ١٠٤، ١١٥، ١١٦، ١١٩

ئەزمیر: ٧٩، ٨٤، ٨٩، ٩١، ٩٢، ١٤٥

ئەسپانیا: ٨٥

ئەرزەنجان: ٨٨

ئیجە (زەریای): ٩٢

ئەسکەندەرییە: ١٠٥

ئەنکیرمان: ١١٧

ئەدرەنە: ١٤٣

ب

بولگاریا: ٢١، ١١٤، ١٢٨، ١٣٤

بەرلین: ٣٨، ٤٣، ١٢٨، ١٤٨

بەغداد: ٦١

بەیرووت: ٧١–٧٢، ٩٢، ١٠٥، ١٠٨

بۆرسا: ٨١، ٨٩، ٩٠

بایۆغلو: ٨٤

بەلجیکا: ٨٥

بۆخارست: ١٠٩

بێت لەحم (کلێسەی): ١١١

بەلگراد: ١٢٤، ١٤٧

بۆسنیا: ١٢٤، ١٢٩، ١٣٠، ١٣٥، ١٣٩، ١٤٥، ١٤٦

پ

پاریس: ١٤، ١٥، ١٧، ٣٨، ٤٣، ٥٨، ٨٢، ٩٣، ١٠٩، ١١٧، ١١٩، ١٢١

پێریا: ٨٢

پروسیا: ٨٥

پیرۆ: ١٤٧

ت

تورکیا: ٥–٦، ٢٦، ٣٠، ٣٧، ٥٩، ٧٧، ١١١، ١٣٠

تونس: ٩٣

ترانسیلڤانی:١١٠

ح
جیجاز: ٦١
خ
خارپووت: ٨٨
د
دانووب: ٢١، ١١٦، ١٢٠، ١٢١
دولەباخچە: ٦٩
دانیمارک: ٨٥
دیاربەکر: ٨٨
دیمەشق: ٩٢، ١٠٨
ر
ڕۆما: ٤٣
ڕۆمانیا: ١٠١، ١٠٥، ١٠٩، ١٢٣، ١٤١، ١٤٥، ١٤٧
ڕۆمیلیا: ٦١
ڕووسیا: ٧٢، ٧٦، ٩٤، ١٠٤، ١٠٩، ١١١، ١١٢، ١١٩، ١٢١، ١٢٢، ١٢٦، ١٣٠، ١٣١، ١٣٦، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٦، ١٤٧
ز
زەریای ڕەش: ٩٣
س
سان پێترسبوورگ: ٤٣، ١١٣، ١٤٨
سمیرنا: ٧١، ٩٢
سالۆنیک: ٧٢، ٧٩، ٨٤
سامسۆن: ٧٢
سوید: ٨٥
ساردینیا: ٨٥
سووریا: ١٠٣، ١٠٤
سیباستۆپۆل: ١١٦، ١١٧
سربیا: ١٢١، ١٢٣، ١٢٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٢، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧
ش
شیو: ٣٦
غ
غەلەتە: ٨٢
ف
فەرەنسا: ٢٦، ٣٠، ٢١، ٧٧، ٨٩، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٨، ١٠٩، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١١٦، ١١٩، ١٢٢، ١٣٧
فەلەستین: ٩٣
ق
قودس: ٣٦



قەوقاز: ٧٥
قۆچ زێرین: ٨٤
قرم: ٧٥، ١١٦
قەسەبە: ٩١
قارس: ١٤٥، ١٤٧
قوبرس: ١٤٦
ڤ
ڤیەننا: ١٤، ٤٣، ١٠٩
ڤالاشیا: ١٠٩، ١١٠، ١٢٢
ک
کرێت: ١٠٢، ١٠٥، ١١٤، ١٢٦، ١٢٧
کونتاهیە: ١٠٣
کیلیکیا: ١٠٣
ل
لوبنان: ١٢، ١٠٢، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩
لەندەن: ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢٨، ٤٣، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١١٥، ١٤١
لیبیا: ٩٣
م
مۆلداڤیا: ١٠١٩، ١٢٢
میسر: ١٢، ٩٣، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٨، ١١٤
میرسین: ٧٣
مەرمەرە (زەریا): ٨٤، ١٤٣
مەلەکۆف: ١١٧
مۆنتینیگرۆ: ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٥، ١٤٧
ن
نیش: ٢١، ١٤٧
نەمسا: ١٢٢، ١٢٦، ١٢٩، ١٣٥، ١٣٧، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧
هـ
هۆلەندا: ٨٥
هیریک: ٨٩
هەرزەگۆڤینیا: ١٢٤، ١٢٥، ١٢٨، ١٣٤، ١٣٥، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧
و
واشنتۆن: ٤٣
ی
یۆنان: ١٠٦



سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەم
23 avril 1823 - 25 juin 1861



کۆشکی دولەباخچە – ئەستانبووڵ





سوڵتان عەبدولعەزیز
8 fêvrier 1830 - 4 juin 1876



سوڵتان عبدولحەمیدی دووەم دەوروبەری ١٨٩٠
21 septembre 1842 - 10 fêvrier 1918



سوڵتان محەمەدی پێنجەم
2 novembre 1844 - 3 juillet 1918




سوڵتان مەحموودی دووەم
20 juillet 1784 - 1er juillet 1839





سوپای ئینکیشاری



کۆشکی تۆپ قاپی ١٥٨٤




سەلیمی سێیەم
24 décembre 1761 - 28 juillet 1808



پارکی گوڵخانە –
ئەستانبوول





دروشمی ئیمپراتۆریای عوسمانی